منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

# عەقیدەی ئیسلامی

## گوڵبژێرێك لە فەتواكانی زانای پایەبەرز

(محمد بن صالح العثيمين)

وەرگێڕانی
عبدالمجید عبدالحمید

دەزگای چاپ و پەخشی
نارین

بسم الله الرحمن الرحيم

# عەقیدەی ئیسلامی

گولبژێرێك له فەتواكانی زانای پایەبەرز

(محمد بن صالح العثیمین)

ناوی کتێب: عەقیدەی ئیسلامی.
وەرگێڕانی: عبدالمجید عبدالحمید.
نۆرەو ساڵی چاپ: یەکەم، ساڵی ٢٠٢٣.
ژمارەی سپاردن: (٩٨٣)ی ساڵی (٢٠٢٣) ی پێدراوە.

# عەقیدەی ئیسلامی

گولّبژێرێك لە فەتواكانی زانای پایەبەرز

(محمد بن صالح العثيمين)

وەرگێڕانی

عبدالمجيد عبدالحميد

# بسم الله الرحمن الرحيم

## کورتەیەک لە ژیاننامەی شەیخ (محمد بن صالح العثيمين):

ناوی ئەم بەڕێزە: (أبو عبدالله محمد بن صالح بن محمد بن عثيمين المقبل الوهيبي التميمي)ـە، لە شاری (عنیزە) لە دایك بووە کە یەکێکە لە شارەکانی (قصیم) لە بەرواری بیستو حەوتی مانگی رەمەزانی ساڵی ١٣٤٧ هـ ، لە خێزانێکی ناسراو بە دینداریو سەقامگیری، لەسەر دەستی باپیری لە لایەن دایکییەوە (عبدالرحمن بن سليمان آل دامغ) (رەحمەتی خوای لێ بێت) قورئانی خوێندووەو لەبەری کردووە، ئەمجار رووی کردووەتە عیلم و فێری عیلم و هەندی لە زانستەکانی تر بووە وەك حیساب و ئاداب و خۆشنووسین.

یەکەم مامۆستای کە زۆر پێی کاریگەر بووە زانای پایەبەرز شەیخ (عبدالرحمن بن ناصر السعدی) بووە (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە پاش مردنی ئەو (ابن العثيمين) لە جیگاکەی وانە دەڵێتەوە.

شەیخ دەربارەی مامۆستاکەی شەیخ (السعدی) (رەحمەتی خوا لە هەردوکیان بێت) دەڵێت: (من زۆر پێی کاریگەر بووم لە شێوازی دەرس وتنەوە و پێشکەش کردنو دەرخستنی عیلم و نزیك کردنەوەی بۆ لای قوتابیان بە نمونە و ماناوە، هەروەها لە رووی ئەخلاقەوە زۆر پێی کاریگەر بووم، چونکە شەیخ عبدالرحمن (رەحمەتی خوای لێ بێت) خاوەنی ئەخلاقو رەوشتێکی جوان و مەزن بوو، لە گەڵ ئەوەشدا خاوەنی عیلمێکی زۆر و خواپەرستی بوو، لە گەڵ بچووکەکاندا گاڵتەی دەکردو ڕێزی لە گەورەکان دەگرت، لە هەموو ئەوانەی من بینیویانمە ئەخلاقی جوانتر بوو).

لە سەر دەستی شەیخ (عبدالعزیز بن باز) خوێندوویەتی و بە شەیخی دووەمی دادەنرێت، سەرەتا (صحیح البخاري) لا دەخوێنێ،هەندێ لە نامەکانی شەیخ الاسلام ابن تیمیە و هەندێ کتێبی فیقهی تر.

شەیخ دەڵێت: کاریگەر بووم بە شەیخ عبدالعزیز بن باز (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە رووی بایەخدان بە فەرموودەکانەوە، هەروەها لە رووی ئەخلاق و سانابوونی لە گەڵ خەڵکیدا پێی کاریگەر بووم).

لە ساڵی ١٣٧١ هـ لە مزگەوتدا بۆ وانە وتنەوە دانیشت، کاتێ پەیمانگا زانستییەکان کرانەوە لە (ریاض) پەیوەندی پێوە کرد لە ساڵی ١٣٧٢ هـ.

پاشان دەگوازرێتەوە بۆ هەردوو کۆلێژی (شەریعە) و (اصول الدین) لە زانکۆی (الامام محمد بن سعود الاسلامیة) لە (قصیم).

لە لایەن موفتی ئەو کاتەی وڵاتی سعودیەوە (شەیخ محمد بن ابراهیم آل الشیخ) فەرمانی بۆ دەرکرا کەوا بکرێتە قازی بەڵکو کرا بە سەرۆکی دادگای شەرعی لە (احساء) بۆیە ئەویش داوای کرد کە لەو پۆستە عەفوی بکەن و وازی لێ بهێنن ئەوانیش وازیان لێ هێنا.

**مامۆستاکانی:**

لە کۆمەڵێك لە زانایانی ئەو سەردەمە سوودی وەرگرتووە لەوانە:

١/ شەیخ عبدالرحمن بن ناصر السعدی کە لە ساڵی ١٣٧٦هـ کۆچی دوایی کردووە خاوەنی تەفسیری (تیسیر الکریم الرحمن فی تفسیر کلام المنان)ـە.

٢/ شەیخ محمد الامین بن محمد بن المختار الجنکي الشنقیطي کە لە ساڵی ١٣٩٣هـ کۆچی دوایی کردووە خاوەنی تەفسیری (أضواء البیان في ایضاح القرآن بالقرآن)ـە.

٣/ شەیخ عبدالعزیز بن عبدالله بن باز موفتی ولاتی سعودیە و سەرۆکی دەستەی گەورە زانایان.

٤/ شەیخ علی بن حمد الصالحی.

٥/ شەیخ محمد بن عبدالعزیز المطوع (رەحمەتی خوای لێ بێت).

٦/ شەیخ عبدالرحمن بن علی بن عودن (رەحمەتی خوای لێ بێت).

٧/ شەیخ عبدالرحمن بن سلیمان آل دامغ (رەحمەتی خوای لێ بێت) کە باپیری دەکات.

**قوتابییەکانی:**

ناتوانرێت ناوی هەموو قوتابییەکانی دەست نیشان بکرێت، چونکە لە مەجلیسەکانیدا قوتابییەکی زۆر ئامادە دەبوون بە تایبەتی لە سالانی دواییدا کە لە هەندی لە دەرسەکاندا دەگەیشتە پێنج سەد قوتابی.

**بەرهەمەکانی:**

شەیخ (رەحمەتی خوای لێ بێت) چەندین کتێبی هەیە لە هەموو بوارەکانی زانستدا هەر لە عەقیدە و فیقە و فەرموودە و ئەخلاق و...هتد چ بە نووسین یان بە بیستن، کە دەگاتە (٤٠) کتێب و نامە، لەوانە:

١. فتح رب البرية بتلخيص الحموية.
٢. مجالس شهر رمضان.
٣. المنهج لمريد العمرة والحج.
٤. تسهيل الفرائض.
٥. شرح لمعة الاعتقاد.
٦. شرح العقيدة الواسطية.

٧. أصول التفسير.

٨. شرح رياض الصالحين.

٩. الشرح الممتع.

١٠. القول المفيد شرح كتاب التوحيد.

١١. شرح ثلاثة الأصول.

١٢. شرح نزهة النظر.

١٣. شرح منظومة اصول الفقه.

١٤. شرح المنظومة البيقونية.

١٥. الابداع في كمال الشرع وخطر الابتداع.

١٦. حكم تارك الصلاة.

١٧. مصطلح الحديث.

١٨. الأصول من علم الأصول.

١٩. رسالة في الوضوء والغسل والصلاة.

٢٠. الأضحية والزكاة.

٢١. عقيدة أهل السنة والجماعة.

٢٢. القواعد المثلى.

٢٣. رسالة في الحجاب.

٢٤. رسالة في الصلاة والطهار لأهل الأعذار.

٢٥. مواقيت الصلاة.

٢٦. أقسام المداينة.

٢٧. وجوب الزكاة الحلي

٢٨. حقوق دعت اليه الفطرة وقررتها الشريعة.

٢٩. الخلاف بين العلماء اسبابه وموقفنا منه.

٣٠. رسالة في الدماء الطبيعة للنساء.

٣١. نيل الأرب من قواعد ابن رجب.

٣٢. إزالة الستار عن الجواب المختار لهداية المختار.

٣٣. فقه العبادات.

٣٤. سجود السهو في الصلاة.

٣٥. تفسير آية الكرسي.

٣٦. الضياء اللامع من الخطب الجوامع.

شەیخ (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە رۆژی چوار شەممە پازدەی مانگی (شەوال) ی ساڵی ١٤٢١ هـ کۆچی دوایی کرد لە نەخۆشخانەی (ملك فيصل التخصصي) لە جدە لە پاش تووش بوونی بە نەخۆشی شێرپەنجەی قۆڵون کە ماوەیەکی زۆر بوو تووشی بووبوو، هێندە کاریگەری لەسەر بووەو لاوازی کرد تا کێشی گەیشتە تەنها (٣٨) کیلۆ.

داوا لە خوای گەورە دەکەین لە تاوانەکانی ئێمە ئەویش خۆش بێت و بە بەهەشتی بەرین شادمان بکات.

# دەربارەی جیاوازی ئوممەتی پێغەمبەر(ﷺ) لەپاش خۆی

شەیخ (محمد بن صالح العثیمین) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕیوایەتێکدا کە بە صەحیحی هاتووە هەواڵی پێداوین کەوا جولەکەکان بوونەتە حەفتاو یەک کۆمەڵەوەو گاورەکان بوونەتە حەفتاو دوو کۆمەڵەوەو ئەم ئوممەتە دەبێتە حەفتاو سێ کۆمەڵەوە، ئەم کۆمەڵانە هەمووی لە ئاگردان تەنها یەکێکیان نەبێت، ئەویش ئەو کۆمەڵەیە لەسەر ئەو بەرنامەو ڕێگەیەن پێغەمبەری خواو (ﷺ) هاوەڵانی لەسەری بوون[1]، جا ئەم کۆمەڵەیەش کۆمەڵەی ڕزگاربوون، لە دونیادا لە بیدعە ڕزگاریان بووەو لە قیامەتیشدا لە ئاگر ڕزگاریان دەبێت، هەر ئەم کۆمەڵەش کۆمەڵەی سەرکەوتون تاکو قیامەت، کە بەردەوام ئاشکران و هەستاون بەکارو فەرمانی ئەم دینە.

جا ئەم حەفتاو سێ کۆمەڵەیە تەنها یەکێکیان لەسەر حەقو ڕاستینو ئەوانی تر لەسەر ناڕەواو پووچن، هەندێ کەس ویستیان بیانزمێرن و ئەهلی بیدعەیان کردووەتە پێنج بەشەوەو بۆ هەر بەشێک چەند لقێکیان دیاری کردووە، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ژمارەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیاری کردووە، هەندێ کەس وا بە باش دەزانن واز لەو ژماردنانە بهێنرێت چونکە ئەو کۆمەڵانە تەنها گومڕا نەبوون بەڵکو چەندین کەسانی تر گومڕا بوون زیاتر لەوانەی پێشتر، لە پاش ئەوەی دیاریان کردبوو بەو حەفتاو دوو کۆمەڵە ئەوان پەیدا بوون، وتیان: ئەم ژمارەیە کۆتایی پێنایەتو نازانرێت کە ئەو کۆمەڵانە کۆتاییان پێهاتوە ئیللا لە کۆتا زەماندا نەبێت

---

[1] / مانای فەرموودەکە (صحیح)ـە: ابو داود و الترمذي و ابن ماجة و احمد ڕیوایەتیان کردووە و شەیخ البانی بە (صحیح)ي زانیوە تەماشای الصحیحە بکە (٢٠٤).

لە کاتی هەستانی قیامەت، باشتر وایە ئێمەش بە گشتگیری باسی بکەین چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە گشتی باسی کردووەو دەڵێین: ئەم ئوممەتە دابەش دەبنە حەفتاو سێ کۆمەڵەوەو هەمووی لە ئاگردایە تەنها یەکێکیان نەبێت، ئەمجار دەڵێین: هەر کەسێك لەسەر ڕێگەیەك ببێت جیاواز لەوەی پێغەمبەر(ﷺ)و هاوەڵانی لەسەری بوون ئەوا یەکێکە لەو کۆمەڵانە، ڕەنگە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاماژەی بەو بنەمایانە کردبێت ئێمە ئێستا نازانین کە تەنها چەند دانەیەك نەبێت دەگاتە نزیکەی (١٠) دانە، ڕەنگە ئاماژەی بۆ چەند بنەمایەك کردبێت چەند لقێکی لە خۆ گردبێت هەروەکو هەندێ لە زانایان بۆی دەچن، جا تەنها خوا خۆی دەزانێت.

# دیارترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵەی ڕزگاربوو

دیارترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵەی ڕزگاربوو ئەوەیە: دەست گرتن بەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەسەری بووە لە بیروباوەڕو پەرستن و ڕەوشت و مامەڵەدا، ئەم چوار ئاکارە دەبینین لە کۆمەڵەی ڕزگار بوودا بەڕوونی دیارە:

- جا لەڕووی **بیروباوەڕەوە** دەیانبینی دەستیان گرتوە بەوەی لە قورئان وسوننەتەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتوون و دەلالەتی لەسەر دەکەن، لە یەکتاپەرستییەکی دڵسۆزانەو بەتاکدانانی خوا لە خوایەتی و پەروەردگاریێتی و ناو و صیفەتەکانی.

- لە **پەرستندا** دەبینی ئەم کومەڵەیە بە دەستگرتنێکی تەواو دیارن و جێبەجێکردنی ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەری بوە لەپەرستندا لە جۆرەکانی و صیفەتەکانی و ئەندازەکانی و کاتەکانی وشوێنەکانی و هۆکارەکانی، هەرگیز نایانبینی بیدعەو داهێنان لە دینی خوادا بکەن، بەڵکو ئەوان لەو پەڕی ئەدەبدان لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ)، هەرگیز هیچ شتێك پێش ناخەن لە بەردەستی خواو پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) لەپەرستندا کە خوای گەورە ئیزنی لەسەر نەدابێ.

- لە **ئەخلاق و ڕەوشتدا** دەیانبینی لە گەڵ خەڵکی تردا جیاوازن بە ڕەوشت جوانی، وەك خۆشویستنی خەیرو چاکەی موسڵمانان و سنگ فراوانی و ڕووگەشی و خۆشنواندن لەگەڵ خەڵکیداو سەخاوەتی و زیرەکی و بوێری، جگە لە چەند ڕەوشتێکی بەرزو چاکی تر.

- لە **مامەڵەدا** دەیانبینی لەگەڵ خەڵکیدا هەڵسوکەوت دەکەن بەڕاستگۆیی و ڕوونکردنەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژەی پێکردووە لەو فەرموودەیەداو

دەفەرموێت: (الْبَيِّعَانِ بِالْخِيَارِ مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا فَإِنْ صَدَقَا وَبَيَّنَا بُورِكَ لَهُمَا فِي بَيْعِهِمَا، وَإِنْ كَذَبَا وكَتَمَا مُحِقَتْ بَرَكَةُ بَيْعِهِمَا)[١] واتە: کڕینو فرۆشتنن بە ویستی هەردوولایە تاوەکو جیانەبونەوە، جا ئەگەر ڕاستیان کردوو ڕوونیان کردەوە ئەوا بەرەکەت دەڕژێتە ناو ئەو کڕین و فرۆشتنەوە، بەڵام ئەگەر درۆیان کردو شتیان لەیەك شاردەوە ئەوا بەرەکەت لەکڕین و فرۆشتنەکەیاندا نامێنێ).

[١] / صحيح / أخرجه البخاري و مسلم وأبو داود والترمذي والنسائي.

# ئایە کەمبوونی ئەو تایبەتمەندییانە مرۆڤ لە کۆمەڵە ڕزگاربووەکە دەر دەکات؟

کەمبونەوەی ئەم ئاکارانە مرۆڤ لە کۆمەڵەی ڕزگاربوو دەرناکات بەڵام بۆ هەر یەکە پلەو پایەی خۆی هەیە بە پێی ئەو کارەی ئەنجامی داوە، کەمبونەوە لە ڕووی یەکتاپەرستییەوە ڕەنگە خاوەنەکەی لەکۆمەڵەی ڕزگاربوو دەرکات، بۆ نمونە تێکچوونی دڵسۆزیو نیازپاکی (الاخلاص)، هەروەها لە بیدعەدا، ڕەنگە چەند بیدعەیەک بهێنێ خاوەنەکەی لە کۆمەڵەی ڕزگاربوو دەرکات، بەڵام لەمەسەلەی ئەخلاق و مامەڵەدا (موعامەلاتدا) ئەوا تێکچوونی خاوەنەکەی لەم کۆمەڵەیە دەرناکات هەرچەندە پلەو پایەی کەم دەکاتەوە.

ڕەنگە پێوستیمان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەبێت لە مەسەلەی ئەخلاقدا چونکە لە گرنگترین شت لە ڕەوشتدا بریتییە لە یەکخستنی ڕیزەکان و ڕێکەوتنە لەسەر ئەو حەقەی خوای گەورە وەسێتی کردووین لەو ئایەتەدا کە دەفەرمویت: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ ١٣﴾ الشوری) واتە: هەر ئەو دین و ئایینەی بە (نوح وئیبراهیم و مووساو عیسا)ی (ئولولعەزم) و لێبڕاوو

نەبەزاومان سپارد کردمانە دین و ئایین بۆ ئێوەیش کە پەرتەوازەو کۆمەڵ کۆمەڵ مەبن تێیدا)[١].

هەروەها خوای گەورە هەواڵی پێداوین ئەوانەی دووبەرەکی و ناکۆکیان لە دینەکەیاندا کردووەو بونەتە چەند پارچەیەکەوە ئەوا (محمد) (ﷺ) لەوان بەرییە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ ﴿١٥٩﴾ ﴾ الأنعام) واتە: بێگومان ئەو کەسانەی دینی خۆیانیان پەرت و بڵاوکردو بوونە چەند دەستەو بەستەیەکی جیاوازو لێکترازاو تۆ کارێکت بەوان نییە).

جا یەکخستنی ڕیزەکانو خۆشویستنی یەکتر لە دیارترین تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵەی ڕزگاربووە (ئەهلی سوننەو جەماعە) جا ئەوان ئەگەر جیاوازییەک لەنێوانیاندا ڕویدا بە هۆی ئیجتیهادێکەوە لەو بابەتانەی ئیجتیهادی تیادا دروستە هەندێکیان ڕقو کینەو دوژمنایەتی بەرانبەر ئەوانی تر هەڵناگرن بەڵام باوەڕیان وایە کە ئەوان هەر بران، هەرچەندە ئەو جیاوازییە لە نێوانیاندا ڕوویدا بێت، تەنانەت یەکێکیان نوێژ دەکات لەپشت پێش نوێژێکەوە دەبینی دەستنوێژی نییە بەڵام پێش نوێژەکە وا دەبینێت دەست نوێژی هەیە.

بۆ نموونە: کەسێك نوێژ دەکات لەپشت کەسێکەوە گۆشتی وشتری خواردوە، ئەم پێشنوێژە وادەبینێ دەستنوێژی پێ ناشکێت (دەست نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە) وە ئەوەی لەپشتیەوە نوێژ دەکات وا دەبینێ دەستنوێژ بەتاڵ دەکاتەوە و وا دەبینێ

---

[١] / لە تەفسیر کردنی ئایەتەکاندا پشتم بە تەفسیری (ڕامان ) بەستووە لە دانانی ڕێزدار ( ئەحمەد کاکە مەحمود ) خوا لە تاوانەکانی ئێمەو ئەویش خۆش بێت , بۆیە تەفسیر کردنی هەموو ئایەتەکانی ئەم کتێبە لەو تەفسیرەوە وەرگیراوە.

کە نوێژکردن لەپشت ئەو پێشنوێژەوە دروستە، هەر چەندە ئەگەر خۆی بە تەنها نوێژ بکات وادەبینێ نوێژەکەی دروست نییە، هەموو ئەوانە ئەوە دەگەیەنێت ئەوە بە هۆی ئیجتیهادێکەوە دروست بوە لەو مەسەلانەی ئیجتیهاد هەڵدەگرێ، چونکە ئەوە جیاوازی نییە لەڕاستیدا.

چونکە هەر یەکێك لەوان شوێنی ئەو بەڵگەیە کەوتوە لەسەرییەتی شوێنی بکەوێ کە هەرگیز نابێت لێی لا بدات، ئەوان وادەبینن براکەیان کەجیاوازە لەگەڵیاندا لەکارێکدا شوێن بەڵگە کەوتوە، بۆیە لەڕاستیدا ئەوان جیاوازنین بەڵکو یەکدەنگن، چونکە بانگەشەی شوێنکەوتنی بەڵگە دەکەن لە هەر کوێیەك بێت، جا ئەگەر جیاواز بوو لەگەڵیاندا بەمەرجێك شوێنی بەڵگەیەك کەوتبێت لەڕاستیدا ئەوە هاودەنگە لەگەڵیاندا چونکە ئەوان لەسەر ڕێگەیەك دەڕۆن و بانگەوازی بۆ دەکەن کە ئەویش داوەری کردنە بۆ لای قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

لای زۆربەی ئەهلی عیلم شاراوە نییە ئەو جیاوازیەی لە نێوان هاوەڵاندا رووبدا لەم جۆرە کارانە، تەنانەت لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کەچی هیچ یەکێکیان توندی نەنواند، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە غەزوەی ئەحزاب گەڕایەوەو جبریل هات بۆ لای و ئاماژەی پێکرد کەوا دەرچێت بەرەو (بني قريظة) چونکە ئەوان پەیمانەکەیان شکاندوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بە کۆمەڵێك لە هاوەڵان و فەرمووی: ( لا يُصلين أحد منكم العصر إلا في بني قريظة )[1] واتە: هیچ یەکێك لە ئێوە نوێژی عەسر نەکات لە بەنی قورەیزە نەبێت).

ئەوانیش لە مەدینە دەرچوون بەرەو بەنی قورەیزەو نوێژی عەسریان بەسەردا هات و هەندێکیان نوێژی عەسریان دواخست تاوەکو گەیشتنە بەنی قورەیزە

[1] / صحيح: أخرجه البخاري ومسلم.

تەنانەت پاش ئەوەی کاتەکەی بەسەر چوو بوو، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (لا يصلين أحد منكم العصر إلا في بني قريظة) وە هەندێکشیان نوێژەکەیان لە کاتی خۆیدا کرد، فەرموویان: پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەبەستی ئەوە بوە ئێمە پەلە بکەین لە دەرچووندا و نەیویستووە لە ئێمە نوێژەکەمان دوابخەین لە کاتەکەی خۆی، هەر ئەوانەش پێکاویانە لە بۆچوونەکەیاندا، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە گەڵ هیچ کام لەو دوو کۆمەڵەدا بە توندی نەجوڵایەوە، هەروەها هیچ کۆمەڵێك دوژمنایەتی لە گەڵ ئەویتردا نەکرد یان رق و کینە بەرانبەر یەك دروست بکەن بە هۆی ئەو جیاوازییەیانەوە لە تێگەیشتنی دەقە پیرۆزەکە، بۆیە وا دەبینم ئەوانەی ئەهلی سوننەن ببنە یەك ئوممەتو بە هیچ شێوەیەك پارچە پارچە نەبنو حزبایەتی نەکەن، هەندێکیان خۆیان بدەنە پاڵ ئەم کۆمەڵەو هەندێکیان خۆیان بدەنە پاڵ ئەو کۆمەڵەو سێیەم کەس خۆی بداتە پاڵ کۆمەڵەی سێیەم، ئا بەو شێوەیە، بە شێویەك بە زمانەکانیان دژایەتی یەکتر بکەنو دوژمنایەتیو رقو کینە لە نێوانیاندا بێت لە پێناو جیاوازییەکدا کە ئیجتهادی تێدا دروستەو پێویست ناکات یەکێك لە کۆمەڵەکان تاییەت بکەم بەڵام کەسی ژیر تێدەگات و کارەکەی بۆ روون دەبێتەوە.

بۆیە وا دەبینم پێویستە لەسەر ئەهلی سوننەو جەماعە یەك بگرن، تەنانەت هەرچەندە جیاوازیان هەبێت کە دەقەکە هەموو ئەو تێگەیشتنانە لەخۆ دەگرێت بە پێی تێگەیشتنیان چونکە ئەم بابەتە- سوپاس بۆ خوا - فراوانیەکی تێدایە، جا گرنگ خۆشەویستی دڵەکان و یەکریزی وشەکانە، گومان لەوەدا نییە دوژمنانی ئیسلام پێیان خۆشە موسڵمانان جیاوازبن، جا ئەگەر ئەو دوژمنانە دوژمنی ئاشکرا بن یان ئەوانەی لە رواڵەتدا دۆستی موسڵمانن و یان دۆستی ئیسلامن کەچی واش نین، جا پێویستە ئەو ئاکارە لە خۆماندا بە دی بکەین ئەوەش ئاکاری کۆمەڵەی رزگار بووە کە بریتییە لە رێککەوتن لە سەر یەك وشە (واتە: یەکریزی).

# ناوەندی بوون لە دیندا

ناوەندی بوون لە دیندا ئەوەیە: مرۆڤ زیادەڕەوی نەکات لە دینەکەیدا تا ڕادەیەک بگاتە ئەوەی ئەو سنورانە ببەزێنێت کە خوای گەورە داینناوەو کورتڕەوی نەکات تاکو لە سنورەکانی خوا کەم بکاتەوە.

ناوەندێتی لە دیندا ئەوەیە دەست بە سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) بگرێت و زیادەڕەوی لە دیندا ئەوەیە ئەوانە ببەزێنێت و کورتڕەوی ئەوەیە پێی نەگات.

نمونە لەسەر ئەوە: کابرایەک دەڵێت من دەمەوێت هەموو ساڵ شەو نوێژ بکەم، چونکە نوێژ باشترین پەرستنە بۆیە پێم خۆشە شەوانە زیندوو بکەمەوە بە نوێژکردن، ئەوا دەڵێین: ئەمە زیادەڕەوی کردووە لە دینی خوادا و لە سەر حەق نییە، لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وەکو ئەمە ڕوویدا، کۆمەڵێک کۆبونەوەو هەندێکیان وتیان: من شەوانە شەونوێژ دەکەم و هەرگیز ناخەوم، ئەویتریان وتی: من ڕۆژوو دەگرم و هەرگیز نایشکێنم (واتە هەموو ساڵەکە بە ڕۆژوو دەبم) سێیەم کەس وتی: من هەرگیز ژن ناهێنم، ئەم باسە گەیشتە پێغەمبەری خواو (ﷺ) ئەویش فەرمووی: (مَا بَالُ أَقْوَامٍ قَالُوا كَذَا وَكَذَا لَكِنِّي أُصَلِّي وَأَنَامُ وَأَصُومُ وَأُفْطِرُ وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي)[1] واتە: ئەوە چییە هەندێ کەس بەم شێوەو بەو شێوە قسە دەکەن؟ من ڕۆژوو دەگرم و دەیشی شکێنم (واتە بە ڕۆژو نابم) و شەو نوێژیش دەکەم و دەشخەوم، ژنیش دەهێنم، جا هەر کەسێ لەسوننەتەکەم لابدات، یان حەزی لێنەکات ئەوە لە من نییە).

---

[1] /صحيح: أخرجه البخاري ومسلم.

جا ئەوانە زیادەڕەویان کرد لە دینەکەیاندا پێغەمبەری خوا(ﷺ) لێیان بەرییە چونکە لە سوننەتەکەی لایانداوە، لە سوننەتەکەیدا روژووگرتنو ڕۆژوونەگرتن هەیەو شەو نوێژو خەوتن هەیەو ژن هێنان هەیە.

بەڵام کەسی کورتڕەو: ئەو کەسەیە دەڵێت: من هیچ پێویستم بەسوننەت (تطوع) نییە من هەرگیز سوننەتەکان ناکەم بەڵکو تەنها فەرزەکان دەکەمو ڕەنگە هەندێ جار لە فەرزەکانیشدا کورتڕەوی بکات جا ئەوە کورتڕەوە.

کەسی ناوەند: ئەو کەسەیە لەسەر ئەو ڕێگەیە دەڕوات پێغەمبەرو (ﷺ) جێنشینە ڕاشیدینەکان لەسەری ڕۆیشتوون.

نموونەیەکی تر: سێ کەس ڕێ دەکەن کابرایەکی (فاسق) لەپێشیانەوەیە....

یەکێکیان دەڵێت: من سڵاو لەم (فاسق)ـە ناکەم و هەجری دەکەمو لێی دوور دەکەومەوەو قسەی لە گەڵ ناکەم.

دووەم کەس دەڵێت: من لە گەڵ ئەم (فاسق)ـەدا ڕێ دەکەمو سڵاویشی لێدەکەم و ڕووم گەش دەبێت لە گەڵیداو دەعوەتیشی دەکەم و وەڵامی دەعوەتەکەیشی دەدەمەوەو لای من تەنها وەکو پیاو چاکێکە.

سێیەم کەس دەڵێت: ئەم کابرا (فاسق)ـە ڕقم لێیەتی لەبەر (فسق)ـەکەی و خۆشم ئەوێت لەبەر ئیمانەکەی و هەجری ناکەم تەنها لە کاتێکدا ئەو هەجر کردنە هۆی چاکسازی ئەوی تێدا بێت، بەڵام ئەگەر ئەو هەجرکردنە هۆی چاکسازی ئەوی تێدا نەبێت بەڵکو ببێتە هۆی زیادکردنی (فسق)ـەکەی ئەوا من هەجری ناکەم.

ئێمە دەڵێین: یەکەم کەس زیادەڕەوە و دووەم کورتڕەوە، سێیەمیش ناوەندە.

ئا بەم شێوەیە دەربارەی هەموو پەرستن و هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا ئاوا خەڵکی دەربارەیان سێ شێوەن (زیادەڕەو و کورتڕەو و ناوەندن).

نموونەی سێیەم: پیاوێك دیلی دەستی ژنەكەیەتی بە ویستی خۆی بۆ كوێ بیەوێ دەینێرێت، هەرگیز ئەویش لە خراپە نایگێڕێتەوە هانی بۆ چاكە ناداو وای لێهاتوە هەموو عەقڵی داگیر كردووەو ژنەكەی زاڵ بووە بە سەریدا.

پیاوێكی تر فیزڵ و خۆ بە گەورە زانە بەسەر ژنەكەیدا، هەرگیز بایەخی پێنادات، هەر دەڵێی لای ئەو خزمەتكارێكە بەڵكو كەمترە لە خزمەتكار.

بەڵام كەسی سێیەم ناوەندە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خێزانەكەیدا دەكات هەروەكو چۆن خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) فەرمانیان پێكردووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ﴿٢٢٨﴾ ﴾البقرة) واتە: ژنان هەرچۆنێ ئەركی ژنانەیان لەسەرە، مافی ڕەوای خۆشیان لەسەر پیاوان بەشێوەیەكی پەسەندی كۆمەڵگەی ئیسلامی هەیە). پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (لا يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ)[1] واتە: با پیاوێكی ئیماندار ڕقی لە خێزانە ئیماندارەكەی نەبێت، ئەگەر ڕەوشتێكی لا پێ باش نەبێت ئەوا لە چەند ڕەوشتێكی تری ڕازییە) جا ئەم پیاوە ناوەندە، كەسی یەكەم زیادەڕەوەو كەسی دووەم كورتڕەوە، ئا بەم شێوەیە ئەودوای پەرستن و مامەڵەكان بەو شێوەیە لەیەك بدەرەوە.

[1] / صحيح: أخرجه مسلم.

# مانای بیدعەو بنەماکانی، ئایا بیدعەی حەسەنە هەیە؟

## ئایە مانای ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) چییە کە دەفەرموێت:

## (من سن في الإسلام سنة حسنة)

(إبن العثيمين): (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ماناو پێناسەی بیدعە لە شەرعدا بریتییە لە: (پەرستنی خوای گەورە بە شێوەیەك خوای گەورە داینەناوە).

ئەگەر دەتەوێ بڵێ: پەرستنی خوای گەورە کە پێغەمبەری خواو(ﷺ)جێنشینە ڕاشیدینەکانی لەسەر نەبوون).

جا پێناسەی یەکەم لەو ئایەتەوە وەرگیراوە کە دەفەرموێت: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاؤُا شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ﴾ الشورى، واتە: ئاخۆ ئەوانە ڕێگەی خواناسین دەگرن یا خۆ چەند هاوبەشێك بۆ خوا دادەنێن چەند یاساو بەرنامەیەکیان بۆ داهێنابن لە ئاین بە هیچ شێوەیە خوا مۆڵەتی نەدابن).

پێناسەی دووەم لەو فەرموودەیەی پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەرگیراوە کە دەفەرموێت: (عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ وإياكم ومحدثات الأمور)[1] واتە: دەست بەسوننەتو ڕێگاکەی

[1] / صحيح: سلسلة الصحيحة: (٩٣٧) , (٢٧٣٥).

منەوە بگرن و دەست بە سوننەتو رێگای جێنشینە رێنمویی کراوەکانەوە بگرن، توند دەستی پێوە بگرن، بە ددانەکانتان توند بیگرن، ئاگاداری کارە نوێیەکان بن).

جا هەر کەسێك بە شێوەیەك پەرستنی خوای گەورە ئەنجام بدات خوا فەرمانی پێ نەکردووەو ڕێگەی نەداوە یان بەشێوەیەك پێغەمبەری خواو (ﷺ) جێنشینە ڕاشدینەکان لەسەری نەبوون ئەوا کەسێکی (مبتدع)ـە، جا ئەگەر ئەو پەرستنە پەیوەندی بە ناوو سیفەتەکانی خوای گەورەوە بێت یان پەیوەندی بەحوکم و شەرعەکەیەوە بێت.

بەڵام کارە ئاساییەکان کە عورف و عادەت دیاری کردووە ئەوا پێی ناڵێن بیدعە لە دیندا، هەرچەندە ئەگەر لە زمانەوانیدا پێی بگوتری بیدعە بەڵام ئەوە بیدعە نییە لەدیندا، ئەو بیدعەیە نییە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئاگاداری کردوینەتەوە لێی.

لە دیندا هەرگیز بیدعەی حەسەنە نییەو سوننەتی حەسەنە ئەو سوننەتەیە شەرع پەسەندی کردبێت، ئەویش ئەوانە دەگرێتەوە کەسێك دەست بکات بەسوننەتێك واتا دەست بە کارکردن بکات، یان زیندووی بکاتەوە لە پاش وازهێنانی یان کارێك بکات ببێتە هۆکارێك بو پەرستنێك، جا ئەمە سێ بابەتە:

<u>یەکەم</u>: ناونانی سوننە بۆ کەسێك دەست بکات بە کار کردنێك، بەڵگەی ئەوە هۆی وتنی فەرموودەکەیە، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هانی کۆمەڵێ کەسی دا بە بەخشین بۆ کۆمەڵێکی تر کە هاتبوون بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوانیش لەوپەڕی پێویستیو هەژاریدابوون، بۆیە هانیدان بە بەخشین، جا کابرایەك لە پشتیوانان هات یەك کیسە پڕ لە زیوی پێ بوو –کە سەنگێکی قورسی بوو – بەدەستیەوە خستیە کۆشی پێغەمبەری خواوە(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ)

فەرمووی: (من سَنَّ في الإسلام سنة حسنة فله أجرها وأجر من عمل بها)[1] جا ئەم پیاوە دەستی بە کارکردنی سوننەتێك کرد نەك دەستی بەشەرع دانانی سوننەتێك.

دووەم: ئەو سوننەتەی وازی لێهێناوە ئەمجار کەسێك هەستا بەزیندوو کردنەوەی ئەمە پێی دەڵێن: سوننەتەکەی داناوە، واتە: زیندووی کردووەتەوە هەرچەندە خۆی لەخۆیدا داینەڕێژاوە.

سێیەم: کارێك بکات وەسیلەو هۆکار بێت بۆ کارێکی دروست و شەرعی، وەکو دروست کردنی قوتابخانەو چاپکردنی کتێب جا ئەمە خۆی لە خۆیدا پەرستنی پێ ئەنجام نادرێت بەڵام هۆکارە بۆ جگە لە خۆی جا هەموو ئەمانە دەچێتە ژێر ئەو فەرمودەیەوە کە دەڵێت: (من سَنَّ في الإسلام سنة حسنة فله أجرها وأجر من عمل بها) خواش لە هەموو کەس زاناترە.

---

[1] / قال الشيخ الألباني: ( صحيح ) انظر حديث رقم: ٦٣٠٥ في صحيح الجامع.

# یەکتاپەرستی و بیروباوەر

# فەزڵی یەکتاپەرستی

مەرج نییە لە جێگیر بوونی فەزڵی هەر شتێك ئەو شتە واجب نەبێت، بەڵکو فەزڵی ئەو شتە لە ئەنجام و شوێنەواریيەکانیەتی.

جا یەکتاپەرستی پێویستترین پێویستییەکانە، هیچ کارێك وەرناگیرێت بەبێ ئەو، هەرگیز بەندەکان لە پەروەردگاریان نزیك نابنەوە بە بێ ئەو، لە گەڵ ئەوەشدا چەندین فەزڵی تێدایە.

لە سوودەکانی یەکتاپەرستی:-

١/ گەورەترین پاڵپشتە بۆ هاندانی گوێڕایەڵی، چونکە کەسی یەکتاپەرست تەنها بۆ خوا کار دەکات، بۆیە ئەویش بە نهێنیو ئاشکرا کار دەکات، بەڵام جگە لە کەسی یەکتاپەرست، بۆ نمونە کەسی ریاکار، صەدەقە دەداتو نوێژ دەکات، زیکری خوای گەورە دەکات تەنها ئەگەر کەسێك لای بێتو ئەو ببینێ، بۆیە هەندێ لە پێشین وتویانە: (من پێم خۆشە بە گوێڕایەڵییەك لە خوا نزیك ببەمەوە هیچ کەسێك نەزانێت تەنها ئەو نەبێت).

٢/ یەکتاپەرستان ئارامی و دڵنیاییان بۆ هەیەو هەر ئەوانیش رێنمویی کراون، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ ٨٢ ﴾ الأنعام واتە: ئەو کەسانەی بڕوایان هێنا، لە هەمان کاتدا ناحەقی و شیرکیان تێکەڵ بە ئیمانەکەیان نەکرد، ئاسایش و نەبونی ترس لە سزای خوا هەر بۆ ئەوانە نەك بۆ بتپەرستان و هەر ئەوانیشن رێنمایی کراون بۆ رێگەی راستو بە هەقیانەتیش لەسەرین).

مەبەست لە: (وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ) واتە: تێکەڵیان نەکردووە.

مەبەست لە: (بِظُلْمٍ) ستەم لێرەدا بەرانبەری باوەڕە، کە ئەویش هاوەڵبڕیاردانە، جا کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی، بە لای هاوەڵانەوە زۆر گران بوو، فەرموویان: کێ لە ئێمە ستەم لە نەفسی خۆی ناکات؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ليس الأمر كما تظنون، إنما المراد به الشرك، ألم تسمعوا الى قول الرجل الصالح (يعني لقمان) ﴿إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾ لقمان)[1] واتە: کارەکە بەو شێوە نییە ئێوە لێی تێگەیشتوون، بەڵام مەبەستی هاوەڵبڕیاردانە، ئەی قسەی پیاو چاکەکەتان نەبیستووە – مەبەستی (لقمان)ـە – کە دەڵێت: ﴿إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾ لقمان﴾واتە: بە راستی شەریك و هاوبەشدانان بۆ خوا ستەمێکی گەورەیە لە هەموو تاوانێك گەورەترە).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ ﴿٨٢﴾﴾ الأنعام﴾.

مەبەست لە: (الأمن)، (الـ) لێرەدا بۆ (جنس)ـە، بۆیە تەفسیری (الأمن)مان کرد کەوا یان دڵنیاییەکی رەهایە یان رەهایەکی دڵنیاییە بە پێی ستەمەکە کە لێی تێکەڵ بووە.

[1] / متفق عليه , وانظر القول المفيد: ٥٨ , ٥٩.

مەبەست لە: (وَهُم مُّهْتَدُونَ) واتە: لە دونیادا بۆ شەرعی خوای گەورە بە زانیاری و کارکردن، جا رێنمویی بە زانیاری رێنمویی رێنیشاندانە، رێنمویی بە کارکردن: رێنمویی تەوفیقە، هەر ئەوان رێنمویی کراون لە دوارۆژدا بۆ بەهەشت.

ئەم رێنموییە رێنمویی دوارۆژە، ئەو رێنموییە بۆ ئەوانەی ستەمیان کردووە بۆ رێگای دۆزەخە، بۆیە بەرانبەرەکەشی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو ستەمیان نەکردووە رێنمویی دەکرێن بۆ بەهەشت.

زۆربەی ئەوانەی قورئانیان تەفسیر کردووە (المفسرون) دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ﴾ دەڵێن: دڵنیایی لە دوارۆژدا و رێنمویی لە دونیادا، جا تەفسیرە تەواوەکەی ئەوەیە کە ئەوە شتێکی گشتییە بە نیسبەت دڵنیایی و رێنموییەوە لە دونیا و دوارۆژدا.

خوای گەورە دڵنیایی سەلماندووە بۆ ئەوانەی هاوەڵیان بۆ بڕیار نەداوە، ئەوەشی هاوەڵی بۆ بریار نەداوە یەکتاپەرستە، جا ئەمەش بەڵگەیە کەوا یەکێ لە فەزڵەکانی یەکتاپەرستی بەرپابوون و جێگربوونی دڵنیایی یە)[1].

هەروەها لە فەرموودەیەکدا کە لە (الترمذي)دا هاتووەو بە (حسن)ی زانیوەو ریوایەتی کردووە لە فەرموودەی (أنس)ەوە کەوا دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:﴿قال الله تعالى: يا ابن آدم، إنك لو أتيتني بقراب الأرض خطايا ثم لقيتني لا تشرك بي شيئا لأتيتك بقرابها مغفرة﴾[2] واتە: خوای گەورە فەرموویەتی: ئەی نەوەی ئادەم ! ئەگەر بە ئەندازەی هەموو زەوی بە تاوانەوە پێم

---

[1] / القول المفيد: ٦١.

[2] / قال الشيخ الألباني: (حسن) انظر حديث رقم: ٤٣٣٨ في صحيح الجامع

بگەی و کاتێ بە من گەیشتی هاوەڵت بۆ من بڕیار نەدابوو، ئەوا بە ئەندازەی هەموو زەوی بە لێخۆش بوونەوەوە پێت دەگەم ).

مەبەست لە: (بقراب الأرض) واتە: بە نزیکەی زەوی، یان مەبەستی: پڕ زەوییە یان قورسی زەوی یان قەبارەی زەوی.

مەبەست لە: (خطايا) کۆی (خطيئة) یە، کە ئەویش بریتییە لە تاوان، گوناهەکانیش تاوانن، هەرچەندە بچووك بێت، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَاطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ ﴿٨١﴾﴾ البقرة واتە: نەخێر، وا نییە بەڵکو هەر کەسێك کوفرو تاوان ئەنجام بدا و خراپەو تاوانەکانیشی گەمارۆی دابێ).

مەبەست لە: (لا تشرك بي شيئاً ) رستەی: (لا تشرك) لە جێگەی (نصب على الحال)ـە لە (تاء)ەکەدا، واتە: پێم گەیشتی لە کاتێکدا پێم گەیشتی هاوەڵت بۆم بڕیار نەدابێت.

مەبەست لە: (شيئاً)–قاعیدەیەکی فیقهی هەیە دەڵێت–:– (نكرة في سياق النفي تفيد العموم).

واتە: نە شیرکی بچووك و نە گەورە، ئەمەشە مەرجێکی مەزنە رەنگە مرۆڤ بە کەمی بزانێت و بڵێت: من کەسێکی موشریك نیم و کەچی خۆیشی بە خۆی نەزانێت، بۆ نمونە خۆشویستنی سەروەت و سامان، بە شێوەیەك رێگری بێت لە گوێڕایەڵی خوای گەورەدا ئەوە لە هاوەڵبڕیاردانە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (تعس عبدالدينار، تعس عبد الدرهم، تعس عبد الخميصة، تعس عبد الخميلة....)[1] واتە:

[1] / ( صحيح ) وأخرجه البخاري

کەساس و چارەرەش بوو بەندەی دینار، کەساس و چارەرەش بوو بەندەی دەرهەم، کەساس و چارەرەش بوو بەندەی پۆشاك....) (الخميصة و الخميلة ): بریتییە لە جۆرە پۆشاکێك کە رەنگی رەشە و لێوارەکانی دەزووی پێدا شۆڕ بووتەوە) فەرموودەکە...

جا هەرکەسێك ئەوە بووەتە خەم و کێشەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە بەندەی ئەو شتە ناوی بردووە.

مەبەست لە: ( لأتيتك بقرابها مغفرة) واتە: چاکەی یەکتاپەرستی هێندە مەزنە هەموو تاوانە گەورەکان دەسڕێتەوە، لە کاتێکدا گەیشتە خوای گەورە هاوەڵی بۆ بڕیار نەدابوو، لێخۆشبوونیش شاردنەوەی تاوان و چاوپۆشینە لێی.

هەروەها لەم فەرموودەیەدا فەزڵی یەکتاپەرستی باس کردووە و ئەوەش هۆی لێخۆشبوونی تاوانەکانە)[1].

هەروەها ( فراوانی فەزڵی خوای گەورەی تێدایە) بە بەڵگەی (أدخله الله الجنة على ما كان من العمل)[2] واتە: خوای گەورە دەیکاتە بەهەشتەوە لەسەر هەر کارێك بووبێت).

هەروەها بەڵگەی زۆری پاداشتی یەکتاپەرستی تێدایە لای خوای گەورە، بە بەڵگەی: (مالت بهن لا إله إلا الله).

هەروەها تێیدا هاتووە: لێخۆشبوون لە گەڵ ئەو هەموو تاوانەدا، بە بەڵگەی (لأتيتك بقرابها مغفرة)، جا مرۆڤ رەنگە هەندێ جار نەفسەکەی زاڵ بێت بە سەریدا

---

[1] / القول المفيد: ٩٢.

[2] / متفق عليه.

و بکەوێتە ناو تاوانەوە، بەڵام لە پەرستن و گوێڕایەڵی خوای گەورەدا دڵسۆزە، جا چاکەی یەکتاپەرستی تاوانەکان دەوەرێنێت ئەگەر بە یەکتاپەرستییەوە گەیشتە خوای گەورە )[1].

[1] / القول المفيد: ٩٣.

# هاوەڵبڕیاردان بۆ خوا

فەرموودەکە (أبو هريرة) ریوایەتی کردووە، کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ﴿اجتنبوا السبع الموبقات﴾.

(السبع الموبقات): ئەو حەوت تاوانە گەورەن دینی خاوەنەکەی بە هەلاکەتدا دەبات -پەنا بە خوا-، وتیان: ئایا ئەوانە چین ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ فەرمووی: (هاوەڵ بریاردانە بۆ خوا) ئەمەش گەورەترین بە هەلاکەت بەرە، کە ئەویش هاوەڵ بریار بدەیت بۆ خوای گەورە، لە کاتێکدا دروستی کردووی و لە سکی دایکتدا نیعمەتەکانی خۆی رژاندووە بە سەرتدا و لە پاش ئەوەو لە کاتی منداڵیدا، خوای گەورە نیعمەتی زۆری بە سەرتدا رژاندووە، هێشتا هاوەڵی بۆ بریار دەدەیت؟! پەنا بە خوا.

ئەمەش ستەمترین ستەمە، ستەمترین ستەم ئەوەیە هاوشێوەیەك بۆ خوا بریار بدەیت لە کاتێکدا دروستی کردووی، ئەمەش گەورەترین بە هەلاکەت بەرە کە ئەویش هاوەڵ بریاردانە بۆ خوا.

هاوەڵ بریاردان بۆ خوا چەند جۆرێکی هەیە لەوانە:

کەسێك یەکێك لە دروستکراوەکانی خوا بە مەزن بزانێت هەروەکو چۆن دروستکارەکەی -کە خوای گەورەیە- بە مەزن دەزانێت، ئەمەش لای هەندێ خزمەتکاری ئازاد و نائازاد بەدی دەکرێت، دەبینی سەرۆکەکەی بەمەزن دەزانێت پادشاکەی بە مەزن دەزانێت، وەزیرەکەی بە مەزن دەزانێت لە خوای گەورە زیاتر بە مەزنیان دەزانێت، پەنا بە خوا ئەمەش هاوەڵ بریاردانێکی گەورەیە.

دروستکراوێکی وەکو خۆت بە مەزن بزانیت زیاتر لە خوای گەورە، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەوەیە ئەگەر ئەو ئەمیرە یان ئەو وەزیر و پادشایە یان ئەو گەورەیە

بڵێت: ئەو کارە بکە لە کاتی نوێژدا، ئەوا واز لە نوێژەکەی دەهێنێ و کارەکە دەکات تەنانەت ئەگەر لە کاتەکەی خۆی دەرچێت کەچی گوێی پێ نادات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا مەزنێتی ئەو دروستکراوانە بە مەزنتر دەزانێت لە خوای گەورە.

هەروەها لەو جۆرە شیرکە خۆشەویستییە، کەوا یەکێك لە دروستکراوەکانی خوای خۆش بوێت وەکو خۆشەویستنی خوا یان زیاتر، دەیبینی دڵنەوایی ئەم مرۆڤە دەکات و دەیەوێت بگاتە خۆشەویستی ئەو لە خۆشەویستی خوا زیاتر.

ئەمەش زۆر جار لەو کەسانەدا روودەدات کە تووشی فیتنەی عیشق هاتوون پەنا بە خوا.

ئەوانەی تووشی فیتنەی عیشق هاتوون چ جا عیشقی ئافرەت بێت یا کۆسەو لووسکە، دەبینی دڵی پڕە لە خۆشەویستی جگە لە خوای گەورە، لە خوای گەورە زیاتر، لە کاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ ﴿١٦٥﴾﴾ البقرة﴾ واتە: هەندێ لەم خەڵکە هەیە لە گەڵ ئەوەشدا تێنافکرێ تا خوا بە تەنها بپەرستێ هێشتا چەند هاوتا و چەند هاوبەشێکی بۆ دائەنێ خۆشیان دەوێن وەکو خۆشەویستی خودا، واتە: ئەوانیش هەر ئەوەندە بت و بەرنامەکانیان خۆش دەوێ ئەوانیش وا باوەڕیان هێناوە، خوایان لە هەموو شتێك زیاتر خۆش ئەوێ).

هەروەها لە جۆرەکانی شیرك کە ئەویش کارێکی شاراوەیە: ریایە، ئەوەش جۆرێکە لە شیرك، کەسێك هەستێ نوێژەکەی بکات و نوێژەکەی جوان دەکاتەوە چونکە فلان دەیبینێ، تەماشای دەکات، رۆژوو دەگرێت بۆ ئەوەی بڵێن: ئەو کەسێکی لە خواترسە رۆژوو دەگرێت، دەبەخشێت بۆ ئەوەی بڵێن: ئەو کەسێکی

بەخشندەیە ئەوەتا دەبەخشێت، جا ئەمە ریایە، لە کاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أنا أغنى الشركاء عن الشرك من عمل عملا أشرك فيه معي غيري تركته وشركه﴾[1] واتە: من لە هەموو شەریکەکان بێ نیازترم لە شەریك، هەر کەسێ کردەوەیەك بکات و جگە لە منی تێدا بەشدار بکات ئەوا لە گەڵ شەریکەکەیدا بە جێیان دەهێڵم).

هەروەها لە جۆرەکانی شیرك کە ئەویش شاراوەیە: دونیا ناخو عەقڵی مرۆڤ بگرێتەوە، دەیبینی عەقڵو بیرو جەستەو خەوتنو هەستانو هەمووی لە دونیایە، ئەمڕۆ چەندی بە دەست هیناوە؟ چەندی زیان لێ کەوتووە؟ بۆیە دەیبینی بۆ دونیا بە هەموو شێوەیەك فێڵ دەکات، بە حەڵاڵ و حەرام و درۆ و خەڵەتاندن بۆ کاربەدەستەکان و گوێی پێ نادات چونکە دونیا کردویەتی بە کۆیلەی خۆی، پەنا بە خوا.

بەڵگەش لەسەر ئەم جۆرە شیرکە ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: ﴿تعس عبدالدينار﴾ واتە:- کەساس و چارەڕەش بوو بەندەی دینار).

وا دەزانن ئەم کەسە سوژدە بۆ دینار دەبات؟ نەخێر، بەڵام دینار هەموو دڵی داگیر کردووە، (تعس عبدالدينار، تعس عبد الدرهم، تعس عبد الخميصة ) واتە: کەساس و چارەڕەش بوو بەندەی دینار کەساس و چارەڕەش بوو بەندەی دەرهەم، کەساس و چارەڕەش بوو بەندەی (الخميصة) ) واتە: پۆشاك (تعس عبد الخميلة) واتە: راخەر) هیچ کێشەی نییە تەنها جوانکردنی جلوبەرگەکەیو جوانکردنی راخەرەکەی نەبێت کە بە لایەوە گەورەترن لە نوێژەکان و پەرستنەکانی تر.

---

[1] / قال الشيخ الألباني: ( صحيح ) انظر حديث رقم: ٤٣١٣ في صحيح الجامع

﴿إن أعطي رضي و إن لم يعط سخط﴾ واتە: ئەگەر پێی بدرێ ئەوا رازی دەبێت و ئەگەر پێی نەدرێ ئەوا پەست دەبێت). ئەگەر خوای گەورە نیعمەتێکی رژاند بە سەریدا دەڵێت: ئەم پەروەردگارە مەزن و بە شکۆیە شایستەی هەموو شتێکە بەڵام ئەگەر پێی نەدا ئەوا پەست دەبێت، پەنا بە خوا.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ﴿١١﴾ الحج﴾ واتە: هەندێ خەڵک هەیە دوودڵەو هەربەشێوەیەکی زارەکی خواپەرستی ئەکات و متمانەو بڕوای تەواوی بە خوای گەورە نییە جا ئەگەر هات و خێرو چاکەیەکی تووش هات ئەوا بە خوا پشت ئەستوور و دڵنیا دەبێ، خۆ ئەگەر گرفتار بوو بەڵایەکی ئەوقە بوو ئەوا سواری سەری خۆی دەبێ و وەرئەگەڕێتەوە ئەڕواتەوە سەر باری خراپی پێشووی خۆی ئابەو جۆرە دونیاو پاشەڕۆژیشی لەدەست خۆی دا).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿إن أعطي رضي و إن لم يعط سخط، تعس و انتكس﴾ واتە: ئەگەر پێی بدرێ ئەوا رازی دەبێت و ئەگەر پێی نەدرێ ئەوا پەست دەبێت، کەساس و سەرەوژێر بوو ﴾ خەسارەتمەندو سەرەوژێر: هەموو کارەکانی بەسەردا سەرەوژێر بوو و خوای گەورە کارەکانی بەسەردا خراپ کرد.

﴿وإذا شيك فلا انتقش ﴾ واتە: ئەگەر درکێک چوو بە لەشیدا ئەوا کەسێک نابینێتەوە بۆی دەربهێنێ یان خۆی ناتوانێ دەریبهێنێ ).

واتە: خوای گەورە کارەکانی لەسەر گران دەکات تەنانەت درکێکیش ناتوانێت لە جەستەی خۆی دەربهێنی (وإذا شيك) واتە: درکێک چوو بە جەستەیدا، (فلا انتقش)

ئەمجار بەرانبەر بەوە وتویەتی: (طوبى لعبد آخذ بعنان فرسه في سبيل الله)[1] واتە: موژدە بۆ بەندەیەك كە جلەوی ئەسپەكەی خۆی گرتووە لە پێناوی خوادا ).

واتە: ژیان خۆشی بۆ ئەم بەندەیە لە دونیا و دوارۆژشدا (طوبى لعبد آخذ بعنان فرسه في سبيل الله أشعث مغبرة قدماه) واتە: موژدە بۆ بەندەیەك كە جلەوی ئەسپەكەی خۆی گرتووە لە پێناوی خوادا، قژی گف و هەردوو پێی تۆزاوی) تەماشاكە كەسی یەكەم بەندەی (الخميصة و الخميلة)یە بەڵام كەسی دووەم تەنانەت گوێی بە خۆیشی نادات، گرنگترین شت لای ئەو پەرستن و رەزامەندی خوای گەورەیە ( أشعث راسه مغبرة قدماه إن كان في الساقة كان في الساقة).

واتە: گوێی پێ نادات لە هەر پلەو پایەیەكدا بێت ئەگەر بەرژەوەندی جیهادی تێدا بێت ئەو لەوێیە، بەراستی ئەمە دونیا و دوارۆژی قازانج كردووە، مەبەست ئەوەیە خەڵكانێك هەیەو هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار داوە كەچی بە خۆیان نازانن.

تۆیش براكەم..... ئەگەر بینیت دونیا هەموو دڵی داگرتووی وە بینیت هیچ خەم و كێشەیەكت نییە تەنها دونیا نەبێت بە بیری ئەوەوە دەخەوێت و بە بیری ئەوەوە هەڵدەستیت ئەوە بزانە لە دڵی تۆدا شیرك هەیە، چونكە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ﴿تعس عبدالدينار﴾ ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە سوورن لەسەر بە دەست هێنانی پارە و سامان جا ئەگەر لە رێگای حەڵاڵەوە بوو یان لە رێگای حەرامەوە، جا ئەو كەسەی بە راستی خوای گەورە دەپەرستێت ئەوا بە هیچ شێوەیەك ناكرێت پارە لە رێگای حەرامەوە بە دەست بهێنێ، چونكە حەرام تووڕەبوون و پەستی خوای تێدایە حەڵاڵیش رازی بوونی خوای تێدایە، ئەو مرۆڤەی

[1] / قال الشيخ الألباني: ( صحيح ) انظر حديث رقم: ٢٩٦٢ في صحيح الجامع

خوا دەپەرستێت بە راستی دەڵێت: ناکرێت سامان بە دەست بهێنم تەنها لە رێگای ئەوەوە نەبێت و نابێت خەرجی بکەم تەنها لە رێگای ئەوەوە نەبێت.

# سوێند خواردن

سوێند خواردن[1]: ماناکەی: دڵنیاکردنەوەی شتێك بە ناوهێنانی شتێکی مەزن، مرۆڤیش سوێند بە هیچ شتێك ناخوات ئیللا ئەو شتە لە ناخیدا مەزنە، هەروەکو ئەوە بڵێت: بەئەندازەی مەزنی ئەوەی سویندی پێ دەخۆم من راستگۆم، بۆیە لە سوێند خواردن بەخوای گەورەدا هاتووە: سوێند دەخۆم بە خوا یان سیفەتێك لەسیفەتەکانی یان بەهەر ناوێك لەناوەکانی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَيًّا مَّا تَدْعُواْ فَلَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴿١١٠﴾﴾ الاسراء) واتە: جا ئێوەش بەهەر ناوو سیفەتێکەوە، لەو ناوو سیفەتانە بۆ خۆی دیاری کردون دەتوانن داوای لێ بکەنو هاواری بۆ بەرن چونکە ناوی پیرۆزی خوا زۆرن).

جا ئەگەر سوێندت خوارد بە (الرحمن) یان (الرحیم) یان (السمیع) یان هەر ناوێك لەناوەکانی خوای گەورە ئەوا دروستە.

پیتەکانی ( ئامرازەکانی) سوێندخواردن سێ دانەن: ئەوانیش ( الواو) و (الباء) و (التاء).

پیتی (الواو) وەکو ئەوەی بڵێین: والله ئەو کارە دەکەم.

پیتی (الباء) وەکو ئەوەی بڵێین: بالله ئەو کارە دەکەم.

پیتی (التاء) وەکو ئەوەی بڵێین: تالله ئەو کارە دەکەم.

---

[1] / شرح رياض الصالحين (٣١٤) باب النهي عن الحلف بمخلوق.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ ﴿٥٣﴾﴾ النور) واتە: بەوپەڕی هێز سوێندیان بە خوا دەخوارد ).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ ﴿٦٢﴾﴾ التوبة) واتە: سوێندتان بە خوا بۆ ئەخۆن کە هیچ شتێکی خراپیان نەوتووە بۆ ئەوەی ئێوە رازی بکەن).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿قَالَ تَٱللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرْدِينِ ﴿٥٦﴾﴾ الصافات) واتە: وتی: سوێند بە خوا نزیك بوو منیش بخەیتە ناو دۆزەخەوە وەکو خۆت فریوم بدەیت).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٦٥﴾﴾ النساء) واتە: نەخێر وەك ئەوە نییە دووڕووەکان دەیزانن سوێند بێ بە پەروەردگارت ئەی پێغەمبەر نابنە باوەڕدار).

ئەمانە ئامرازەکانی (پیتەکانی) سوێند خواردنن.

جا سوێند خواردن بە جگە لەخوا کوفرە یان شیرکە.

پاشان ڕەنگە ببێتە کوفری گەورەو ڕەنگە ببێتە کوفری بچووك، هەروەها ڕەنگە ببێتە شیرکی گەورەو ڕەنگە ببێتە شیرکی بچووك، چونکە ئەگەر کەسێك بەشتێك سوێندی خوارد و باوەڕی وابوو کەوا ئەو شتە وەکو خوای گەورە مەزنە ئەوا شیرکی گەورەیە.

بەڵام ئەگەر باوەڕی وابوو بەئەندازەی خوا مەزن نییەو مەزنییەتی بەخوا ناگەیەت ئەوا شیرکی بچووکە، چونکە ئەوە هۆکارە بۆ شیرکی گەورە، لەسەردەمی نەفامیدا ڕاهاتبوون سوێند بە باوکیان بخۆن. بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەهی لێکردن و فەرمووی: (لا تحلفوا بآبائکم) واتە: سوێند بە باوکتان مەخۆن) هەروەها

بە براکانتان و بە باپیرانتان و بە سەرکردەکانتان، بەڵام بۆیە لێرەدا ناوی باوکی هێناوە چونکە ئەوان لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون. (من كان حالفاً فليحلف بالله أو ليصمت)[1] واتە: هەرکەسێك سوێندی خوارد ئەوا با سوێند بەخوا بخوات یان بێ دەنگ بێت) بەڵام سوێند بەجگە لەخوا بخوات ئەوا نەخێر نابێت.

لەو جۆرە سوێندانە سوێند خواردن بە پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) کە بەرێزترین مرۆڤەو گەورەی هەموو مرۆڤەکانە،جا ئەگەر ووتت: سوێند بە پێغەمبەر محمد (ﷺ) ئەوا دەبیتە کەسێکی موشریك یان کافر (بەپێی باوەڕی کەسەکە وەکو لەپێشدا باسمان کرد).

سوێند خواردن بە جبریل: جا ئەگەر وتت: سوێند بە (جبریل)و (میکائیل)و (اسرافیل) و (مالك خازن النار) یان جگە لەوان ئەوا شیرکە، یان ئەگەر وتت: سوێند بە خۆر و مانگ و شەو و ڕۆژ ئەوە شیرکە یان گەورە یان بچووك بە پێی ئەوەی لە پێشدا باسمان کرد.

جا ئەگەر سوێندت خوارد بە سیفەتێك لە سیفەتەکانی خوا وەکو ئەوەی بڵێیت: سوێند بە عیززەتی خوا ئەو کارە دەکەم یان سوێند بە حیکمەتی خوا ئەو کارە دەکەم، ئەوا ئاساییەو دروستە.

بەڵام سوێند خواردن بە جگە لەخوا ئەوە هەر ئەوەیە کە باسمان کرد کوفرە یان شیرك، جا گەورە یان بچووك.

هەندێ کەس دەڵێن: ئەو لە دینی ئیسلام بەرییە ئەگەر وا ڕوویدا، جا مرۆڤ بۆی نییە وا بڵێت، بەڵام ئەگەر ئەو قسەیەی وت، جا ئەگەر درۆی کرد ئەوا ئەوەیە کە

---

[1] / متفق علیه.

خۆی وتی، واتە ئەو بەرییە لە ئیسلام، پەنا بەخوا. بەڵام ئەگەر ڕاستگۆ بوو ئەوا بەسەلامەتی ناگەڕێتەوە بۆ ئیسلام، واتە تاوانبار دەبێت یان کوفری کردووە.

هەروەکو ئەوەی کەسێك بڵێت: ئەو جولەکەیە ئەگەر ئەو کارە ڕوویدا یان ئەو گاورە ئەگەر ئەو کارە ڕوویدا، ئەم کەسە پێی دەگوترێت: وتنی ئەو قسەیە حەرامە، چونکە ئەگەر درۆت کردبێت ئەوا هەروەکو خۆت وتت جولەکە یان گاور بویت، بەڵام ئەگەر ڕاستت کردبوو ئەوا بەسەلامەتی ناگەڕێیتەوە بۆ دینی ئسلام.

نمونە لەسەر ئەوە: کەسێك وتی فلان کەس (کە موسافیر بوو) ئەمڕۆ گەیشت، هاوڕێکەی دەڵێت: نەخێر نەگەیشت، کەسی یەکەم دەڵێت: ئەو جولەکەیە ئەگەر نەگەیشتبێ، جا ئەگەر درۆی کردبێ واتە کابرا نەگەیشتبێ ئەوا جولەکەیە، چونکە خۆی وتی: ئەو جولەکەیە ئەگەر نەگەیشتبێ، جا ئەویش درۆی کرد کەواتە جولەکەیە، ئەگەر ڕاستی کرد واتە کابرا گەیشتبێ ئەوا بەسەلامەتی ناگەڕێتەوە بۆ ئیسلام. هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی.

گرنگ ئەوەیە ئەگەر ویستت سوێند بخۆیت ئەوا سوێند بە خوا بخۆ یان بە هەر ناوێك لە ناوەکانی خوا یان بەهەر سیفەتێك لە سیفەتەکانی خوا.

ڕەنگە کەسێك بڵێت: ئەی ئەوە نییە خوای گەورە سوێندی بەدروستکراوەکان خواردووەو فەرموویەتی: ﴿وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا ۝١﴾ الشمس) واتە: سوێند بە خۆرو بە تیشکو ڕوناکینەکەی لە سەرەتای ڕۆژەوە).

وە فەرموویەتی: (وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ۝٥ الشمس) واتە: سوێند بە ئاسمان و بەو زاتەش کە زۆر بە وردی و بە قایمی ئاسمانی دروست کردووە).

دەڵێین: خوای گەورە بۆی هەیە بە هەر شتێك لە دروستکراوەکانی سوێند بخوات بە ویستی خۆی، جا ئەویش بەهەر شتێك سوێندی خوارد ئەوە بەڵگەی

مەزنی خوای گەورەیە، چونکە مەزنی دروستکراوەکان بەڵگەی مەزنی دروستکارەکەیەتی، خوای گەورە سوێند بەهیچ شتێك ناخوات ئیللا بەشتی مەزن نەبێت، مەزنی دروستکراو بەڵگەی مەزنی دروستکارەکەیەتی، خوای گەورە بۆی هەیە بە هەر شتێك ویستی لێ بێ سوێند بخوات و کەسیش بۆی نییە ڕێگری لە خوا بکات، ئەوەی ویستی لێ بێت دەیکات.

ئەگەر کەسێك وتی: گوێمان لێیە هەندێ کەس دەڵێت: سوێند بەئایەتەکانی خوا، ئایا ئەمە سوێند خواردنە بە جگە لە خوا؟ ئایا ئەمە کوفرە یان شیرکە؟

دەڵێین: مەبەستی چییە بە ئایەتەکانی خوا؟

ئەگەر مەبەستی بە ئایەتەکانی خوا خۆر و مانگ و شەو و ڕۆژە، ئەمە سوێندخواردنە بە جگە لە خوا، بۆیە دەبێتە موشریك یان کوفر چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ﴿٣٧﴾﴾ فصلت) واتە: لە نیشانەکانی تاکو تەنیایی خوایە: شەوو ڕۆژو خۆرو مانگ، چونکە هەر یەکەیان بە چەند بەرنامەیەکی قەشەنگو ڕێکو پێك دامەزراون و کاری خۆیان ئەکەن).

جا ئەگەر وتی: من مەبەستم لە ئایەتەکانی خوا کە سوێندم پێی خواردوە ئەو شتانەیە، ئەوا پێی دەڵێین: ئەمە سوێندخواردنە بەجگە لەخوا دەبێتە موشریك یان کافر، بەڵام ئەگەر وتی: مەبەستم لە ئایەتەکانی خوا قورئانە، چونکە قورئان ئایەتی خوایە ئەوا ئەمە موشریك نییە، بۆ؟ چونکە قورئان کەلامی خوایەو کەلامی خوایش لەسیفاتی خوایە، جا ئەگەر وتی سوێند دەخۆم بەئایەتەکانی خوا مەبەستم قورئانە، ئەوا پێی دەڵێین:- ئەم سوێند خواردنە دروستەو هیچی تێدا نییە، جا من

گومانم وایە کە خەڵکی عەوام بڵێن: سوێند بەئایەتەکانی خوا، گومانم وایە مەبەستیان قورئانە، جا ئەگەر مەبەستیان قورئان بێت ئەوا حەرام نییە.

بەڵام ئەگەر مەبەستیان لەئایەتەکانی خوا خۆرو مانگ و ئەستێرەو شەوو ڕۆژو ئەو شتانە بێت ئەوا شیرکە یان کوفرە، خوا پشت و پەنامان بێت.[1]

[1] / شرح رياض الصالحين: (٢٨٦).

# چوار ئاکار لەم ئوممەتەدا هەن لە کاروباری سەردەمی نەفامین و وازی لێ ناهێنن

شەیخ –رەحمەتی خوای لێ بێت– دەفەرموێت: لە (ئەبو مالیکی ئەشعەری)یەوە (رەزای خوای لێ بێت) ریوایەت کراوەو دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (أربع في أمتي من أمر الجاهلية، لا يتركونهن: الفخر بالاحساب، و الطعن في الانساب، والاستسقاء بالنجوم، والنياحة)[1] واتە: چوار (ئاکار) لە ئوممەتەکەمدا هەن لە کاروباری –سەردەمی – نەفامین وازی لێ ناهێنن: شانازی کردن بە رەچەڵەکەوەو تانەدان لە نەژادو داوای بارانکردن لە ڕێگەی ئەستێرەکانەوەو شیوەنکردن ).

مەبەست لە: (أربع في أمتي) کە لە فەرموودەکەی (ئەبو مالیك)دا هاتوە: سوود لەو وتەیەی کە دەفەرموێت: (أربع) مەبەستی حەصر نییە واتە تەنها ئەو چوارە هەبێت، چونکە چەند شتێکی تر هەن لە مانەکەیدا بەشدارن، بەڵکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئە هەروەها دەفەرموێت بە مەبەستی حەصر کردنی زانستەکان و کۆکردنەوەی بە دابەشکردن و ژمارە، چونکە ئەوە لە تێگەیشتن نزیك دەبێتەوەو بە باشی لەبەر دەکرێت.

مەبەست لە: (من أمر الجاهلية) ئەو (أمر) لێرەدا مانای ئاکار دەگرێتەوە واتە: لە ئاکاری سەردەمی نەفامین ئەویش تاکی وشەی (أمور)ە، تاکی (أوامر) نییە چونکە تاکی (أوامر) داواکردنی فەرمانێکە لە ڕووی بڵندی و بەرزییەوە.

---

[1] / صحيح: أخرجه مسلم.

هەروەها مەبەست لە: (من أمر الجاهلية) دراوەتە پاڵ سەردەمی نەفامی و مەبەست لێی ناشیرین کردن و دوور کەوتنەوەیە لێی، چونکە هەر مرۆڤێك پێی بگوترێت: ئەو کارەت لە کاروباری سەردەمی نەفامییە ئەوا بێ گومان پێی پەست دەبێت، چونکە هیچ کەسێك رازی نابێت بە نەفامی وەسف بکرێت، هەروەها رازی نابێت کارەکانی بە نەفامی وەسف بکرێت، جا مەبەست دانە پاڵی لێرەدا دوو کارە:

١/ دوور کەوتنەوە.

٢/ روونکرنەوەی ئەوەی ئەو کارانە هەمووی نەفامییەو گێلییە بۆ مرۆڤەکان، چونکە شایستەی ئەوە نییە مرۆڤ بیپارێزێ و دەستی پێوە بگرێت، چونکە هەرکەسێك دەستی پێوە بگرێت ئەوا نەفامە.

مەبەست لە: (الجاهلية) لێرەدا: پێش رەوانەکردنی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەگرێتەوە، چونکە ئەوان لەسەر نەفامی و گومڕاییەکی مەزندا بوون، تەنانەت عەرەبەکان نەفامترین دروستکراوەکانی خوا بوون، بۆیە پێیات دەگوترا: (الأمين) واتە نەخوێندەوارەکان وە مانای (الأمي) ئەو کەسە دەگرێتەوە کە نازانێت بنوسێت و بخوێنێت، دراوەتە پاڵ (الأم) هەروەکو ئەوەی دایکی نێستا ئەوی بووە، بەڵام کاتێ ئەم پێغەمبەرەیان (ﷺ) بۆ رەوانە کرا ئەوا خوای گەورە فەرمووی: ﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿١٦٤﴾﴾ آل عمران) واتە: بێگومان خوا منەتی نا بەسەر باوەڕداراندا چونکە هەر لە خۆیان پەیامبەرێکی میهرەبانو دلۆڤانی بۆ ناردنو ئایەتەکانی خوایان بەسەرا دەخوێنێتەوەو دلّو دەرونیشیان لەهەر ئاکارێکی دزێوو خراپ پاکژ دەکا

فێری قورئان و حیکمەت و فەرمودەکانیشیان دەکا بێ شك پێش هاتنی ئەو پێغەمبەرە(ﷺ) سەرلێشێواوبوون و هیچ شتێکتان نەدەزانی).

جا ئەمە بەراستی منەتێکی گەورەیە کە خوای گەورە پێغەمبەرێکیان (ﷺ) تێدا رەوانە بکات لەبەر ئەم کارە پیرۆزانە:

١. ئایەتەکانی خوای گەورەیان بەسەردا دەخوێنێتەوە.

٢. تەزکیەیان بکات و رەوشت و پەرستنیان پاك بکاتەوە و گەشەیان پێ بدات.

٣. فێری کیتابەکەی خوایان بکات.

٤. هەروەها (دانایی)شیان فێر بکات (الحکمة).

ئەمە چوار سوودی مەزنە، ئەگەر هەر هەموو دونیا بەرانبەر بە یەکێکیان بکێشرێت ئەوا هاوسەنگ دەبوون بۆ کەسێك کە قەدری بزانێت، ئەمجار باسی حاڵی ئەوانی پێشتر دەکات: ﴿وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿١٦٤﴾﴾ آل عمران).

جا ئەمە بە راستی منەتێکی گەورەیە خوای گەورە پێغەمبەرێکی(ﷺ) بۆ رەوانە کردوون، بۆیە ﴿وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿١٦٤﴾﴾ آل عمران)، جا ئەو (إن)ـە لە ئایەتەکەدا هاتوە (نەفی) نییە بەڵکو بۆ (تەوکید)ـە، ئەویش سووکە نەك قورس، واتە: وَإِنهم كَانُوا من قَبل لفي ضلال مبين.

کەواتە مەبەست لە: (الجاهیلة) پێش رەوانە کردنی پێغەمبەری خودایە(ﷺ)، چونکە خەڵکی لە نەفامییەکی گەورەدا بوون، جا نەفامییەکەیان هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە، نەفام بوون لە مافەکانی خوای گەورەو مافەکانی بەندەکانی خوای گەورە، هەر لە نمونەی نەفامی ئەوان ئەوە بوو بتێکیان دادەناو پاشان

دەیانپەرست جگە لە خوای گەورە، هەروەها ئەوان کچی خۆیان دەکوشت بۆ ئەوەی بە ئەوە عەیبدار نەکرێن، هەروەها کوڕ و کچی خۆیان دەکوشت لە ترسی برسێتیدا.

مەبەست لە: (لا یترکونهن) ئەوەیە کە واز لە هیچ یەکێك لەوانە ناهێنن بە پێی ئەو کۆمەڵە بۆ کۆمەڵێك، بەو شێوەی هەر یەکێك لەو ئاکارانە لای کۆمەڵێك دەبێت، دووەم ئاکار لای کۆمەڵی دووەم و سێیەم لای کۆمەڵی سێیەم و چوارەم لای کۆمەڵی چوارەم، رەنگە ئەم چوار ئاکارە لە یەك هۆزدا کۆ ببێتەوە، رەنگیشە هۆزی وا هەبێت هیچ لەو ئاکارانەی تێدا نەبێت، بەڵام ئەم ئوممەتە بە گشتی دەبێ ئەو ئاکارانەی تێدا بێت،چونکە هەواڵەکە لە لایەن راستگۆی باوەرپێکراوەوە هاتوە، مەبەستیش لەم هەواڵە دوور کەوتنەوەیە لێی، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵ دەربارەی چەند شتێك دەدات رووەداتو مەبەستی ئەوە نییە لێی وەرگرێتو کاری پێ بکەیت، هەروەکو فەرموویەتی: (لترکبن سنن من کان قبلکم الیهود والنصاری)[1] واتە: لێی ئاگادار بن، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێ داوین کە (أن الظعینة تخرج من صنعاء الی حضرموت لا تخشی إلا الله)[2] واتە: ئافرەت دەبینی کە دەخرێتە سەر کەژاوەیەك و دەخرێتە سەر ولاخێك و لە (صنعاء)وە دەردەچێت بۆ (حضرموت) لە هیچ شتێك ناترسێت تەنها خوا نەبێت).

واتە: بە بێ مەحرەم، جا ئەمەشە هەواڵێکی واقیعەو مەبەستی ئەوە نییە شەرع پێی رازییە.

مەبەست لە: (أمتي) واتە: ئەو ئوممەتەی وەلامی داوەتەوە (أمة الإجابة).

---

[1] / صحیح: أخرجه أحمد والترمذي وصححه الألباني في صحیح الجامع (٦٣٠١).

[2] / صحیح: أخرجه البخاري.

مەبەست لە: (الفخر بالاحساب) واتای (الفخر): خۆ بە زلزانین و خۆ بە مەزن زانین دەگرێتەوە وە پیتی (باء)ەکە پێی دەڵێن (سببي) واتە: خۆی بە زل دەزانێت بە هۆی ئەو رەچەڵەکەوە لە سەریەتی.

(الحسب): ئەوەی مرۆڤەکان حەسابی بۆ دەکەن لە شەرەف و دەمسپێتی، وەکو ئەوەی لە هۆزی (بەنی هاشم)ـە، جا شانازی پێوە دەکات، یان لە باو و باپیریدا کەسانێك هەبن بە زیرەکی ناسراو بن، بۆیە شانازی پێوە دەکات، ئەمەش لە کاروباری سەردەمی نەفامییە، چونکە لە راستیدا شانازی کردن بە تەقوای خودا دەبێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی رێگری لە مرۆڤەکان بکات خۆبەزل و خۆ بەمەزن نەزانێت، کەسی لە خواترس لە راستیدا ئەو کەسەیە هەرچەندە نیعمەتەکانی خوای گەورەی بە سەردا رژا ئەوا زیاتر خۆبەکەم دەزانێت بەرانبەر حەق و خەڵکی.

جا ئەگەر شانازی کردن بە رەچەڵەکەوە لە ئاکاری نەفامی بێت ئەوا دروست نییە بۆ ئێمە ئەنجامی بدەین، بۆیە خوای گەورە بە خێزانەکانی پێغەمبەری (ﷺ) فەرموو: ﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ ۖ ﴿٣٣﴾﴾

الأحزاب﴾ واتە: نابێ ئێوە وەکو سەردەمی جاهیلیەتی زوو، زینەت و جوانی خۆتان بۆ پیاوان دەربخەن) ئەوەش بزانە هەر شتێك بدرێتە پاڵ سەردەمی نەفامی ئەوا شتێکی قیزەون و نەهی لێکراوە.

مەبەست لە: (الطعن في الأنساب) مانای (الطعن) واتە: عەیب، چونکە ئەوە پیاچەقاندنێکی مەعنەوییە هەروەکو پیاچەقاندنی نەخۆشی تاعون کە لە جەستە دەدات، بۆیە بە عەیب دەگوترێت: (الطعن).

(الأنساب): کۆی وشەی نەسەبە، ئەویش نەژاد و نزیکەکانی مرۆڤە، جا ئەویش تانە لە نەسەبی دەدات وەکو ئەوەی کەسێك بڵێت: تۆ کوڕی کابرای دەباغی (پێستەخۆشکەر)....هتد.

مەبەست لە: (الاستسقاء بالنجوم ) واتە: باران بدرێتە پاڵ ئەستێرەکانو داوایان لێ بکات، لە گەڵ ئەوەشدا باوەڕی وابێت بکەرەکە خوایە، بەڵام ئەگەر باوەڕی وابوو خودی ئەستێرەکان خۆیان باران و هەورەکان دروست دەکەن یان بانگیان بکات و داوایان لێ بکات لە جگە لە خوای گەورە بۆ ئەوەی بارانیان بۆ ببارێنێت ئەوا شیرکی گەورەیەو خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات.

مەبەست لە: (النياحة على الميت) ئەمە چوارەم ئاکارە، ئەویش بریتییە لە (النياحة) واتە: شیوەن، کە ئەویش بریتییە لە بەرزکردنەوەی دەنگ بە گریان لەسەر مردوو بە خواستی خۆی (بە قەسدی)، پێویستە بدرێتە پاڵی وەکو (نوح) وەکو (نوح الحمام) واتە: گمەگمی کۆتر.

(الندب): بریتییە لە ژماردنی چاکەکانی مردوەکە.

(النياحة): لە کاروباری سەردەمی نەفامییە، دەبێت لەم ئوممەتەدا نەبێت، بەڵکو ئەوانە لە کاروباری سەردەمی نەفامین، یان لە (جهل)ەوە دێت کە دژی زانستە، یاخود لە (جهالة)تەوە هاتوە کە نەفامییە، ئەویش دژی داناییە (الحكمة) و ئەوەش بەو شێوەیە باس کراوە لە بەر چەند هۆیەك لەوانە:

١. تەنها خەم و ئازار زیاد دەکات لای کەسی شیوەنکار.

٢. دەبێتە هۆی پەستی و تورەیی بەرانبەر بە قەزا و قەدەری خوای گەورە و دەربڕینی نارەزاییە.

٣. دەبێتە هۆی هەڵچوونی خەم و خەفەتی کەسانی تر.

لە (ابن عقیل)ەوە (رەحمەتی خوای لێ بێت) هاتوە، کە یەکێکە لە زانایانی حەنبەلی، لە دوای جەنازەی عەقیلی کوڕی بوو، کە کوڕی گەورەی بوو، لە هەمان کاتدا قوتابی زانست و زانیاری بوو، کاتێ گەیشتنە گۆڕستان کابرایەك هاواری کردو وتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْعَزِيزُ إِنَّ لَهُۥ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُۥٓ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٧٨﴾﴾ یوسف﴾ واتە: ئەی عەزیز ! بێ گومان ئەو کوڕەیە باوکێکی پیری خاوەن ڕێزو بەحورمەتی هەیە هۆگری بووەو هەرگیز بێ ئەو توانای ژیانی نییە لەبەر ئەوە یەکێك لەئێمە لەجیاتی ئەو گل بدەرەوە بەڕاستی ئێمە تۆ لە ڕیزی خێرو مەندان دەبینین).

ابن عقیل –رەحمەتی خوای لێ بێت – پێی وت: بزانە ئەم قورئانە هاتوە بۆ سوکنایی کردنی دڵەکان نەك بۆ هەڵچواندنی خەمەکان.

٤. لە گەڵ ئەو هەموو خراپانەدا هەرگیز قەزا ناگێڕێتەوەو ئەوەی هاتوە بەرزی ناکاتەوەو لای نادات.

جا شیوەن چ لە پیاوەوە بێت یان ئافرەت هەموو دەگرێتەوە، بەڵام بە زۆری لای ئافرەتان ڕووەدات، هەر بۆیە دەفەرموێت: (النائحة إذا لم تتب قبل موتها..) واتە: ئەگەر لە پێش مردنی تەوبەی کرد ئەوا خوای گەورە تەوبەکەی لێ وەردەگرێت، ڕواڵەتی فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت ئەم تاوانە تەنها تەوبە دەبێتە هۆی کەفارەتی، تەنها چاکەکان نایسڕێتەوە، چونکە ئەوە لە تاوانە گەورەکانەو تاوانە گەورەکانیش بە چاکە ناسڕێنەوە، بۆیە تەنها تەوبە دەیسڕێتەوە.

دەفەرموێت: (النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ)[1].

مەبەست لە: (تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ) واتە: لە گۆڕەکەی راستی دەکەنەوە (هەڵی دەسێنن).

مەبەست لە: (وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ) السربال: جلوبەرگێکی شۆڕە وەکو قەڵغانە، (القطران) دیارە و ناسراوە، پێی دەڵێن: (الزفت) وە دەڵێن: بریتییە لە مسی تواوە.

مەبەست لە: (وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ) الجرب: (گەپی) نەخۆشییەکی ناسراوە توشی پێست دەبێت، خەو لە مرۆڤ دەزڕێنێت، رەنگە ئازەڵ بکوژێت، جا ماناکەی ئەوەیە کە پێستەکەی گەڕ دەبێت هەروەکو قەڵغان، جا ئەگەر قەتران لە گەڵ گەڕیدا کۆ ببێتەوە ئەوا بەڵاکە زیاتر و زۆرتر دەبێت، چونکە گەپی هەرشتێك لێیدا ئەوا کاری لێ دەکات، جا چۆنە ئەگەر قەتران بێت؟

حیکمەتیش لەوەدا ئەوەیە ئەو موصیبەتەکەی بە ئارامگرتن دانەپۆشیوە، بۆیە بە پۆشاکێك لە قەتران و قەڵغانێك لە گەپی دادەپۆشرێت، بۆیە تۆڵەکەی (سزاکەی) لە جۆری کارەکەی بوو.

لەم فەرموودەیە چەند سوودێك وەردەگرین لەوانە:

١/ جێگربوونی پەیامەکەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، چونکە هەواڵی پێداوین دەربارەی چەند کارێك لە کاروباری غەیبی و بەو شێوەیەی باسی بۆ کردین رووبداوە.

---

[1] / صحيح: أخرجه مسلم (٩٣٤).

٢/ دوورکەوتنەوە لەو چوار شتە: شانازیکردن بە رەچەڵەکەوەو تانەدان لە نەژادی و داواکردنی باران لە ئەستێرەکان و شیوەن کردن لە سەر جەنازە.

٣/ شیوەن لە تاوانە گەورەکانە لەبەر ئەوەی لە فەرموودەکەدا هەرەشەی تێدایە لە رۆژی دواییدا، هەر تاوانێك هەرەشەی تێدا بێت لە دوارۆژدا ئەوا لە تاوانە گەورەکانە.

٤/ تاوانە گەورەکان بە کاری چاکە ناسڕێتەوە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت: (إذا لم تتب قبل موتها).

٥/ لە مەرجەکانی تەوبە دەبێت پێش مردن بێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت: (إذا لم تتب قبل موتها).

هەروەها بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ إِنِّى تُبْتُ ٱلْـَٰٔنَ ﴿١٨﴾﴾ النساء﴾.واتە: تەوبەو پەشیمانی بۆ ئەوانە نیە کە بە درێژایی تەمەنیان خەریکی گوناح وتاوانن تا لەکاتی گیانەڵاو مردندا دەڵێ: بێ گومان لەو کارانەم پەشیمانم دیارە ئەو جۆرە تەوبەیە لای خوا وەرناگیرێ.

٦/ شیرکی بچووك خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات، هەندێ لە زانایان دەفەرموون دەکەوێتە ویستی خوای گەورەوە: ئەگەر ویستی لێ بێت ئەوا سزای دەدات و ئەگەر ویستی لێ بێت ئەوا لێی خۆش دەبێت.

هەندێ لە زانایان دەفەرموون: ئەوە لەو تاوانانە نییە کە دەکەوێتە بەر ویستی خوای گەورەوە بەڵکو دەبێت سزا بدرێت، شەیخ الاسلام (ابن التیمیه) لەسەر ئەم

رایەیە بە بەڵگەی ڕەهایی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ ﴿٤٨﴾﴾ النساء﴾ واتە: بێگومان هەرگیز خوا لە دانانی هاوبەش بۆی نابووڕێ و لە خوار شیرکەوە لە هەر گوناهێك دەبووڕێ بۆ هەر کەسێك خۆی بیەوێت).

فەرموویەتی: شیرك خوای گەورە لێی خۆش نابێت هەرچەندە بچووك بێت، لێرەدا مەزنی تاوانی شیرك دەزانین، ئیبن مەسعود دەڵێت: ئەگەر سوێند بە خوای گەورە بخۆم بە درۆوە پێم خۆشترە لەوەی سوێندی بە غەیری خوا بخۆمو ڕاستگۆ بم)[1] چونکە سوێند خواردن بە غەیری خوا شیرکەو سوێند خواردن بە خوای گەورە بە درۆوە لە تاوانە گەورەکانە، تاوانی شیرك لەو تاوانە گەورەترە.

٧/ جێگربوونی سزا و زیندووبوونەوە.

٨/ سزا لە جۆر و جنسی تاوانەکە دەبێت.

[1] / صحيح موقوف: رواه الطبراني وصححه الألباني في الترغيب والترهيب (٢٩٥٣).

# بەدرۆ خستنەوەی قەدەر

شەیخ ابن العثیمین (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ الواقعة) مەبەست لە: (وتجعلون) واتە (تصیرون) دەیگۆڕنە (دەیکەنە) ئەویش دوو (مفعول) (نصب) دەکات، یەکەمیان بریتییە لە (رزق) و دووەمیان (أن) و ئەوەی هاتۆتە سەر، کە تەئویل دەکرێت بە چاوگ (مصدر) دەبێتە (مفعول) ی دووەم وە تەقدیر دەکرێت بە: ( وتجعلون رزقكم كونكم تكذبون أو تكذيبكم ).

ماناکەی ئەوەیە: بەدرۆی دەخەنەوە کە لە لایەن خوداوە هاتوە، ئەوەتا ئەنجامدان و رووداتی دەدەنە پاڵ جگە لەو.

مەبەست لە (رِزْقَكُمْ): (رزق) بریتییە لە بەخشین، جا مەبەستی لێرەدا ئەوەیە: ئەوەی لە باران گشتگیرترە، دوو مانا دەگرێتەوە:

**یەکەم:** مەبەست لەو (رزق)ـە: عیلمە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَآ أُقْسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٌ لَّوْ تَعْلَمُونَ عَظِيمٌ ﴿٧٦﴾ إِنَّهُۥ لَقُرْءَانٌ كَرِيمٌ ﴿٧٧﴾ فِى كِتَٰبٍ مَّكْنُونٍ ﴿٧٨﴾ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُطَهَّرُونَ ﴿٧٩﴾ تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ أَفَبِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ أَنتُم مُّدْهِنُونَ ﴿٨١﴾ وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ الواقعة) (واتە: سوێند بە جێ‌و شوێنی ئەستێرەکان (٧٥) وە ئەوەش ئەگەر بزانن سوێندێکی گەورەیە، چونکە دەلالەتی تێدایە لەسەر قودرەتی خوا (٧٦) بەراستی ئەوەی وەحیت بۆ کراوە قورئانێکی بەفەڕە (٧٧) لە نامەیەکی پارێزراودایە، واتە: (اللوح المحفوظ) (٧٨) کەس دەستی لێ نادات، فریشتەکان نەبێت (٧٩) لە لایەن پەروەردگاری جیهانەکانەوە دابەزێنراوەتە خوارەوە(٨٠) ئایا ئێوە هەر بەم قورئانە

باوەڕ ناکەن؟؟ (٨١) وە ئێوە شوکرانەی رۆزیەکەتان دەگێڕن بە کوفرانی نیعمەت و ئەڵێن بە هۆی فلانە ئەستێرەوە باران دەباریّ !(٨٢) )).

واتە: لێیان دەترسن و ڕوپامایی دەکەن، لە جێی ئەوەی سوپاس گوزاری ئەو نیعمەتە بن کە پێی بەخشیون لەزانست و وەحی کەچی بەدرۆی دەخەنەوە، ئەمەش ڕواڵەتی میانەی (سیاقی) ئایەتەکەیە.

<u>دووەم:</u> مەبەست لە (رزق): بارانە، ئەوەش لە فەرمودەیەکەوە هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) بەڵام (ضعیف)[1] ە. بەڵام لە (ئیبن عەباس )ەوە بە (صحیح)ی هاتوە لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا: مەبەست لە (رزق) بارانە، باوەڕ نەکردن پێی و دانە پاڵی ئەستێرەکانە، بۆیە ئەو ئایەتەی نوسەر هێناویەتیەوە بە تەواوی لەگەڵ باسەکەدا دەگونجیّ.

ڕێسایەک هەیە لە تەفسیردا: ئەگەر ئایەتێك دوو مانای وەردەگرت بە بیّ ئەوەی دژی یەکبن ئەوا هەردووی وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر دژیەک بن ئەوا تەنها یەکێکان وەردەگیرێت واتە: (راجح) پەسەندەکەی.

مانای ئایەتەکە ئەوەیە: خوای گەورە سەرزەنشتی ئەو کەسانە دەکات لە جێی سوپاسگوزاری (رزق)ـەکەیان بەدرۆی دەخەنەوە و خۆیان بەزل دەزانن و دوور دەکەونەوە، چونکە سوپاسگوزاری (رزق) بەباوەر پێکردن و وەرگرتن و کارکردن و گوێڕایەڵی ئەو کەسەی نیعمەتەکەی پیّ بەخشیوی دەبێت، فیترەتی پاکیش وایە نابێت کوفری ئەو کەسە بکەیت نیعمەتی پیّ بەخشیوی، جا فیترەت و عەقڵ و شەرع هەموو پێویستی دەکەن سوپاسگوزاری ئەو کەسە بیت نیعمەتی پیّ بەخشیوی، جا ئەگەر وتمان: مەبەست لە رزق بارانە کە بە هۆیەوە ژیانی زەوی

[1] / ضعيف: أخرجه أحمد والترمذي وقال احمد بن شاكر: إسناده ضعيف / المسند (٦٧٧).

تێدایە، یان وتمان مەبەست لە رزق قورئانە کە بە هۆیەوە ژیانی دڵانە، کە ئەمەش گەورەترین ومەزنترین رزقە، جا چۆن بۆ مرۆڤەکان گونجاوە وەڵامی ئەو نیعمەتە بە درۆخستنەوەی بداتەوە؟!

ئەوەش بزانە بەدرۆخستنەوە دوو جۆرە:

یەکێکیان: درۆخستنەوە بەزمان، وەکو ئەوەی بڵێت: ئەمە درۆیە، یان باران لە ئەستێرەوەیە، وەکو ئەو نمونانە.

دووەمیان: درۆخستنەوە بەزمانی حاڵ، وەکو ئەوی (انواء) و ئەستێرەکان بە مەزن بزانێت و وابزانێت ئەوانە هۆکارن، بۆیە رۆژێك (عمری کوری عبدالعزیز) ئامۆژگاری خەڵکی کردوو فەرمووی:

( ئەی خەڵکینە! ئەگەر ئێوە باوەڕی پێبکەن ئەوا گێلن و ئەگەر بە درۆی بخەنەوە ئەوا بە هەلاکەتدا دەچن) ئەمەش راستە، چونکە ئەو کەسەی باوەر دەکات وکار ناکات ئەوا گێلە، ئەوەش بەدرۆی دەخاتەوە بەهەلاکەتدا چوە، جا بە هەموو کەسێکی سەرپێچیکار دەڵێین: ئێستا تۆ وای لە نێوان دوو کاردا:- تۆ لە نێوان باوەردارێکی سەرپێچیکارو کەسێکی بەدرۆ خەرەوەی، جا ئەگەر باوەڕی پێبکەیت ئەوا تۆ گێلی، چونکە چۆن لێی ناترسیت و لەسەر رێگای راست ناڕۆیت؟ ئەگەر باوەڕی پێنەکەیت ئەوا بەڵاکە گەورەترە، چونکە تۆ کەسێکی کافری و بە هەلاکەتدا چووی.

# لە باسی قەدەردا دوو کۆمەڵ گومڕابوون:

یەکەمیان: گرووپی (الجبرية) ئەوانەی کە دەڵێن: بەندەکان ناچارن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، هیچ ویستێك و توانایەکی خۆیانی تێدا نییە.

دووەمیان: گرووپی (القدرية) ئەوانەی کە دەڵێن: بەندەکان سەربەخۆن لە ئەنجامدانی کارەکانیان بە ویست و توانای خۆیانە، ویستی خوای گەورە هیچ رۆڵێك و شوێنەوارێکی تێدا نییە.

جا بۆ وڵامدانەوەی گرووپی یەکەم: (الجبرية) بە شەرع و واقیع دەڵێین:

وڵامی شەرعی: خوای گەورە ویست و خواستی بۆ بەندەکان سەلماندووە و کاری داوەتە پاڵ بەندە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ﴿١٥٢﴾ ﴾ ال عمران) واتە: بووتان مالّی دونیای دەویست غەنیمەتو دەستکەوتی مەبەست بوو، هەیشتان بوو پاداشت و خۆشی دوارۆژی دەویست گوێی بە دەستکەوتەکە نەدەداو کێوەکەی جێ نەهێشت).

وە دەفەرموێت: ﴿ وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ۚ إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلظَّٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا ۚ ﴿٢٩﴾ ﴾ الكهف) واتە: پێیان بڵێ: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) هەق و راستی تەنها هەر ئەوەیە کە لە لای پەروەردگارتانەوە هاتووە بۆتان، کەواتە دوای ئەو بێ دینە غافڵانە مەکەون، ئینجا پاش دەرکەوتنی هەق و راستی هەمووشتان سەربەستن کێ باوەڕ دێنێ و موسڵمان دەبێ با بڕوا بێنێ کێش دەیەوێ کافر و بێ بڕوا بێت با هەر کافر بێت، دیارە ئەمە هەڕەشەیە، بێ

گومان ئێمە ئاگرێکی گەرمان بۆ ناهەقکاران و ستەمکارانی کافران ئامادە کردووە کە گڕوو بڵێسەکەی یان دڕێژییەکەی وەک پەردەی خێوەت هەموو لایەکی گرتوون).

وە دەفەرموویت: ﴿مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾﴾ فصلت) واتە: ئەوەی کارێکی چاکی کردبێت هەر بۆ خۆیەتی و هەر خۆی کەڵکی لێ دەست دەکەوێ، ئەوەش کارێکی خراپی کردبێ ئەویش هەر بە زیانی خۆیەتی، پەروەردگاریشت هەرگیز غەدرباز و ستەمکار نییە لە بەندەکانی و بێ کەمو کورت پاداشتیان ئەداتەوە).

وەڵامی واقیعی: هەموو مرۆڤێك دەزانێت جیاوازی هەیە لە نێوان کارە هەڵبژاردووەکانی خۆیدا، کە خۆی بە ویستی خۆی ئەنجامی دەدات وەك خواردن و خواردنەوەو کڕین و فرۆشتن، لە نێوان ئەوەی بەبێ ویستی خۆی ئەنجامی دەدا، وەکو (لەرزین) بەهۆی (تا) وە، بەربوونەوەی لەسەر بان، جا ئەوە لە یەکەمدا بکەرەو بە ویستی خۆی کارەکانی هەڵبژاردووە بەبێ ناچاری، لە دووەمدا بەبێ هەڵبژاردنی خۆی و بەبێ ویستی خۆی ئەنجامیدا.

وە بۆ وڵامی گرووپی دووەم (القدرية) بە شەرع و عەقڵ دەڵێین:

وەڵامی شەرعی: خوای گەورە داهێنەرو دروستکاری هەموو شتێکە وە هەموو شتێك بە ویستی ئەو پەیدا بووە، جا خوای گەورە لە کتێبەکەیدا رووندیکردووەتەوە کەوا کردەوەی مرۆڤەکان بە ویستی خۆی دەبێت، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلَ ٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ وَلَٰكِنِ ٱخْتَلَفُوا۟ فَمِنْهُم مَّنْ ءَامَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلُوا۟

﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ ٢٥٣﴾ البقرة) واتە: خۆ ئەگەر خوا ویستبای (ئەوانەی کە لەدوای ئەم گشت پەیامبەرانەوە هاتن)، باوەڕدار دەبوون و شەڕی یەکتریان نەدەکرد بە تایبەتی پاش ئەو هەموو بەڵگەو نیشانانە بۆیان هات بەڵام ئەوان لەناو خۆیاندا تێك چوونو دژایەتی یەکتریان کرد ئینجا هەندێکیان باوەڕیان هێنا و هەشیانبوو بێ بڕوا و خوانەناس مایەوە ئەگەر خوا ویستبای بەر نەدەبوونە یەکتر و یەکتریان نەدەکوشت بەڵام ئەوەی کەخوا خۆی دەیەوێ لەڕووی حیکمەت و زانینەوە بیکا، دەیکا).

وە دەفەرموویت: ﴿وَلَوۡ شِئۡنَا لَأٓتَيۡنَا كُلَّ نَفۡسٍ هُدَىٰهَا وَلَٰكِنۡ حَقَّ ٱلۡقَوۡلُ مِنِّي لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ١٣﴾ السجدة) واتە: ئەر ویستبامان بە زۆر هەموو کەسێك بێنینە سەر رێی هیدایەت ئەوا هەموو کەسێکمان بە زۆر دەهێنایە سەر رێی راستو هیدایەتمان دەدا، بەڵام گفتەکە لە منەوە سابت بووە کە دەبێ دۆزەخ پڕ بکەم لە جنۆکە وئادەمی).

وەڵامی عەقڵی: ئەم گەردوونە هەمووی مولکی خوای گەورەیە، مرۆڤیش لەم گەردوونەدایە بۆیە ئەویش مولکی خوایە وە نابێت و ناکرێت کۆیلەیەك بە ویستی خۆی هەڵسوکەوت بکات لە مولکی خاوەنەکەیدا بەبێ ویستی ئەو.[1]

[1] / مجموع فتاوى ورسائل الشيخ – قسم العقيدة نبذة في العقيدة.

# حوکمی ئەو کەسەی بانگەشەی زانینی عیلمی غەیب دەکات

شەیخ (ابن العثیمین) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: حوکمی ئەو کەسەی بانگەشەی زانینی عیلمی غەیب دەکات ئەوا کافرە، چونکە ئەوە باوەڕی بەخوای گەورە نییە و بە درۆی دەخاتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴿٦٥﴾﴾ النمل) واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) پێیان بڵێ: هیچ کەسێك لەوانەی کە لەئاسمانەکان و زەویدان (بێجگە لەخوا) ئاگایان لەغەیب نییە و نازانن و هەست ناکەن کەی زیندوو دەکرێنەوە).

جا ئەگەر خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کردبێت بە هەموو خەڵکی رابگەیەنێت کە هیچ کەسێك نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەویدا غەیب نازانێت تەنها خوا نەبێت، جا هەر کەسێك بانگەشەی عیلمی غەیبی کرد ئەوا باوەڕی بەخوا نەکردووە لەم هەواڵەدا، بەو کەسانە دەڵێین: چۆن ئێوە عیلمی غەیب دەزانن و کەچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) غەیب نازانێت، ئایا ئێوە ڕێزدارترن یان پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ جا ئەگەر وتیان: ئێمە ڕێزدارترین لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوا کوفریان کرد بەو قسەیان، ئەگەر وتیان: ئەو ڕێزدارترە، پێیان دەڵێین: بۆ خوای گەورە عیلمی غەیب لەو دەشارێتەوەو ئێوە دەیزانن؟؟ کەچی خوای گەورە دەربارەی خۆی دەفەرموێت: ﴿عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ فَإِنَّهُۥ يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا ﴿٢٧﴾﴾ الجن) واتە: ئەو زاتە زانای نادیار و غەیبە،غەیبی خۆی بۆ هیچ کەسێك دەرناخاو ئاشکرا ناکا (٢٦)

مەگەر بۆ پەیامبەرێك كە خۆی لێی رازی بێت، ئەو كاتە ئاگاداری هەندێ لە نهێنییەكانی خۆی دەكات، كەوابوو غەیب زانین، تایبەتە تەنها بەزاتی پەروەردگارمانەوە (جل جلاله) ئیتر هیچ كەسێك پەی پێ نابات، مەگەر كەسێكی خاوەن خووی جوان و شیرین و راسان و ملكەچ بۆ فەرمانەكانی خوا لە پەیامبەران، جا بێگومان ئەو كاتە پەروەردگارت فریشتە دەكاتە پاسەوانی لە پێش و لە پشتییەوە بۆ پاراستنی لە دەستی شەیاتین و دزینی بۆ جووكییەكان).

ئەمەش ئایەتێكی تردە بەڵگەیەكی تری لەسەر ئەوەی هەر كەسێك بانگەشەی عیلمی غەیب بكات كافرە، خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەكەی(ﷺ) كردووە بە هەموو خەڵكی ڕاگەیەنێت، دەفەرموێت: ﴿قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ إِنِّي مَلَكٌۖ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۚ ٥٠﴾ الأنعام) واتە: پێیان بڵێ: خۆ من بە ئێوە نالێم كلیلداری گەنجینەكانی خوام ناشڵێم لەگشت غەیب و نادیارێك دەزانم و ناشڵێم من فریشتەم،پەیڕەوی لەو وەحی و نیگایە ئەكەم كەخوا بۆم دەنێرێ).

# حوکمی ئەو کەسەی باوەڕی وایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نووڕێکە لە نووری خواو مرۆڤ نییەو عیلمی غەیب دەزانێت

**ئەمجار هاواری پێدەکات و وادەزانێت زیان و قازانجی بەدەستە، ئایە دروستە نوێژ لەپشت کەسێکەوە بکەیت باوەری وابێت یان لەسەر شێوەی ئەو؟**

شەیخ ئیبن العثیمین (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: هەر کەسێك باوەڕی وابوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوورە لە نووری خوا و مرۆڤ نییە و عیلمی غەیب دەزانێت ئەوا کافرە بەخواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ)، یەکێکە لە دوژمنانی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) و هەرگیز لە خۆشەویستان و ئەولیای خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نییە چونکە ئەو قسەیەی ئەو بە درۆ خستنەوەی خواو پێغەمبەرەکەیەتی(ﷺ)، هەر کەسش خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بەدرۆ بخاتەوە ئەوا کافرە، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەم قسەیەی بە درۆخستنەوەی خواو پێغەمبەرەکەیەتی(ﷺ)، ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴿١١٠﴾﴾ الكهف) واتە: پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر(ﷺ): منیش تەنها هەر مرۆڤێکم وەك ئێوە).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴿٦٥﴾﴾ النمل) واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) پێیان بڵێ: هیچ کەسێك لەوانەی کە لەئاسمانەکان و زەویدان _بێجگە لەخوا_ئاگایان لەغەیب نییە).

وە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ إِنِّي مَلَكٌۖ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۚ ٥٠﴾ الأنعام) واتە: پێیان بڵێ: خۆ من بەئێوە نالێم کلیلداری گەنجینەکانی خوام ناشڵێم لەگشت غەیب و نادیارێك دەزانم وناشڵێم من فریشتەم،پەیڕەوی لەو وەحی و نیگایە ئەکەم کەخوا بۆم دەنێرێ ).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ١٨٨﴾ الأعراف) واتە: بڵێ من خاوەنی هیچ شتێك (چ سوود، چ زیان) بۆ خۆشم نیم، مەگەر ئەوەندە خوا مەیلی هەبێت ئەگەر من غەیب و نادیارم زانیبا بێ وەحی ئەو کاتە خێرو بێری زۆرم بۆخۆم گیر دەکەوت و قەتیش خراپەو زیانم تووش نەئەبوو هەموو بزانن من تەنها ترسێنەرو موژدەدەرم بۆ کەسانی بڕوا دەکەن بەپەیامبەرێتی من).

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ، أَنْسَى كَمَا تَنْسَوْنَ، فَإِذَا نَسِيتُ فَذَكِّرُونِي)[1] واتە: من تەنها مرۆڤێکم وەکو ئێوە، لە بیرم دەچێت هەروەکو ئێوە لە بیرتان دەچێت، جا ئەگەر لە بیرم چوو ئەوا یادم بخەنەوە).

هەر کەسێك هاواری بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد و باوەڕی وابوو کە زیان و قازانجی بە دەستە ئەوا کافرە و باوەری بەخوای گەورە نییەو موشریکە، بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ

[1] / صحيح: أخرجه البخاري ومسلم.

لَكُمْۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ غافر) واتە: پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لەمن بکەن و لەمن بپارێنەوە، منیش وەڵامتان دەدەمەوە بێگومان ئەوانەی خۆ بە گەورە دەزانن لە پەرستنم بەتەنیا بێگومان بەسەر شۆڕی و بە بچوکی دەچنە دۆزەخەوە).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنِّي لَآ أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ﴿٢١﴾ قُلْ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا ﴿٢٢﴾﴾ الجن) واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) پێیان بڵێ: بەڕاستی من هیچ جۆرە زیان و قازانجێکم بەدەست نییە بۆتان (٢١) پێیان بڵێ: بەڕاستی هیچ کەسێك نییە پەنام بدات لەئاستی سزای خوادا، ئەگەر سەرپێچی بکەم وەبێ لەویش هیچ پەناگەیەك نییە هەڵبێم بۆی (٢٢).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخزمەکانی فەرموو: (لا أغني عنكم من الله شيئاً)[1] واتە: هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنم لای خوای گەورە) هەروەکو بە (فاطمة)ی کچی و صفیەی پوری فەرموو.

دروست نییە نوێژ لە پشت ئەم کابرایەوە بکرێتو لە شێوەی ئەو بێت، نوێژەکەی تەواو نییە لەپشت ئەو جۆرە کەسانەوە، هەروەها دروست نییە بکرێتە پێشنوێژی موسڵمانان.

[1] / صحيح: أخرجه البخاري.

# حوکمی کەسێك بڵێت: خوا لە هەموو شوێنێکە.

**پرسیار: هەندێ کەس ئەگەر پرسیاریان لێ بکرێت: خوا لە کوێ یە؟ دەڵێت: خوا لە هەموو شوێنێکە یان (مەوجودە)، ئایا ئەم وەڵامە تەواوە بەو شێوە رەهایە؟**

وەڵام: شیخ ئیبن العثیمین (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەم وەڵامە ناڕەوایە بە شێوەی رەهاو بەشێوەی تەفسیریش جا ئەگەر پرسیاری لێکرا خوا لە کوێ یە؟ ئەوا با بڵێت: (لە ئاسمانە) هەروەکو وەڵامی ئەو ئافرەتە پێغەمبەری خوا(ﷺ) پرسیاری لێکردوو فەرمووی: خوا لە کوێ یە؟ ئەویش فەرمووی: (لە ئاسمانە)[1].

بەڵام هەر کەسێك تەنها وتی: مەوجودە، ئەوا خۆڵادانە لە وەڵامەکەو خۆدزینەوەی تێدایە.

بەڵام هەر کەسێك بڵێت: (خوای گەورە لە هەموو شوێنێکە ) مەبەستیشی زاتی خوای گەورە بێت ئەوا (کوفرە) چونکە بەدرۆ خستنەوەی دەلالەتی ئایەت و فەرموودەکانە، بەڵکو بەڵگە بیستن و عەقڵی و فیترییەکانە، کە خوای گەورە بەرزە بەسەر هەموو شتێکەوەو لەسەرووی ئاسمانەکانەوەیە و لەسەر عەرشی خۆی ئیستیوای کردووە.

---

[1] / صحيح: أخرجه مسلم.

# حوکمی ئەو کەسەی دەڵێت: خوای گەورە لەسەر عەرشەکەی ئیستوای کردووە بەشێوەیەکی هێمایی (رمزی)

شەیخ ئیبن العثیمین (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: هەر کەسێك ئەگەر بەجوانی بڕوانێتە قورئانو حەقی خۆی پێ بدات لە تێڕوانیندا دەزانێت قورئانی پێڕۆز هیچ شتێکی تێدا نییە ماناکەی هێمایی بێت، چونکە هێما جیاوازە لە گەڵ ڕوونکرنەوەی قورئاندا، دووەم لە گەڵ دەلالەتیدا، چۆن وا دەبێت لە کاتێدا خوای گەورە دوربارەی دەفەرموێت: ﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى ﴿٨٩﴾ ﴾ النحل) واتە: وە ئەم قورئانەشمان بۆ ناردیت ئەی پێغەمبەر(ﷺ) تاهەموو شتێك ڕوون بکاتەوە وەببێتە ڕەحمەت ومژدە بۆ موسڵمانان).

وە دەفەرموێت: ﴿ كِتَٰبٌ فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ ﴾ فصلت) واتە: ئەم نامەیە کە ئایەت و مەبەستەکانی جودا کراونەتەوە لەیەکتر بەلەفزو بەمانا خوێنراوەیە کە بەزمانی عەرەبی بۆ خەڵکانی بزانن و دانابن).

خوای گەورە لە وەصفی ئەم قورئانەدا دەفەرموێت: ﴿ حمٓ ﴿١﴾ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٣﴾ ﴾ الزخرف) واتە: حا میم (١) سوێند بەم قورئانە کە ئاشکراو نمایانەو ڕوون کەرەوەی ئەحکام و بڕیارەکانی خوایە (٢) بێ گومان ئێمە کردمان بەخوێندنەوەیەکی شێوە زمانی عەرەبی تا بەڵکو لەماناو مەبەستەکەی تێ بگەن و خۆتانی پێ ببەستنەوە.(٣))

دەفەرموێت: ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْءَانٌ مُّبِينٌ ﴿٦٩﴾ ﴾ یس) واتە: ئەوەیش کەئەو دەیڵێ هەرپەندو ئامۆژگاری و قورئانێکی ڕوون و ئاشکرایە).

جا چۆن ئەم قورئانەی کە بۆ ڕوون کردنەوەی هەموو شتێك دابەزیوەو ئایەتەکانی ئاشکراو ڕوونی کردووەتەوە، خوای گەورە وەصفی کردووە کە ئەم قورئانە (مبین)ـە واتە (ڕوونکەرەوە) لێی تێبگەین، ئەم قورئانەی بە عەرەبی دابەزاندوە بۆ ئەوەی لێی تێبگەین و لێی حاڵی ببین و بیری لێبکەینەوە، دەڵێم: قورئانێك ئەمە وەسفی بێت چۆن دەبێت وەصفی بە هێما بکەین؟ هەروەها لە گەورەترین مەبەستەکاندا کە سیفاتی خوای گەورەیە؟

ئێمە ئەگەر بەوپەری شێوە ڕێگری لەوە بکەین لە حوکمە (تەکلیفیەکان)دا دەلالەتی هێما هەبێت کە تایبەتە بە کردەوەی بەندەکانەوە کە ڕەنگە لە هەندێکیاندا بواری ئیجتهادی تێدا بێت بە پێی ویستی شەریعەت، ئایە چۆن ڕێگا بە خۆمان دەدەین کار بە دەلالەتی هێما بکەین لە چەند باسێکدا کە هیچ بواری ڕاو بۆچوونی تێدا نییە بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بەناو سیفاتەکانی خوداوە هەیە؟

ئێمە ئەگەر ڕێگامان بە خۆمان دا ئەوا خەڵکی لە قسەکانی خوای گەورە و پێغەمبەری خوادا (ﷺ) یاری دەکەن و هەر کەسە لای خۆیەوە یان هەر گروپە لای خۆیەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم ئایەتە یان ئەم فەرموودەیە هێمایە بۆ ئەو شتەو ئەو شتە، چیتر شەریعەتی ئیسلام وەکو بیرو باوەڕو وەکو بەرنامە پووچەڵ دەبێتەوە.

نازانم پێی هیچ ئیماندارێك جێگیر و سابت دەبێت لەم دونیایەدا یان لەو کاتەی دەگاتە خواکەی خۆی لە قیامەتدا لە کاتێکدا ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە

قسەکانی خوای گەورەدا دەلالەتی هێمایی هەیە؟ لە کاتێکدا خوای گەورە خۆی وەسفی ئەوەی کردووە کە ئەم قورئانە بە زمانی عەرەبی دابیەزاندوە بۆ ئەوەی تێفکرین و لێی تێبگەین بە پێی ئەو زمانە عەرەبییەی کە پێی دابەزیوە.

بۆیە دەبێت لە قورئان تێبگەین بە پێی زمانی عەرەبی، لەزمانی عەرەبیشدا ئەوە زانراوە کە (استواء) ئەگەر لە گەڵیدا (علی) هات ئەوە مانای بەرزوو بڵندی (العلو والإرتفاع ) دەگرێتەوە، بەڵام دەبێت دەربارەی ئیستوای خوای گەورە لەسەر عەرشەکەی دوو بابەت تێبگەین:

**یەکەمیان:** ئیستوای خوای گەورە لەسەر عەرشەکەی وەکو ئیستوای مرۆڤەکان نییە لەسەر کەشتی و گیاندار و خەوگەکان، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ ﴿١١﴾﴾ الشوری) واتە: هیچ شتێك نییە لە وێنەی ئەو (خوا)یە). لەبەر ئەوەی نابێت سیفەتی خوای گەورە(دروستکار) وەکو سیفەتی دروستکراوەکانی بێت، چونکە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان دروستکارو دروستکراودا.

**دووەمیان:** ئێمە چۆنییەتی ئیستیواکەی نازانین بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا ﴿١١٠﴾﴾ طه) واتە: ئەوان بەزانین و عیلم ناتوانن دەورە بدەن بە بەڕێوەبردن و حیکمەتی خوا )).

لە بەر ئەوەی خوای گەورە هەواڵی پێ داوین دەربارەی ئیستواکەی خۆی بەڵام دەربارەی چۆنیەتیەکەی هەواڵی پێ نەداوین، کەسی ئامادە نەبوو (غائب) کە هەواڵ دەربارەی دەدرێت چۆنیەتیەکەی نازانرێت تەنها بە بینین نەبێت یان بە بینینی هاوشێوەکەی یان هەواڵێکی راست دەربارەی زاتی هاتبێت، بۆیە کاتێ

پرسیار کرا لە ئیمامی مالیك دەربارەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ طه).

فەرمووی: (الاستواء غیر مجهول والکیف غیر معقول والایمان به واجب والسؤال عنه بدعة ) واتە: ئیستیواکەی نەزانراو نییە و چۆنیەتیەکەی ماقوولّ نییە (واتە: عەقلّ پەی پێ نابات) و باوەڕ پێهێنانی واجیبە و پرسیار کردن دەربارەی بیدعەیە).

جا (رەحمەتی خوای لێ بێت) رووونی کردەوە کە ئیستواکەی زانراوە چونکە نەفی نەزانینی لێکرد کە ئەویش بریتییە لەبەرزی وە چۆنیەتیەکەی عەقلّ درکی پێ ناکات بەڵکو بیستن درکی پێ دەکات، ئەوەش شتی دەربارە نەهاتبێ بە نەزانراوی دەمێنێتەوە، باوەڕبوون بەئیستوا پێویستە (واجب)ـە بەپێی ئەوەی خوای گەورە دەیەوێت و مەبەستیەتی جا ئەگەر تێگەیشتین لە چۆنیەتیەکەی یان تێنەگەیشتین،پرسیارکردن دەربارەی واتە دەربارەی چۆنیەتیەکەی بیدعەیە، چونکە ئەو پرسیارکردنە لە ئاکارو رەوشتی بیدعەکارانە و لەبەر ئەوەی ئەو پرسیارە لە لایەن هاوەڵانەوە نەکراوە کە ئەوان سورترین کەس بوون لەسەر سەلامەتی باوەڕیان و چاککردنەوەی و تێگەیشتنی قسەکانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ).

بەراستی ئەمە تەواوترین قسەیە دەربارەی ئیستوای خوای گەورە هاتبێت لەسەر عەرشەکەی خۆی و دەربارەی ئەو دوای سیفەتەکانی دەبێ لەسەر رواڵەتی قسە تێگەیشتوەکە برۆین بەپێی زمانی عەرەبی بەڵام بەبێ چۆنییەتی و شوبهاندن.

ئەگەر کەسێك وتی: ئەگەر ئێوە تەفسیری ئیستوای خوای گەورە بکەن لەسەر عەرشەکەی بە بەرزی لە سەرییەوە یان بڵێندی ئەوا پێویستە بڵێن: ئەو ئیستوای کردووە بەسەر هەموو شتێکدا هەرچۆن بەرزە بەسەر هەموو شتێکدا؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێین: ئەوە پێویست نییە لەسەرمان، چونکە ئیستواکردن لەسەر شتێك تایبەتترە لە بەرزییەکی رەها لەسەری، جا ئەوە بەرزییەکی تایبەتە بەشێوەیەك کە ئیستوای لەسەر بێت، بۆیە هەندێ لە سەلەف تەفسیریان کردووە بە (استقرار) (جێگربوون) سرەوتن.[1]

مەبەست لە: (كما بيَّن كثير من أشياء الجنة للبشر في لغتهم كي يفهموا ويدركوا معانيها) واتە: هەروەکو چۆن چەندین شتی بەهەشتی روون کردووەتەوە بۆ مرۆڤەکان بە زمانی خۆیان بۆ ئەوەی لێی تێ بگەن و درك بە ماناکەی بکەن).

جا ئەمە حەق و راستییە، بەڵام ئایە کەسێك دەربارەی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿فِيهِمَا فَٰكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ ﴿٦٨﴾﴾ الرحمن) واتە: جۆراو جۆر درەختی میوەو دارخورماو هەناریان تێدایە) ئایە دەڵاڵەتی ئەوە ناکات کە لە دوو بەهەشتەکەدا میوەو دارەخورماو هەنار هەیە، یان دەڵاڵەتی ئەوە دەکات شتی وای تێدایە هێمایە بۆ میوەو دارەخورما و هەنار؟ یان دەڵێت: لە دوو بەهەشتەکەدا میوەو دارەخورما و هەنار هەیە لەسەر رووی راستی بەڵام هیچ شوبهاندنێك نییە بە دارەخورماو هەنارو میوەی دونیا.

جا ئەگەر لە سەر قسەی کەسی یەکەم بڵێت کەواتە دەربرین بەمیوەو دارەخورما وهەنار چ سودێکی هەیە؟ چونکە هێما دەربرین بەو سێ شتە یان جگە لەوان وەکو یەکن، ئەگەر لەسەر قسەی کەسی دووەم بڵێت ئەوە حەقە چونکە لە

[1] / (ئەگەر ئەو دوو وشەیە ماناى تەواوى وشەکە بگەیەنێت )

بەهەشتدا میوەو دارەخورماو هەنار هەیە بەڵام بەوانەی دونیا ناکات و ناشوبهێنرێت بە بەڵگەی ئەو فەرموودە قودسییە کە دەڵێت: (أعددت لعبادي الصالحين ما لا عين رأت ولا أذن سمعت ولا خطر على قلب بشر)[1] واتە: بۆ بەندە چاکەکانی خۆم شتی ئەوتۆم ئامادە کردووە هەرگیز هیچ چاوێك نەیبینیوەو هیچ گوێیەك نەیبیستوەو بە دڵی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتوە).

ئا بەو شێوەیە دەڵێین دەربارەی ئیستوای خوای گەورە لەسەر عەرشەکەی کەوا ئەوە حەقە بە پێی ئەوەی زمانی عەرەبی مەبەستیەتی، بەڵام بەشێوەی ئیستوای دروستکراوەکان نییە لەبەر ئەوەی لەپێشدا باسمان کرد لە نەبوونی شوبهاندن لە نێوانیاندا بەعەقڵ و بیستن.

[1] / صحيح: أخرجه البخاري.

# ئایا دروستە مرۆڤ داوا لەخوا بکات هیدایەتی شەیتانەکەی بدات؟

شەیخ (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێ: نابێت هیچ کەسێك داوا بکات بەم دوعایە، چونکە لە گەڵ حیکمەت و قەزاو قەدەری خوای گەورەدا پێچەوانەیە، چونکە خوای گەورە بە حیکمەتی خۆی قەزای لەعنەتی کردووە بەسەر ئیبلیسدا تاکو رۆژی دوایی.

# حوکمی خزمەتکردنی مرۆڤ لە لایەن جنۆکەوە

شەیخ ئیبن العثیمین (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (شیخ الاسلام (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبی (مجموع الفتاوی) دا بەرگی یازدە باسی ئەوەی کردووە کەوا بە کار هێنانی جنۆکە لە لایەن مرۆڤەوە پێك هاتوە لە سێ حاڵەت:

<u>یەکەم</u>: بە کاری بهێنێ لە گوێڕایەڵی خوادا وەکو ئەوەی بیکاتە هۆکارێك بۆ گەیاندنی دینی خوا، بۆ نمونە ئەگەر هاوڕێیەکی جنۆکەی ئیمانداری هەبوو با زانیاری لێ وەرگرێت و بە کاری بهێنێ بۆ گەیاندنی دینی خوا بۆ جنۆکەکانی تر، یان بۆ یارمەتیدان لە سەر داواکراوێکی شەرعی جا ئەوە دەبێتە کارێکی باش یان پێویست، ئەوەش بەشێکە لە بانگەواز بۆ دینی خوا، جا جنۆکە ئامادە بوون لە خزمەتی پێغەمبەردا(ﷺ) و ئەویش قورئانی بەسەردا خوێندنەوە ئەوانیش گەڕانەوە بۆ لای قەومەکەیان و ئاگاداری ئەوانیان کردەوە، جنۆکەش پیاوچاکیان تێدایە، لە خواترس و زاهیدو زانایان تێدایە، چونکە کەسێ ترسێنەر (منذر) بێت دەبێت زانا بێت دەربارەی ئەو شتەی خەڵکی لێ ئاگادار دەکاتەوەو هەروەها لە خواترسیش بێت.

دووەم: بە کاریان بهێنێ لە کاروباری حەڵاڵدا، جا ئەمە دروستە بە مەرجێك هۆکارەکەی (وەسیلە)کە حەڵاڵ بێت، بەڵام ئەگەر حەرام بوو ئەوا ئەو کارەش حەرام دەبێت، بۆ نمونە جنۆکەکە خزمەتی ناکات تاوەکو شیرك بۆ خوای گەورە بریار نەدات، وەکو ئەوەی بۆ جنۆکەکە شتێك سەربڕێت، یان کرنۆشی بۆ ببات یان سوژدەی بۆ ببات و لەو شێوانە.

سێیەم: بە کاریان بهێنێ لە کاروباری حەرامدا، وەکو تاڵان کردنی مالّی خەڵکی و ترساندنیان و لەو شێوانە، جا ئەمە حەرامە چونکە دوژمنایەتی و ستەمی لێ دەکەوێتەوەو ئەمجار ئەگەر وەسیلەکە حەرام بوو یان شیرك بوو ئەوا گەورەتر و تووندترە.

# حوکمی ئەو کەسانەی لە رێگای تەلەسمەوە جنۆکە ئامادە دەکەن کە دەیڵێن و وایان لێ دەکەن گەنجینەی شاردراوی ژێر زەوییان بۆ دەربهێنێ

شەیخ –ڕەحمەتی خوای لێ بێت– دەفەرموێت: ئەم کارە دروست نییە چونکە ئەم تەلەسمانە جنۆکەی پێ ئامادە دەکەن و بە کاریان دەهێنن زۆر جار هیچ لەوانە بەبێ شیرك ناکرێت و شیرکیش کارێکی ترسناکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾﴾ المائدة) واتە: چاك بزانن هەرکەسێك شەریكو هاوبەش بۆ خوا دابنێ بێ شك خوا بەهەشتی لەسەر یاساغ دەکا جێ و شوێنی ئاگرە ستەمکارانیش هیچ جۆرە یارمەتیدەرێکیان بۆ نییەو ڕزگار نابن ).

جا ئەوانەی دەچن بۆ لایان فریویان دەدەن و لە خشتەیان دەبەن، فریویان دەدەن بەوەی ئەوان لە ناخی خۆیاندا وا دەزانن ئەوان لە سەر حەقن و دەخڵافێن بەوەی کە ئەو هەموو پارەیان دەدەنێ بۆیە دوور کەوتنەوە لەوانە پێویستە، خەڵکی وازیان لێ بهێنن و چیتر نەڕۆن بۆ لایان، ئاگاداری برا موسڵمانەکانی خۆی بکاتەوە چیتر نەچن بۆ لایان، زۆربەی ئەوانە فێڵ لە خەڵکی دەکەن و دەست بەسەر سامانەکەیاندا دەگرن بە بێ حەق، هەر لە خۆیانەوە قسە دەڵێن جا ئەگەر قەدەری خوا وابوو لە گەڵ قسەی ئەواندا ڕێککەوت ئەوا لە ناو خەڵکیدا بڵاوی دەکەنەوە و دەڵێن: ئێمە ئەو قسەیەمان وت و ئەوەتا رووبدا و ئێمە ئەو قسەیەمان وت و ئەوەتا رووبدا، ئەگەر لەگەڵ قسەی ئەواندا ڕێك نەکەوت ئەوا چەند قسەو هۆیەکی پووچ دەهێننەوە کە ئەوانە ڕێگر بوون لەبەردەم رووداتی قسەکانی ئێمەدا،

جا من ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکەم تووشی ئەو بەڵایە هاتوون و پێیان دەڵێم: وریابن لەوەی درۆ لە گەڵ خەڵکیدا بکەن و شەریك بۆ خوا بریار بدەن و سامانی خەڵکی بە ناڕەوا بخۆن، چونکە دڵنیابن تەمەنی دونیا کورتەو لێپرسینەوەی رۆژی قیامەت سەختە، بۆیە لەسەرتانە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خواو واز لەو کارە بهێنن، کارو کردەوەتان چاك بکەنەوەو چیتر سەروەت و سامانتان پاك بکەنەوەو خوایش پشت و پەنامانە.

# حوکمی ئەوکەسەی نکۆڵی لە ژیانی دواڕۆژ دەکات و باوەڕی وابێت ئەوە لە ئەفسانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە

شەیخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: هەر کەسێك نکۆڵی لە ژیانی دوا ڕۆژ بکات و باوەڕی وابێت ئەوە لە ئەفسانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە ئەوا کافرە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَقَالُوٓاْ إِنۡ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا وَمَا نَحۡنُ بِمَبۡعُوثِينَ ٢٩ وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذۡ وُقِفُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمۡۚ قَالَ أَلَيۡسَ هَٰذَا بِٱلۡحَقِّۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَرَبِّنَاۚ قَالَ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ ٣٠﴾ الأنعام) واتە: هەتا لەژیانی دونیا بوون دەیانووت: بێجگە لەم ژیانەی دونیایەمان هیچ ژیانێ تر نییەو قەتیش زیندوو ناکرێینەوە(٢٩) ئەگەر ئەو کاتەی کە لە پێش پەروەردگاریاندا ڕادەگیرێن بۆ لێکۆڵینەوە بیانبینی! !خوا پێیان دەفەرموێ: دەئاخۆ ئەم زیندوو بونەوەیە ڕاست و ڕەوان نەبوو؟ ئەوانیش دەڵێن: بەڵێ سوێند بەپەروەردگارمان، پێیان ئەفەرموێ: دەسا بەهۆی ئەوەی لەدونیادا کافرو بێ باوەڕ بوون، ئێستا فەرموون سزاو جەربەزەی ئەوە بچێژن (٣٠).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ١٠ ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ ١١ وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعۡتَدٍ أَثِيمٍ ١٢ إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ١٣ كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ١٤ كَلَّآ إِنَّهُمۡ عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّمَحۡجُوبُونَ ١٥ ثُمَّ إِنَّهُمۡ لَصَالُواْ ٱلۡجَحِيمِ ١٦ ثُمَّ يُقَالُ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ١٧﴾ المطففين) واتە: تیاچوون لەو ڕۆژەدا بۆ بەدرۆ خەڕەوان (١٠) ئەوانەی بڕوایان بەڕۆژی پاداش و تۆڵە نییەو

بەدرۆی دەزانن (١١) خۆ مەگەر هەر مرۆڤە سنور بەزێن و گوناهبارەکان بەدرۆی بزانن و باوەڕی پێ نەکەن (١٢) کاتێ ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا بخوێندرێ دەڵێ ئەمە ئەفسانەی پێشینانە تۆمارکراوە (١٣) نا (ئەفسانەی پێشووان نییە) بەڵکو ئەوەی دەیانکرد لە تاوانو گوناە زاڵ بووە بە سەر دڵەکانیاندا، بۆیە راستو ناراست لە یەک ناکەنەوەو ئایەتەکانمان بە درۆ دەخەنەوە(١٤) ئاگادارین! بەڕاستی ئەوانە لەو ڕۆژەدا لەدیتنی خواوەندیان مەحجوبنو نایبینن (١٥) پاشان بێ گومان دەخرێنە ناو دۆزەخەوەو دەسوتێن (١٦) پاش چوونە ناو دۆزەخ پێیان ئەوترێ: ئەمە ئەو سزایەیە ئێوە بەدرۆتان دەزانی (١٧).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ بَلْ كَذَّبُوا۟ بِٱلسَّاعَةِ ۖ وَأَعْتَدْنَا لِمَن كَذَّبَ بِٱلسَّاعَةِ سَعِيرًا ﴿١١﴾ ﴾ الفرقان ) واتە: نا ئەوانە هیچ هۆیەک نییە بۆ نکۆڵی ململانێیان، ئەوە نەبێت کەهەر ڕۆژی قیامەتیان بەدرۆ دادەنا، ئێمەش ئاگرێکی سووتێنەری بۆ ئامادە کردووە بۆ هەر کەسێ قیامەت بە درۆ دادەنێ).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَلِقَآئِهِۦٓ أُو۟لَٰٓئِكَ يَئِسُوا۟ مِن رَّحْمَتِى وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٣﴾ ﴾ العنكبوت) واتە: ئەو کەسانەی بڕوایان نەکرد بەئایەت و بەڵگەکانی خواو،بەدیدارو خزمەت گەیشتنی بۆ لێپرسینەوە دیارە ئەوانە مەیئوس و بێ هیوان لەبەزەیی و دلۆڤانی من، ئەوانە سزایەکی زۆر بەژان و بە ئێش ئامادەیە بۆیان).

جا قەناعەت کردن بەو بێ باوەڕانە بەچەند ڕێگایەک دەبێت لەوانە:

<u>یەکەم</u>: باسی زیندووبونەوە بە ڕێگای (متواتر)ی پێمان گەیشتوە لە پێغەمبەران و لەو کتێبانەوە لە لایەن خوداوە هاتوەو لە شەرعە ئاسمانییەکاندا، ئوممەتەکانیان

ئەو هەواڵەیان وەرگرتوەو بەڕاستیان زانیوە، چیتر چۆن نکۆڵی لێ دەکەن لەکاتێکدا باوەڕ بەهەر هەواڵی فەیلەسوفێك یان خاوەن مەبدەئێك یان بیرۆکەیەك دەکەن ئەگەر لەوانەوە هەرشتێك بۆ ئێوە هاتبێت، هەر چەندە ئەو هەواڵانە نەگەیشتوونەتە پلەی هەواڵی زیندووبونەوە نە لەڕێگای هۆکاری گواستنەوە و نە لەبینینی واقیعدا!

**دووەم**: باسی زیندووبونەوە عەقڵ شایەتی بۆ دەدا ئەویش لە چەند رووبەکەوە:

١/ هیچ کەسێك نکۆڵی لەوە ناکات کە بوونەتە دروستکراوێك لە پاش ئەوەی هیچ نەبووە (عەدەم بوە)، هێناویەتییە بوون پاش ئەوەی نەبوە، جا ئەو کەسەی دروستی کردووەو هێناویەتیە بوون پاش ئەوەی هیچ نەبوە بەتوانایە جارێکی تر بیهێنێتەوەو زیندووی بکاتەوە، هەروەکو خوای گەورە خۆی دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ ۚ وَلَهُ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢٧﴾﴾ الروم) واتە: ئەو خوایەش لەسەرەتاوە گشت ئەو خەڵکە بەدیدێنێ، لە پاشان دوای مردن و تیاچوون وەك خۆی لێ دەکاتەوە و زیندووی دەکاتەوە وە ئەوەیش بۆ ئەو ئاسانتریشە لەجاری یەکەم مەسەل و وەسفی هەرە بەرز لەئاسمانەکان و زەویدا هەر شایانی ئەوە ئەویشە دەسەلاتداری کارجوان).

دەفەرموێت: ﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ ۚ وَعْدًا عَلَيْنَآ ۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿١٠٤﴾﴾ الأنبياء) واتە: هەر وەك چۆن لە سەرەتاوە دروستمان کرد، دیسان هەر ئاوایش وەك خۆی لێ ئەکەینەوە بەڵێنێکە ئەنجامدانی لەسەر ئێمەیە بێ گومانیش ئێمە هەر ئەنجامی ئەدەین ).

٢/ هیچ کەسێك نکۆڵی لەمەزنی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی ناکات لەبەر گەورەیی و جوانی دروستکردنەکەی، جا ئەو کەسەی دروستی کردوون بە توانایە خەڵکی جارێکی تر دروستبکاتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ ﴿٥٧﴾ ﴾ غافر) واتە: بەڕاستی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی، لەدروست کردنی خەڵك دوای مردن گەورەترە بەڵام زۆرترینی خەڵك نازانن و تێ نافکرن لەو ڕاستییە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَلَمْ يَعْىَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْۦِىَ ٱلْمَوْتَىٰ ۚ بَلَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٣﴾ ﴾ الأحقاف) واتە: ئایا ئەو بێ بڕوایانە نەیان زانیوە کە ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەوی دروست کردو بەهۆی دروستکردنیشیانەوە بێ هێز نەکەوتوو ماندوو نەبوو بەتوانایە کەمردووەکان زیندوو بکاتەوە؟ بەڵێ بێگومان ئەو زاتە بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتدارە، چۆن لەسەرەتاوە دروستی کردوون، هەر ئاوایش بۆ جارێکی دی زیندوویان ئەکاتەوە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَوَلَيْسَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُم ۚ بَلَىٰ وَهُوَ ٱلْخَلَّٰقُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨١﴾ إِنَّمَآ أَمْرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيْـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٨٢﴾ ﴾ یس) واتە: ئاخۆ ئەو خوایە توانیبێتی ئەم ئاسمانان و زەوییە بەدی بهێنێ تواناشی نییە بۆ جارێکی تر وێنەیان دروست بکاتەوە؟ بەڵێ ئەتوانێ و هەرئەویشە دروستکارو زانیار(٨١) بەڕاستی هەرکاتێ ویستی شتێ بەدی بهێنی هەر ئەوەیە کە پێی بفەرمێ ببە ! ئەویش دەست بە جێ دەبێت (٨٢).

٣/هەموو خاوەن چاوێك ئەم زەوییە دەبینێ كە چەند مردوەو هیچ رووەكێكی تێدا نییە، كاتێك بارانی بەسەردا دەبارێت رووەكەكەی زیندوو دەبێتەوە لە پاش مردن، جا ئەو كەسەی توانای هەبێت لە زیندوو كردنەوەی زەوی لەپاش مردنی بەتوانایە مردوەكان زیندوو بكاتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾﴾ فصلت) واتە: لەنیشانەكانی دەسەلاتداری ئەوە تۆ زەوی وادەبینی مات و وشك و بێ گیاو بێ خێرەو هەستی لەبەر نەماوە ئینجا هەر كاتێ بارانمان لێ بارادن، بە ئاسایی دەبزوێ و گەشە ئەكات و هەڵئەدا دەبوژێتەوەو هەموو جۆرە گیایەكی لێ دەردێت بەڕاستی هەر ئەو زاتەی كەئەو زەوییە مردووەی بەو شێوە زیندوو كردەوە، هەر ئەوەش زیندوو كەرەوەی مردووەكانە چونكە بەڕاستی ئەو خوایە توانای بەسەر هەموو شتێكدا هەیە).

<u>سێیەم</u>: باسی زیندووبونەوە هەست و واقیع شایەتی بۆ داون بۆ رووداتی، ئەوانەی خوای گەورە هەواڵی پێداوین دەربارەی زیندووبونەوەی مردوەكان، خوای گەورە باسی ئەوەی پێنج جار كردووە تەنها لە سورەتی (البقرة)دا لەوانە: ﴿أَوْ كَٱلَّذِى مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْىِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا ۖ فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِاْئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُۥ ۖ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ ۖ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۖ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِاْئَةَ عَامٍ فَٱنظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ ۖ وَٱنظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ ءَايَةً لِّلنَّاسِ ۖ وَٱنظُرْ إِلَى ٱلْعِظَامِ كَيْفَ

نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٥٩﴾ ﴾ البقرة) واتە: دەنگوباسی ئەو کەسەت بیستووە کە بە قەراغ ئاوایيەکی وێراندا ڕابردوو دیتی، کەدارو بەردی هەموو بەسەر یەکا کەوتووە و چۆڵ و وێرانەیەو دیوارەکانیشی بە میچەکەیەوە تەپیوە؟ ئەوسا بەسەر سوڕمانێکەوە لەبەر خۆیەوە وتی: ئاخۆ خوا دوای وێران بوونی ئەم گوندەو مردنی خەڵکەکەی چۆن دەتوانێ ئەمە زیندوو ئاوەدان بکاتەوە؟ ئینجا خوا بۆ ماوەی سەد ساڵ مراندی و پاشان زیندوی کردەوە خوا لەسەر زاری فریشتە لێی پرسی و فەرمووی: ئەرێ تۆ چەندت پێ چووە بەمردوویی؟ لەوەڵامدا وتی: وا ئەزانم ڕۆژێك یان کەمتر لە ڕۆژێك ماومەتەوە، خوا فەرمووی: نەخێر، بەڵکو سەد ساڵت پێچووە تەماشایەکی خواردەمەنی و خواردنەکەشت بکە دەبینی تا ئێستاش تام و ڕەنگیان نەگۆڕاوە و فاسید نەبوون. بشنواڕە بۆ گوێدرێژەکەت چۆن ئێسك و پروسکی ڕزیوەو چۆنیش هەر ئێستا لەپێش چاو خۆتەوە زیندووی دەکەینەوە؟ بۆ ئەوە ئەم مەسەلەی بەسەر هات و زیندووبونەوەیەت بکەینە موعجیزەو پەندێك بۆ خەڵك هەتا دڵنیا ببن لەمەسەلەی زیندوو بونەوە سەرنجی ئەم ئیسقانانەش بدەو بزانە چۆن ئەیانبزوێنین و پێکیان دەلکێنینەوە لەپاشان بەگۆشت دایان دەپۆشین هەروەك یەکەمجاری لێ ئەکەینەوە ئینجا کاتێ ئەو دەسەڵاتەی بۆ دەرکەوت و بۆی ڕوون بوویەوە، وتی: وا ئێستا چاك ئەزانم و بەچاویش دیتم کەبەڕاستی خوا بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتی هەیە و دەتوانێ هەموو کارێ بکا).

<u>چوارەم</u>: حیکمەت وا پێویست دەکات زیندووبونەوە هەبێت لەپاش مردن بۆ ئەوەی هەموو کەسێك پاداشتی خۆی وەرگرێت، جا ئەگەر ئەوە نەبوایە ئەوا دروستکردنی خەڵکی بێ هووده بوو هیچ حیکمەتێکی تێدا نەبوو، هیچ جیاوازییەك لە نێوان مرۆڤ و گیانلەبەراندا نەبوو لەم ژیانەدا، خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ ﴿١١٦﴾﴾ المؤمنون) واتە: ئایە پێتان وابوو بە گەمە بێ هودە دروستمان کردوون و قەتیش بۆ لای ئێمە ناهێنرێنەوە بۆ تۆڵە و پاداشت؟!(١١٥) مەزنایەتی و بەرزی و بڵندی هەر بۆ خوای پاشا و فەرمانرەوای هەقە، زۆر لەوەش بەرزترە کە ئەوان گاڵتەی پێبکەن، هەر ئەوە پاشا، هەر ئەوە ڕاست و دروستبێژ، هەرچی شتە بە دەستی ئەوە، هیچ پەرستراوێکی هەق جگە لەو زاتە نییە، هەر خۆی خاوەنی عەرشی بە دیکۆرە (١١٦).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا تَسْعَىٰ ﴿١٥﴾﴾ طه ) واتە: دیارە کە بەیەقین ڕۆژی قیامەت وابەڕێوە و هەردێت...( أَكَادُ أُخْفِيهَا) سێ تەفسیری بۆی نوسیوە: (قەتادە دەڵێ: واتە من دەمەوێ تەنانەت لەخۆشمی بشارمەوە چ جای فریشتەو پێغەمبەرانیش) (ابن عباس دەڵێ: بێجگە لەخۆم هیچ کەسێکی لێ بەئاگا ناکەم) (سدی دەڵێ: لەئاسمان و لەزەویدا هیچ کەسێ نییە کەخوا کاتی هاتنی قیامەتی لێ نەشاردبێتەوە.)....ئەو ڕۆژە دێ هەتا هەموو کەسێ لەبەرامبەر هەوڵ و تێکۆشانی خۆیەوە پاداشت و تۆڵەی دەسکەوێ).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَا يَبْعَثُ اللَّهُ مَن يَمُوتُ ۚ بَلَىٰ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٨﴾ لِيُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي يَخْتَلِفُونَ فِيهِ وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّهُمْ كَانُوا كَاذِبِينَ ﴿٣٩﴾ إِنَّمَا قَوْلُنَا

لِشَيْءٍ إِذَآ أَرَدْنَٰهُ أَن نَّقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٠﴾ النحل) واتە: وە بەهەرچی توانیان بوو سوێندیان خوارد کەئەوەی دەمرێت قەت خوا زیندووی ناکاتەوە، نا.. وانییە، بەڵکو خوا مردووان زیندوو ئەکاتەوە، چونکە بەڵێنی لەسەر داوەو بڕاوەتەوە بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکە نازانن(٣٨) تا ئەوەی ئەوان جیاوازی و ناکۆکیان تێیدا هەبووە بۆیان ڕوون بکاتەوە وە با ئەوانەی کافرو بێ باوەڕن چاك بزانن کە بێ گومان درۆزن بوون کەدەیان وت مردوو زیندوو ناکرێتەوە (٣٩) خۆ ئێمە کاتێ بمانەوێ هەرشتێ بکەین، قسەمان هەر ئەمەیە کەپێیی بڵێین: ببە، دەست بەجێ ئەویش دەبێ و دێتە دی (٤٠).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبْعَثُواْۚ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّى لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٧﴾﴾ التغابن) واتە: ئەوانەی کافرو بێ بڕوا بوون گوتیان: هەرگیز پاش مردن زیندوو ناکرێنەوە! پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ): بەڵێ سوێند بەپەروەردگارم بێ گومان لەگۆڕەکانتاندا دەرئەهێنرێن و زیندوو ئەکرێنەوە پاشان لەهەر کارو کردەوەیەك ئەنجامتان داوە ئاگادار دەکرێن، ئەوەش بۆ خوا کارێکی ئاسانە).

جا ئەگەر ئەم ڕوونکردەوە و بەڵگانەت بۆ ئەو کەسانەی نکۆڵی لە زیندووبوونەوە دەکەن هێنایەوەو سوربوون لەسەر نکۆڵیەکەیان ئەوانە خۆبەزل زان و یاخین، ﴿وَسَيَعْلَمُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَىَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ ﴿٢٢٧﴾﴾ الشعراء) واتە: ئەوانەی ستەمیان کردووە بەم زووانە ئەزانن کە بۆ چ جێگایەك دەگەڕێنەوە).

# حوکمی ئەو دووداڵییەی هەندێ جار تووشی موسڵمانان دەبێت لە بارەی دینەوەو یان چەند بواریکی تریەوە.

شەیخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لەڕاستیدا ئەم دووداڵییانە هۆکارو چارەسەری هەیە، بێگومان ئەوە نەخۆشیەو پێویستی بە چارەسەر هەیە، ئەم نەخۆشییەش هۆکاری هەیە، هۆیەکەی بریتییە لە:

ئەگەر شەیتان کەسێکی بینی سەقامگیرو دامەزراوە لە سەر دینی خوا ئەوا بە هەموو هۆکارێك هەوڵدەدات لەسەر ڕێگا ڕاستەکە لایدات، خوای گەورە دەربارەی شەیتان دەفەرموێ: ﴿قَالَ فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ١٦ ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ ١٧﴾ الأعراف) واتە: شەیتان وتی: چونکە گومڕات کردم، شەرت بێ ڕێ ڕاستەکەی تۆیان لێ بگرم(١٦) ئەوساش لەبەردەم و لەدوایانەوەو لەڕاست و لە چەپیانەوە بۆیان بێم. ئەوجا دەبینی کە زۆربەیان سووپاسگوزارو یەکتاپەرست نابن (١٧).

جا ئەو دوژمنەت لەسەر هەموو ڕێگایەکی راست دەوەستێت، لە هەموو لایەکەوە بۆت دێت بێ گومان ئەو دەیەوێت بە هەلاکەتدا بتبات و وێرانت بکات، بێگومان ئەو شەیتانە دێت بۆ لای کەسی دامەزراو چ ژن بێت یان پیاو.

بەڵام کەسێك دامەزراو نەبێت شەیتان لێی کەوتۆتە ئیسراحەتەوەو هەرگیز نایەت بۆ لای، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك هاوەڵان شکایەتی ئەوەیان لێ کرد فەرمووی: ئایا ئەوەتان بەدی کرد؟ فەرمویان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

فەرمووی: ئەوە بەڵگەی بوونی ئیمانە. وە مانای (الصریح) لە هەموو شتێکدا پوختەو پاڵفتەیە کە هیچ شتێك تێکەڵی نەبێت، پێغەمبەری خوایش(ﷺ) فەرمووی: (إن هذا صریح الإیمان)[1] واتە: پوختەو پاڵفتەکەیەتی (بەڵگەی بوونیەتی)، لە گەڵ ئەوەشدا وەسوەسە بەدی دەکات، بەڵام کەسی ئیماندار رقی لە ئەمیان دەبێتەوەو بەرگری لەویتریان دەکات، ئەگەر پرسیاری لێکرا چی لە دڵدایە، ئایا باوەڕت پێی هەیە؟ دەڵێت: پەنا بە خوا، من لێی رادەکەم و هەڵدێم هەروەکو چۆن لە شێر رادەکەم بەڵکو توندترو زیاتر، بەڵام شەیتان وەسوەسەی بۆ دەکات، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: ئەوە بەڵگەی بوونی ئیمانە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەم نەخۆشیە دوو چارەسەری باسکردووە، یان ئەگەر حەز دەکەیت بڵێ: چارەسەرێکە لەدوو شت پێکهاتوە:

<u>یەکەم</u>/ پەناگرتن بە خوای گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراو و وازهێنان لێی، واتە: پشت لێکردنی، وەکو ئەوەی کەسەکە لەو شتانە خۆی بە دوور بگرێت و بیری لێ نەکاتەوەو خۆی بە کارو پەرستنەکانییەوە سەرقاڵ بکات ئا لەو کاتەدا نامێنێ. جا پەناگرتن بە خوای گەورە ئەوەیە کە بڵێیت: – لە کاتێکدا خۆت بە هەژار بزانیت بەرامبەر بە خوا، بزانیت تەنها خوای گەورە خۆی دەتوانێت پەنات بدات–:– (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم).

<u>دووەم</u>/ پشت لێکردن (وازهێنان): واز لەوە بهێنە هەروەکو ئەوەی رووی نەدابێت چیتر لەسەرت نامێنێ، دەگێڕنەوەو دەڵێن جوولەکەکان بە پشتیوانانی دەورو پشتیان وت: ئێمە لە نوێژەکانماندا وەسوەسە ناکەین (واتە بیرناکەینەوە) بە (ئیبن مسعود) یان بە (ئیبن عەببباس)یان فەرموو: جولەکەکان دەڵێن: ئێمە بیر

[1] / صحیح: أخرجه مسلم.

ناکەینەوە (لە نوێژەکانماندا) ئەویش فەرمووی: راست دەکەن،جا شەیتان چی دەکات لە دڵێکی وێرانە؟؟ چی دەکات؟ هیچ شتێك، ئەگەر دڵەکە خۆی وێرانە بێت چیتر هەوڵی وێرانکردنی نادات، بەڵام ئەگەر دڵەکە ئاوەدان بێت بە زیکری خوای گەورەو گوێڕایەڵی و ترسی خوا ئەوا ئەو کاتە شەیتان هێرشی بۆ دەبات.

جا بەو خوشکەی پرسیارەکەی کردووە دەڵێم: خوای گەورە بەرەکەت بخاتە پەرستن و کارو کردەوەکانیدا، ئەوەی لەسەرە، پشت لەوە بکات بە شێوەیەکی گشتی و لە بیری خۆی بباتەوە لەپاش پەناگرتن بە خوا لە شەیتانی نەفرەت لێکراو، پاشان بزانێت ئەوە هیچ زیانی پێ ناگەیەنێت چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:(ذاك صريح الايمان) جا سوپاس بۆ خوای گەورە لەسەر نیعمەتەکانی کەوا ئەو وەسوەسە ترسناکە هەراسانکەرە زیانمان پێ ناگەیەنێت بۆیە سوپاس بۆ خوا، داوای دامەزراوی بۆ خۆم و ئێوە دەکەم لە خوای گەورە.

# حوکمی رازی بوون بە قەدەر

شەیخ (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: رازی بوون بە قەدەر پێویستە (واجبە) چونکە لە تەواوی رازی بوونە بە پەروەردگارێتی خوا، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو ئیمانداریّك بە قەزای خوا رازی بێت، بەڵام ئەوەی قەزای لەسەر دراوە ئەوە روونکردنەوەی تێدایە، چونکە ئەوەی قەزای لەسەر دراوە قەزا نییە، چونکە قەزا (فعل)ی خوای گەورەیە، ئەوەی قەزای لەسەر کراوە کارلێکراوی خوای گەورەیە (مفعول)ە جا ئەو قەزایەی کە (فعل)ی خوایە پێویستە پێی رازی بین، هەرگیز دروست نییە لێی پەست و تووڕە بین بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان.

بەڵام ئەوەی قەزای لەسەر کراوە ئەوا دەبێتە چەند بەشێکەوە:

بەشی یەکەم: پێویستە (واجبە) پێی رازی بین.

بەشی دووەم: حەرامە پێی رازی بین.

بەشی سێیەم: دروستە ( مستحب)ـە پێی رازی بین.

بۆ نمونە سەرپێچییەکان لە قەزا لەسەرکراوەکانی خوای گەورەیەو حەرامە پێی رازی بین، هەرچەندە ئەو سەرپێچییە بە قەزای خوای گەورە رووبدا، جا هەر کەسێ تەماشای سەرپێچی بکات لە روانگەی ئەوەی کە قەزایە و فعلی خوایە ئەوا پێویستە پێی رازی بین، بڵێت: خوای پەروەردگار دانایە، ئەگەر حیکمەتی ئەو وای نەخواستایە ئەوا رووی نەدەدا، بەڵام لە روانگەی ئەوەی کە قەزا لەسەر کراوەکە ئەویش سەرپێچی خوایە ئەوا پێویستە پێی رازی نەبین و پێویستە هەوڵ بدەیت بۆ نەهێشتنی ئەو سەرپێچییە چ لە خۆتدا بێت یان لە جگە لە خۆتدا بێت.

هەندێ لە قەزا لەسەرکراوەکان پێویستە پێی رازی بیت وەکو واجبەکان لە شەرعدا، چونکە ئەوە خوای گەورە حوکمی لەسەر داوە (کوناً)و حوکمی لەسەر

داوە (شرعاً) جا بۆیە پێویستە پێی رازی بین لە روانگەی قەزاوەو لە روانگەی قەزا لەسەر کراوەکەوە.

بەشی سێیەم: (مستحب)ـە پێی رازی بیتو پێویستە ئارامی لەسەر بگریت ئەوەش ئەو موصیبەتانەیە کە روو دەدەن، جا هەر موصیبەتێك روودەدات (مستحب)ـە پێی رازی بین، لای زۆرێك لە زانایان و (واجب) پێویست نییە، بەڵام واجبە ئارامی لەسەر بگریت، جیاوازی نێوان ئارام گرتن و رازیبوون ئەوەیە: ئارام گرتن کەسەکە روداوەکەی پێ ناخۆشە بەڵام کارێکی ئەوتۆ ناکات جیاواز بێت لە گەڵ شەرعداو جیاواز بێت لە گەڵ ئارامگرتندا، بەڵام رازی بوون ئەوەیە روودواوەکەی پێ ناخۆش نییە، بۆیە ئەوەی روودەدات و ئەوەی رووندات لای ئەو وەکو یەکە، جا ئەمە جیاوازییە لە نێوان رازیبوون و ئارامگرتندا، بۆیە زۆربەی زانایان دەفەرموون:- ئارامگرتن واجبە بەڵام رازیبوون (مستحب)ـە.

# ئایە پاڕانەوە قەزا دەگێڕێتەوە؟

شەیخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمووی: پاڕانەوە یەکێکە لە هۆکارەکان کە ئەو کەسەی پاڕانەوەکە دەکات دەستی دەکەوێت، ئەویش لە ڕاستیدا قەزا ڕەت دەکاتەوەو قەزا ڕەت ناکاتەوە، واتە دوو ڕووی هەیە، بۆ نمونە ئەو نەخۆشە داوا لە خوا دەکات بەوەی شیفای بداتو خوا گەورەش شیفای دەدات، ئا لێرەدا ئەگەر ئەو پاڕانەوە نەبوایە ئەوا کەسەکە بە نەخۆشی دەمایەوە بەڵام بەو پاڕانەوەیە شیفا درا، بەڵام ئێمە دەڵێین: خوای گەورە قەزای بوو کەوا ئەو نەخۆشە لەو نەخۆشییە چارەسەر دەبێت بە هۆی پاڕانەوەوە، ئەوەشە نوسراوە، بۆیە ئەو پاڕانەوەیە قەزای ڕەت کردەوە لە ڕواڵەتدا، بە شێوەیەك کەسەکە وا دەزانێ ئەگەر ئەو پاڕانەوەیە نەبوایە ئەوا نەخۆشیەکەی دەمایەوە بەڵام لە ڕاستیدا قەزا ناگێڕێتەوە، چونکە ئەو پارانەوەیە نوسراوەو شیفای ئەو نەخۆشییە بەو دوعایە دەبێت، ئەمەشە قەدەرە ئەصلییەکەیە کە لە ئەزەلدا نوسراوە، ئا بەو شێوەیە هەموو شتێك پەیوەستە بە هۆکارێکەوەو ئەو هۆکارەش خوای گەورە کردوویەتیە هۆکارێك بۆ ڕوودانی شتێك و ئەوەشە نوسراوە لە ئەزەلدا پێش ئەوەی ڕوو بدات.

## حوکمی ئەو کەسەی کاتێك بانگ دەکرێت بۆ حەق دەڵێت: خوای گەورە هیدایەتی بۆ نەنوسیوم. ئایە چۆن مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت؟

شەیخ (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: بە هەموو سووك و ئاسانێکەوە دەڵێین: ئایا دەربارەی غەیب هیچ شتێکی بۆ ئاشکرا بوە؟ یان لە لایەن خوای گەورەوە پەیمانی پێدراوە؟ ئەگەر وتی: بەڵێ، ئەوا کوفری کرد چونکە بانگەشەی زانینی غەیب دەکات و ئەگەر وتی: نەخێر، ئەوا دۆڕاندی و شکستی هێنا، ئەگەر بۆت دەرنەکەوتبێت خوای گەورە هیدایەتی بۆ نەنوسیوی بۆیە رێگای هیدایەت بگرە بەر، چونکە خوای گەورە رێگای هیدایەتی لێت نەگرتوە بەڵکو بانگی کردووی بۆ هیدایەت، هانی داوی و ئاگاداری کردوینەتەوە لە گومڕایی و نەهی لێکردووی لێی و خوای گەورە ویستی وا نەبوە بەندەکانی بانگ بکات بۆ گومڕایی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ أَن تَضِلُّواْ﴾ النساء﴿ واتە: خوای گەورە ئەو یاسایەتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، نەوەکو لێتان تێك بچێ و مافی یەکتر زەوت بکەن).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ﴾ النساء﴿ واتە: خوا دەیەوێ بەو بڕیارانە دەیدا هەرچی بەکەڵکتان بێت لەحەڵاڵ و حەرام بۆتان ڕوون بکاتەوەو لەڕێو شوێنی پێشینانیشتان (پەیامبەران وپیاوچاکان)شارەزاو ڕێنماتان بکات وتەوبەو پەشیمانیشتان لێ وەربگرێ و خواش زانایەو کارزان و کارجوانە خوا ئەیەوێ تەوبەو پەشیمانیتان لێ وەربگرێت).

بۆیە بگەڕێوە بۆ لای خوا، خوای گەورە خۆشحاڵترە بە تەوبەکەت لەو کابرایەی ولاخەکەی بزر کردووەو خواردن و خواردنەوەکەی لەسەرەو لێ بێ ئۆمێد بوە و لە ژێر داریکدا خەوی لێکەوت و چاوەڕوانی مردن دەکات، کاتێ هەستا بینی وا رەشمەی ولاخەکە بە دارەکەدا هەڵواسراوەو رەشمەی ولاخەکەی دەگرێت و لە خۆشیدا دەڵێت: (اللهم أنت عبدي وأنا ربك، أخطأ من شدة الفرح)[1] واتە: ئەی خودایە تۆ بەندەی منی و منیش خوای تۆم (لە خۆشیدا هەڵە دەکات).

بۆیە ئێمەیش دەڵێین: بگەڕێوە بۆ لای خوا و تەوبە بکە، خوای گەورە فەرمانی هیدایەتی پێ کردووی و ڕێگای حەق و راستی بۆت ڕوونکردووەتەوە، خوای گەورە پەنامانە.

[1] / صحيح: أخرجه البخاري ومسلم.

# حوکمی کەسێك لە کاتی رووداني موصیبەتدا پەست دەبێت

شەیخ (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمووی: خەڵکی لە کاتی موصیبەتدا چوار حاڵەتیان هەیە:

**پلەی یەکەم** / پەست بوون و تورە بوون (التسخط) ئەویش چەند جۆرێکە:

جۆری یەکەم: ئەویش ئەوەیە بە دڵ بێت، وەکو ئەوەی پەست بێت لە پەروەردگارەکەی خۆی تووڕە بێت لەو قەدەرەی خوای گەورە بە سەریا هێناویەتی، جا ئەمە حەرامە، رەنگە سەربکێشی بۆ کوفر،خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ﴿١١﴾﴾ الحج﴾ واتە: هەندێ خەڵك هەیە دوودڵەو هەر بە شێوەیەکی زارەکی خواپەرستی ئەکات و متمانەو بڕوای تەواوی بەخوای گەورە نییە جا ئەگەر هات و خێرو چاکەیەکی تووش هات، خۆ ئەگەر گرفتار بوو بەلایەکی ئەوقەبوو ئەوا سواری سەری خۆی دەبێ و وەرئەگەڕێتەوە ئەڕواتەوە سەر باری پێشو ئا بەو جۆرە دونیاو پاشە ڕۆژیشی لەدەست خۆی دا، هەر ئەویشە دوو سەرە زەرەرو زیانی زەق و ڕوون و ئاشکرا).

جۆری دووەم: بە زمان بێت وەکو ئەوەی دوعا و واوەیلا و لەو شتانە بکات، ئەمەش حەرامە.

جۆری سێیەم: بە دەستەکانی بێت وەکو شێوەن و لەخۆدان و یەخەدادڕین و قژڕنین و لەو شێوانە، ئەمانە هەموو حەرامن دژی ئەو ئارامگرتنەن کە پێویستە لەسەرمان.

**پلەی دووەم** / ئارامگرتن (الصبر)، ئەویش هەروەکو ئەوەیە کە شاعیر دەڵێت:

والصبر مثل اسمه مر مذاقته  لكن عواقبه أحلى من العسل

بۆیە دەبینێ ئەم کارە قورسە لەسەری، بەڵام بەرگەی دەگرێت و لە کاتێکدا پێی ناخۆشە کە رووبداوە، بەڵام ئیمانەکەی لە توڕەبوون دەپارێزێ، جا رووداو و روونەدانی لای ئەو وەکو یەک نییە ئەمەشە واجبە چونکە خوای گەورە فەرمانی پێکردووین بە ئارمگرتن و دەفەرموێت: ﴿وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٤٦﴾ الأنفال﴾ واتە: ئارامتان بێت چونکە خوا لەگەڵ ئارامگرانداید).

**پلەی سێیەم** / رازیبوون (الرضی)، بە شێوەیەک کەسەکە رازی بێت بەو موصیبەتە بە شێوەیەک رووداو و روونەدانی وەکو یەک بێتو بوونی ئەو موصیبەتە ئازاری نادات و بۆ هەڵگرتنی ئەو بارە قورسە بەرگرییەکی زۆری ناوێ، ئەمەشە (مستحب)ـە و (واجب) نییە لە سەر رای پەسەند، جیاوازی نێوان ئەم پلەیەو پلەکەی پێش ئەمە دیارە، چونکە موصیبەت رووداو و روونەدانی وەکو یەکن لە رازیبووندا، ئەوەی پێشی موصیبەتەکە گرانە لە سەری بەڵام ئارامی لەسەر دەگرێت.

**پلەی چوارەم** / سوپاسگوزاری (الشكر)، ئەویش بەرزترین پلەیە، بە شێوەیەک سوپاسگوزاری خوا بێت لەو موصیبەتەی توشی بووە چونکە زانیویەتی ئەم موصیبەتە هۆکاری سڕینەوەی تاوانەکانەو رەنگە زیادکردنی چاکەکانی بێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿ما من مصيبة تصيب المسلم إلا كفر الله بها عنه

حتى الشوكة يشاكها﴾[1] واتە: هیچ موصیبەتێك نییە تووشی موسڵمان بێت ئیللا دەبێتە هۆی كەفارەتی گوناهەكانی تەنانەت درگێك بچێت بە جەستەیدا).

[1] / صحيح: أخرجه البخاري ومسلم.

# سەربڕین بۆ جگە لە خوا

## سەربڕین بۆ جگە لە خوا دەکرێتە دوو بەشەوە:

١/ بۆ جگە لە خوا سەربڕێت وەکو خۆشی و ڕێزلێنان، جا ئەمە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات بەڵکو ئەوە کارێکی ئاساییە کە هەندێ جار دەبێتە کارێکی پێویست و داواکراو و یان هەندێ جار داوانەکراو، جا بنەمای ئەم کارە ئاساییە، بۆ نمونە: سەرکردەیەک دەچێت بۆ شارێکو هەندێ شتمان بۆ سەر بڕی، جا ئەگەر ئەو سەربڕینە وەکو خۆ نزیککرنەوە و بە مەزن زانین بێت (تقرباً وتعظیماً) ئەوا شیرکی گەورەیەو ئەو جۆرە سەر بڕاوانە حەرامە، نیشانەی ئەوە ئەوەیە کە لەبەر پێیدا سەری دەبڕین و پاشان بە جێی دەهێڵین، بەڵام ئەگەر سەرمان بڕی وەکو ڕێزو میواندارییەک و پاشان لێنرا و خورا، ئەوە لە جۆری ڕێزلێنانو میوانداریەو شیرک نییە.

مەبەست لە: (لغیر الله) هەموو پێغەمبەرانو فریشتەکان و خۆشەویستانی خوا (أولیاء) و جگە لەوانیش دەگرێتەوە، جا هەر کەسێک بۆ جگە لە خوا شتێک سەربڕێت بە مەبەستی نزیکبونەوەو بەمەزن زانین ئەوا دەچێتە ژێر ئەو وشەیەوە بە هەر شتێک بێت.

مەبەست لە: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ۝٢﴾

(وَٱنْحَرْ) مەبەست لە: (النحر) سەربڕینە، واتا سەربڕینەکەت با تەنها بۆ خوا بێت، هەروەکو چۆن نوێژەکەت بۆ ئەوە، ئەم ئایەتە ئەوە دەسەلمێنێ کە سەربڕین جۆرێکە لەجۆرەکانی پەرستن، بۆیە خوای گەورە فەرمانی پێکردووەو لە گەڵ نوێژدا باسی کردووە.

هەروەها (وَٱلنَّحْرُ) ڕەهایە، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە شەرعدا بە دروست دانراوە [١].

لە (علی کوڕی ئەبو تالیب)ەوە ڕیوایەت کراوەو دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوار وشەی بۆ گێڕامەوە: (لَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ، لَعَنَ اللَّهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَيه، لَعَنَ اللَّهُ مَنْ آوَى مُحْدِثًا، لَعَنَ اللَّهُ مَنْ غير مَنَارَ الأَرْضِ) [٢] واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی بۆ جگە لە خوا سەر دەبڕێ، خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی نەفرەت دەکات لە دایك و باوکی، خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی دانێدەی بیدعەچییەك (تاوانبارێك) بدات، خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی نیشانەکانی زەوی دەگۆڕێت).

مەبەست لە: (لعن الله) (اللعن) لە خوداوە: واتا دوورخستنەوە و دەرکردن لە ڕەحمەتی خوا، ئەگەر وترا: (لعنه الله) مانای ئەوەیە: دەریکرد و دووری خستەوە لە ڕەحمەتی خۆی، ئەگەر وترا: (اللهم العن فلانا) واتا: دووری بخەرەوە لە ڕەحمەتی خۆت و دەری بکە لە ڕەحمەتی خۆت.

مەبەست لە: (من ذبح لغير الله)، گشتگیرە هەمووی دەگرێتەوە، هەر کەسێ وشترێك سەر ببڕێت یان مانگایەك (چێڵ) یان مریشکێك یان جگە لەوانە.

مەبەست لە: (لغير الله) ئەمەش گشتگیرە، هەموو کەسێك جگە لە خوا دەگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ پێغەمبەریش (ﷺ) سەربڕێت، یان پادشایەك یان جنۆکەیەك یان جگە لەوانە.

---

[١] / القول المفيد: ٢٣٤.

[٢] / رواه مسلم (١٩٧٨).

مەبەست لە: (لعن) رەنگە رستەکە هەواڵی (خبري) بێت، واتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵمان پێ دەدات کەوا خوای گەورە لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کەوا بۆ جگە لە خوا سەردەبڕێت، رەنگە رستەکە (انشائي) بێت بە شێوەی هەواڵ هاتبێت، واتا: ئەی خودایە لەعنەت بکە لەو کەسەی کە بۆ جگە لە خوا سەردەبڕێت، شێوەی هەواڵی رەوانبێژترە، چونکە پاڕانەوە رەنگە وەڵام بدرێتەوەو رەنگە وەڵام نەدرێتەوە [1].

لە (طارق ی کوڕی شهاب)ەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (دخل الجنة رجل في ذباب، ودخل النار رجل في ذباب ) قالوا: وكيف ذلك يا رسول الله (ﷺ)؟ قال: (مر رجلان على قوم لهم صنم لا يجاوزه أحد حتى يقرب له شيئا، قالوا لأحدهما: قرب، قال: ليس عندي شيء أقرب، قالوا له: قرب ولو ذبابا، فقرب ذبابا، فخلو سبيله، فدخل النار، وقالوا للآخر: قرب، قال: ما كنت لأقرب لأحد شيئاً من دون الله عزوجل، فضربوا عنقه فدخل الجنة)[2].

واتا: کابرایەك چووە بەهەشتەوە بە هۆی مێشێکەوەو کابرایەك چووە ئاگرەوە بە هۆی مێشێکەوە، وتیان: ئەوە چۆنە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی: دوو پیاو بە نزیك کۆمەڵێکدا تێپەڕین کە بتێکیان هەبوو، هیچ کەسێك لێی تێنەدەپەڕی ئیللا دەبوایە شتێکی بۆ بکردایەت بە قوربانی، بە یەکێکیان وت: شتێکی بۆ بکە بە قوربانی، وتی: هیچ شتێکم نییە تاوەکو بۆی بکەم بە قوربانی، پێیان وت: شتێکی بۆ بکە بە قوربانی تەنانەت ئەگەر مێشێکیش بووە، بۆیە مێشێکی بۆ کردە قوربانی، ئەوانیش رێگایان پێدا و رۆیشت، بۆیە چووە ئاگرەوە، بە ئەویتریان وت:

---

[1] / القول المفيد: ٢٣٦-٢٣٧.

[2] / موقوف. أخرجه أحمد في (الزهد) (١٥ , ١٦) وابو نعيم في حلية الأولياء (٢٠٣/١)

شتێکی بۆ بکە بە قوربانی، ئەویش وتی: بە هیچ شێوەیەك هیچ شتێك بۆ جگە لە خوا ناکەمە قوربانی، بۆیە لە گەردنیان داو چووە بەهەشتەوە).

مەبەست لە: (في ذباب) (فِي) لێرەدا پێی دەڵێن: (السببية)، بۆ (الظرفية) ئاوەڵکرداری نییە، واتە بە هۆی مێشێکەوە وە هاوشێوەی ئەوە ئەو فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (دخلت النار امرأة في هرة حبستها.....)[1] فەرموودەکە، واتا: بە هۆی پشیلەیەکەوە[2].

مەبەست لە: (فدخل النار) هەرچەندە ئەو شتێکی بێ ڕێز و پیسی کردە قوربانی کە ناخورێت، بەڵام لەبەر ئەوەی نیەتی ئەوە بوو بە هۆیەوە نزیك ببێتەوە لە بتەکە، بووە کەسێکی موشریك، بۆیە چووە ئاگرەوە.

سێیەم[3]: دەستپێکردن بە لەعنەتکردنی ئەوانەی بۆ جگە لە خوا سەردەبڕن، دەستی بەوە کرد، چونکە ئەوە شیرکە، جا خوای گەورە کاتێك باسی مافەکان بکات بە یەکتاپەرستی دەست پێدەکات، چونکە مافی خوا مەزنترین مافە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنًا ٣٦﴾ النساء﴾ واتە: ئەی خەڵکینە! تەنها خوا بپەرستن وهیچ شتێك مەکەنە هاوبەشی، نە مرۆڤ، نە دار، نە بەرد... نە بتان وبەکاروکردەوەی چاك

---

[1] / قال الشيخ الألباني: ( صحيح ) انظر حديث رقم: ٣٩٩٥ في صحيح الجامع

[2] / القول المفيد: ٢٤١.

[3] / یەکەم / تەفسیر کردنی ئایەتی (قل إن صلاتي ونسكي ) بووە.

دووەم / تەفسیر کردنی ئایەتی ( فصل لربك وانحر) بووە.ئەوەی سەرەوە سێیەمی باسکەیە. تەماشای کتێبی (القول المفيد ١/٢٢٥) بکە

وشیرین لە گەڵ دایك وباوکتاندا ڕەفتار بکەن، با هەمیشە قسەتان خۆش بێت بەرامبەریان، وبا کردارتان پاك وپەسەند بێت بەرامبەریان.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ﴿٢٣﴾﴾ الاسراء﴾ واتە: پەروەردگارت بڕیاری داوە و وەسیەتی کرد کە: دەبێ هەر خۆی بپەرستن وە فەرمانی دا کە: دەبێ لە گەڵ دایك و بابدا چاکە بکەن) وا پێویستە کاتێ باسی قەدەغەکراوەکان و سزاکان دەکات ئەوا بە هاوەڵبریاردان و سزاکەی دەست پێبکات[1].

جا ڕواڵەتی چیرۆکەکە ئەوەیە کە کابرایەك بە نیەتی نزیك بوونەوە قوربانی ئەنجامدا، چونکە بنچینە و بنەما لە کاردا بنیات نراوە لەسەر داواکاری و گونجاو بێت لە گەڵ ئەو داواکارییە.

بەڵام ئێمە ڕامان جیاوازە لە گەڵ دانەردا[2] (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) واتە ئەگەر ئەنجامی دا بە مەبەستی ڕزگاربوون وە مەبەستی نزیك بوونەوە نەبێت بۆ ئەو بتانە ئەوا کافر نابێت، بە بەڵگەی گشتگیری ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُۥ مُطْمَئِنٌّۢ بِٱلْإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلْكُفْرِ صَدْرًا ﴿١٠٦﴾﴾ النحل﴾ واتە: هەرکەسێك پاش بڕوا هێنانی بە خوا، کافرو بێ باوەڕ بێتەوە مەگەر کەسێك زۆری لێکرابێ و لەو کاتەیشدا دڵنیابێ بە ئیمان بەڵام کەسێك بە پێ خۆشبونی خۆی سینگی بۆ کوفر

---

[1] / القول المفید: ٢٤٢.

٢ / مەبەستی شەیخ (محمد عبدالوهاب)ـە چونکە ئەم قسانە ڕافەکردنی کتێبی (التوحید) لە نوسینی شەیخ محمد عبدالوهاب.

فراوان و گوشاد بکاو کوفرەکەیشی پێ خۆش بێت ئەوە قارو تورپەیی خوایان لەسەر دەبێ و سزایەکی گەورەشیان لەدوا پۆژدا بۆ هەیە).

ئەوەی کە ئەو کردووەیەتی کافربوونی پێویست کردووە بۆ ئەوەی خۆی دەرباز بکات لە کاتێکدا دڵنیایە لە ئیمانەکەی.

یازدەیەم: ئەوەی کە چووە ئاگرەوە کابرایەکی موسڵمان بووە، چونکە ئەگەر کافر بوایە نەیدەگوت: چووە ئاگرەوە بە هۆی مێشێکەوە، ئەمەشە راستە، واتە: ئەو موسڵمان بووە پاشان کوفری کردووە بە قوربانی کردن بۆ بتەکە، بۆیە خۆنزیکردنەوەکەی بەو قوربانییە بووە هۆی ئەوەی بچێتە ئاگرەوە.

چونکە ئەگەر کافر بوایە پێش ئەوەی خۆی نزیکبکاتەوە لە بتەکە بە قوربانی کردن بە مێشەکە، ئەوە کافر بوونەکەی لە پێشتر بوو بۆ چوونە ئاگرەوە، نەک هۆیەکەی کوشتنی مێشەکە بووە بە مەبەستی نزیکبوونەوە.

# سەربڕین لە جێگایەکدا کە سەربڕینی بۆ جگە لە خوای تێدا ئەنجام دەدرێت

سەربڕین لە جێگایەکدا کە سەربڕینی بۆ جگە لە خوا تێدا ئەنجام دەدرێت، بۆ نمونە کەسێك دەیەوێت قوربانییەك بکات بۆ خوا لە جێگایەکدا بۆ بتەکان سەربڕینی تیا ئەنجام دەدرێت، ئەوا دروست نییە سەربڕینی تێدا ئەنجام بدرێت، چونکە ئەوە گونجاندنە لە گەڵ هاوبەشدارەکاندا (موشریکەکان) لە رواڵەتی کارەکەدا، رەنگە شەیتان نییەتێکی خراپ بخاتە دڵتەوەو باوەڕت وابێت کەوا سەربڕین لەم جێگەدا باشترە، یان لەو شێوانە، ئەمەش ترسناکە [١].

ئەگەر مرۆڤێك ویستی شتێك سەربڕێت لە جێگایەکداو لەو جێگایەدا بۆ جگە لە خوا شت سەردەبڕدڕێت ئەوا حەرامە [٢].

لە (ثابت) ی کوڕی (الضحاك)ەوە هاتووەو دەڵێت: (نذر رجل أن ينحر إبلاً ببوانة، فسأل النبي (ﷺ) فقال: ( هل كان فيها وثن من أوثان الجاهلية يُعبد؟ قالوا: لا، قال: فهل كان فيها عيد من اعيادهم، قالوا: لا، فقال رسول الله (ﷺ): أوفِ بنذرك فإنه لا وفاء لنذر في معصية الله، ولا فيما لا يملك ابن آدم) [٣] واتە: کابرایەك نزری کردبوو کەوا وشترێك سەربڕێت لە (بوانە) بۆیە پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد و ئەویش فەرمووی: ئایە بتێکی پەرستراو لە بتەکانی سەردەمی نەفامی تێدا بوو؟ وتیان: نەخێر، وتی: ئایە جەژنێك لە جەژنەکانی ئەوانی تێدا بووە؟ وتیان: نەخێر، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: نزرەکەت جێبەجێ بکە، چونکە

---

[١] / القول المفيد:٢٤٨.

[٢] / القول المفيد: ٢٥١.

[٣] / مشكاة المصابيح: ( صحيح ) ٣٤٣٧.

وەفاکردن بە نزرێك لە سەرپێچی خوادا ناکرێت، یان لە شتێکدا مولّکی بەنی ئادەم نەبێت) [١].

فەرموودەکە چەند سوودێکی هەیە لەوانە:

نابێت لە جێگایەکدا شت سەربڕدرێت کە سەربڕینی بۆ جگە لە خوا تێدا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش مەبەستی نوسەرە بۆ هێنانەوەی بەڵگەکە. وە حیکمەت لەوەدا بریتییە لەمانەی خوارەوە:

یەکەم: ئەوە سەردەکێشێ بە خۆچواندن بە بێباوەڕان.

دووەم: ئەوە سەردەکێشێ بە شانازی کردن بەو کارەوە، چونکە ئەگەر کەسێك تۆی بینی سەردەبڕیت لە جێگایەکدا بێباوەڕان شتی تیا سەردەبڕن وا گومان دەبات ئەو کارە شتێکی دروستە.

سێیەم: ئەو هاوبەشدانەرانە ئەگەر تۆیان بینی وەك ئەو کارەی ئەوان ئەنجام دەدەیت ئەوا بۆ ئەنجامدانی کارەکەیان بەهێز دەبن، گومانیشی تێدا نییە کە بەهێزکردنی بێباوەڕان لە کارە قەدەغەکراوەکانە، تووڕەکردنیان لە کارە چاکەکانە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَطَـُٔونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ ٱلْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ عَمَلٌ صَٰلِحٌ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٢٠﴾﴾ التوبة[٢] واتە: وەهەر هەنگاو دەیهاوێن وبێ باوەڕەکان تووڕە بکات وەهەر زیانێك لە دوژمنی خوا دەدەن بە هەر یەك لەوانە خوای گەورە کردەوەیەکی چاکیان بۆ دەنووسێت بێگومان خوا پەنجی کارچاکان بەزایە نادات.

---

[١] / (القول المفيد: ٢٥٢)

[٢] / القول المفيد: ٢٥٧.

# حوکمی سەربڕین بۆ جگە لە خوا

شەیخ (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: یەکتاپەرستی لە پەرستندا بریتییە لە تاکدانانی خوای گەورە لە پەرستندا، بە شێوەیەك هیچ کەسێك نەپەرستێت لە هیچ یەکێك لەو پەرستنانە، ئاشکراشە سەربڕین یەکێکە لەو پەرستنانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات بۆ ئەوەی لە خواکەی خۆی نزیك ببێتەوە چونکە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە لە ئایەتی: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ۝٢﴾ الكوثر﴾واتە: نوێژ بکە بۆ پەروەردگارت وە هەر بۆ ئەو قوربانی بکە).

جا هەموو شتێك ئەنجام بدرێت بۆ نزیك بوونەوە ئەوا پەرستنە، جا ئەگەر کەسێك شتێك سەر ببڕێت بۆ جگە لە خوا لەبەر مەزن زانین و زەلیلی نواندن بەرانبەری و خۆ نزیککردنەوە لێی هەروەکو چۆن لە خوا خۆی نزیك دەکاتەوە و بە مەزنی دەزانێت ئەوا کەسێکی موشریکە، جا هەر کەسیش موشریك بێت ئەوا خوای گەورە بەهەشتی لێ حەرام کردووە و جێگەی دۆزەخە.

جا لە ژێر رۆشنایی ئەو قسانەدا دەڵێین: هەندێ کەس سەربڕین ئەنجام دەدات بۆ گۆڕەکان (گۆڕی ئەو کەسانەی بە پیاوچاکان دایان دەنێن) شێرکەو خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات، ئامۆژگاریمان بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و تەوبە بکەن لەو کارەی ئەنجامیان داوە، جا ئەگەر تەوبەیان کرد بۆ لای خواو گەڕانەوە و سەربڕینەکەیان تەنها بۆ خوا ئەنجام دا هەروەکو چۆن نوێژەکەیان و ڕۆژوەکەیان تەنها بۆ خوا ئەنجام دەدەن، ئەوا خوای گەورە لەو کارانەی ئەنجامیان داوە خۆش دەبێت، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَنتَهُواْ يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ ۝٣٨﴾ الأنفال﴾ واتە: بەبێ باوەڕەکانیان بڵێ:

ئێستایش ئەگەر دەست لەبێ دینی و جەنگ هەڵبگرن وموسڵمان بین، لەهەرچی ڕابردوویانە چاوپۆشی دەکرێ.

بەڵکو خوای گەورە لەوە زیاتریان پێ دەبەخشێت ئەویش گۆڕینی کردەوە خراپەکانیانە بە چاکە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾﴾ الفرقان واتە: ئەوانەی وێڕای خوا هیچ پەرستراوێکی تر ناپەرستن، کەسێکیش ناکوژن کە خوا کوشتنی یاساغ کردبێ، مەگەر بە هەق و ڕەوا وەکو: (پاشگەز بوونەوە لە ئیسلام، زینا کردن)، و زیناو شەروالّ پیسی ناکەن، هەرکەسێ ئەو کاروکردەوە ناپەسەندانە بکات ئەوە لە دواڕۆژدا دەگات بە سزای تاوانەکەی خۆی (٦٨) لە ڕۆژی قیامەتیشدا دوو بەرامبەر ئازار دەدرێ چونکە لە لایەکەوە هاوەڵی بۆ خوا بڕیار داوە لە لایەکی تریشەوە ئەو گوناهە ناشیرینانەی کردووە و بە سووکی و زەلیلی و ڕیسواییەوە بە هەتا هەتایی هەر لەوێدا ئەمێنێتەوە (٦٩) مەگەر کەسێك پەشیمان دەبێتەوە و بڕوا بێنێ و کاری چاك ئەنجام بدا ئا ئەو کەسانە خوا گوناە و خراپەکانیان بۆ دەگۆڕێت بە چاکە، هەمیشە خوا گوناە پۆش و میهرەبانە (٧٠).

ئامۆژگاریم بۆ ئەو کەسانەی خۆیان لە گۆڕەکان نزیك دەکەنەوە بە سەربڕێن ئەوەیە: تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خواو لەو کارە پەشیمان ببنەوە، تەنها ئیخلاصیان بۆ خوای گەورە ببێتو موژدە بێت بۆیان ئەگەر تەوبەیان کردو

گەڕانەوە بۆ لای خوای میهرەبان، ئەوا خوای گەورە پێی خۆشە بە تەوبەی تەوبەکاران و گەڕانەوەی ئەوانەی پەشیمان دەبنەوە.

# حوکمی خواردنی ئەوەی بۆ جگە لەخوا سەربڕاوە

سەربڕین بۆ جگە لە خوا شیرکی گەورەیە، چونکە سەربڕین پەرستنە هەروەکو خوای گەورە فەرمانی کردووە و فەرمویەتی: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ۝٢﴾ الكوثر﴾ واتە: نوێژ بکە بۆ پەروەردگارت وە هەر بۆ ئەو قوربانی بکە).

فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝١٦٢ لَا شَرِيكَ لَهُۥ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ ۝١٦٣﴾ الأنعام﴾ واتە: دیسان بڵێ: بەڕاستی نوێژو حەج و قوربانی و ژیان و مردنم گشت هەر بۆ خوای پەروەردگاری جیهانەکانە (١٦٢) کە هیچ هاوەڵێکی بۆ نییە هەربەوەش فەرمانم پێدراوە دیارە یەکەم کەسیشم لەڕیزی موسڵمانانی ئەم ئوممەتەدا (١٦٣).

جا هەر کەسێك شتێك سەربڕێت بۆ جگە لە خوا ئەوا موشریکە، شیرکێك خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات، (پەنا بە خوا) چ جا ئەو سەربڕینە بۆ فریشتەیەك لە فریشتەکانی خوا بێت یان بۆ پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانی خوا یان نێردراوێك لە نێردراوەکانی خوا یان جێنشینێك لە جێنشینەکان یان خۆشەویستێك لە خۆشەویستانی خوا یان زانایەك لە زانایان، هەموو ئەوانە شیرکن و خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات، بۆیە پێویستە هەموو کەسێك خۆی بپارێزێت و لە خوا بترسێت و خۆی نەخاتە نێو ئەو جۆرە شیرکەوە کە خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ۝٧٢﴾ المائدة﴾ واتە: چاك بزانن هەر کەسێك

شەریكو هاوبەش بۆ خوا دابنێ بێ شك خوا بەهەشتی لەسەر یاساغ دەكا جێ و شوێنی ئاگرە ستەمكارانیش هیچ جۆرە یارمەتیدەرێكیان بۆ نییەو رزگار نابن).

جا خواردنی گۆشتی ئەو سەربڕاوانەی بۆ جگە لە خوا سەربڕاوە ئەوا حەرامە چونكە بۆ جگە لە خوا سەربڕاوەو هەرشتێ بۆ جگە لە خوا سەر ببڕێت یان لەسەر بتێك سەر ببڕێت ئەوا حەرامە، هەروەكو لە سورەتی (المائدة)دا هاتوە و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحْمُ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ وَٱلْمُنْخَنِقَةُ وَٱلْمَوْقُوذَةُ وَٱلْمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ ۝٣﴾ المائدة﴾ واتە: خواردنی گۆشتی مردارەوە بوو هەرخوێنی لەهەر ئەندامێكی حەیوان بێتە دەرێ و بڕوا حەرامە، گۆشتی بەرازیش پیسەو لەسەرتان یاساغ كراوە و هەر ئاژەڵێكیش لە وەختی سەربڕیندا ناوی غەیری خوای لێ بهێنرێ و مااڵتی خنكاوو لێدراوی مردارەوەبوو و هەڵدێراو لەشاخ بەرەوەبوو مردارەوەبوو لەشەڕە قۆچدا وە هەرچی درندە پەالماری دابێ و مردارەوە بوبێ مەگەر بەر لە گیان دەرچوونی فریای چەقۆ كەوتبێ و سەرتان بڕیبێ ئەوە حەاڵڵە وە هەرچی بۆ بتەكانیش سەربڕا حەرامە ).

جا ئەو جۆرە سەربڕاوانەی كە بۆ جگە لە خوا سەر دەبڕدرێت لە جۆری حەرامكراوەكانە و دروست نییە بخۆرێت.

# نزرکردن بۆ غەیری خوا

نزرکردن بۆ غەیری خوا بۆ نمونە کەسێك بڵێت: بۆ فلان نزر بێت لەسەرم، یان بۆ ئەم قەبرە نزر بێت لەسەرم، یان بۆ جبریل نزر بێت لەسەرم، دەیەوێت بەو کارەی لەوان نزیك ببێتەوە، هەروەها نمونەی ئەو شێوانە، جا جیاوازی نێوان ئەمە و تاوان (سەرپێچی) ئەوەیە: نزرکردن بۆ غەیری خوا بە هیچ شێوەیەك بۆ خوا نییە، نزرکردنی سەرپێچی بۆ خوایە، بەڵام ئەوە سەرپێچییەکە لە سەرپێچییەکان، بۆ نمونە کەسێك بڵێت: نزر بێت لەسەرم بۆ خوا ئەو کارە بکەم –سەرپێچییەك لە سەرپێچییەکان– بۆیە لێرەدا نزرکردنەکە و نزر بۆ کردنەکە هەردوو سەرپێچییە، هاوشێوەی ئەمە سوێند خواردن بە خوا بۆ کارێکی حەرام و قەدەغەکراو، سوێند خواردن بە غەیری خوا، جا سوێند خواردن بە غەیری خوا بۆ نمونە: سوێند بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەو کارە دەکەم، هاوشێوەکەی نزرکردنە بۆ غەیری خوا، سوێند خواردن بە خوا لەسەر شتێکی حەرام، بۆ نمونە: سوێند بە خوا دەبێ دزی بکەم، هاوشێوەکەی نزری سەرپێچییە، حوکمی نزرکردن بۆ غەیری خوا شیرکە چونکە ئەوە پەرستنێکە بۆ ئەوەی نزری بۆ دەکرێت، جا ئەگەر پەرستن بێت ئەوا بۆ غەیری خوا ئەنجامی داوە و دەبێتە موشریك.

ئەم جۆرە نزرە بە هیچ شێوەیەك نابەسترێت و کەفارەتیشی نییە، بەڵکو ئەوە شیرکە و پێویستە خاوەنەکەی تەوبە بکات، وەکو سوێندخواردن بە غەیری خوا و ئەوە نابەسترێت و کەفارەتیشی نییە.

بەڵام نزری سەرپێچی ئەوا دەبەسترێت، بەڵام نابێت جێبەجێی بکات، دەبێت کەفارەتی بدات، هەروەکو سوێند خواردن بە خوا لە سەری دەبەسترێت و کەفارەتی لەسەرە[١].

وە لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا هاتووە لە عائیشەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ﴿مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللَّهَ فَلْيُطِعْهُ، وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِي اللهَ فَلاَ يَعْصِهِ﴾[٢] واتە: هەرکەسێك نزری کرد کەوا گوێڕایەڵی خوا بکات ئەوا با گوێڕایەڵی بکات و هەرکەسێك نزری کرد کەوا سەرپێچی بکات ئەوا با سەرپێچی نەکات).[٣]

مەبەست لە: (وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِي اللهَ فَلاَ يَعْصِهِ) ئەو (لا) پێی دەڵێن: ناهیە، نەهیکردنیش بە پێی سەرپێچییەکەیە، جا ئەگەر حەرام بوو ئەوا بەجێگەیاندنی نزرەکە حەرامە، ئەگەر نزرەکە سەرپێچییەکی مەکروهـ بوو، ئەوا بەجێگەیاندنی نزرەکە مەکروهە، چونکە سەرپێچی جیبەجێکردنی شتێکە خوای گەورە قەدەغەی کردبێت، ئەوەی قەدەغەلێکراوە لای زانایان دەبێتە دوو بەشەوە: نەهیلێکراوێکی نەهی حەرام، نەهیلێکراوێکی نەهی دوورکەوتنەوە و خۆپاراستن (التنزیه).

جا ئەگەر ئەو کارەی ئەنجام دەدرێت پەرستن بێت وئەوا ئەنجامدانی بۆ غەیری خوا شیرکە، ئەمەش یاسا و رێسایەکە لە یەکتاپەرستی پەرستندا، جا هەر کارێك پەرستن بوو ئەوا ئەنجامدانی بۆ غەیری خوا شیرکە [٤].

---

[١] / القول المفید: ٢٦٠.

[٢] / أخرجه البخاري (٦٧٠٠).

[٣] / القول المفید: ٢٦٤.

[٤] / القول المفید: ٢٦٦.

# ئایە کەسێ جنیۆی بە خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) دابێت تەوبەی وەردەگیرێت؟

## زانایان جیاوازن لەسەر دوو ڕا:

ڕای یەکەم: تەوبەی کەسێك جنیۆی بە خوای گەورە یان بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دابێت وەرناگیرێت، ئەم ڕایەش لە حەنبەلییەکانەوە بەناوبانگە، بەڵکو وەکو کافرێك دەکوژرێت و نوێژی لەسەر ناکرێت و دوعای ڕەحمەتی بۆ ناکرێت و لە جێگایەکی دوور لە گۆڕستانی موسڵمانان دەنێژرێت.

ڕای دووەم: تەوبەی کەسێك جنیۆی بە خوای گەورە یان بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دابێت وەردەگیرێت، ئەگەر زانیمان بەڕاستی تەوبەی کردووەو گەڕاوەتەوە بۆ لای خواو دانی بە هەڵەکەی خۆیدا نا و وەصفی خوای گەورەی کرد بەوەی کە شایستەیەتی بەو سیفاتە مەزنانەو لەبەر گشتگیری ئەو بەڵگانەی دەڵالەت دەکات بۆ وەرگرتنی تەوبە، وەکو ئەو ئایەتەی دەفەرموێت: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ ﴿٥٣﴾ ﴾ الزمر﴾ واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) لە منەوە بڵێ: ئەی بەندەکانی من ! ئەی ئەوانەی ستەم و زیادە ڕۆییتان لە خۆتان کردووە ! ئێوە لە ڕەحمەت و میهرەبانی خوا بێ ئومێد مەبن. بە ڕاستی خوا لە هەموو گوناحێ خۆش ئەبێ).

لە بێ باوەڕان هەن جنیۆ بە خوای گەورە دەدات لە گەڵ ئەوەشدا تەوبەکەی وەردەگێرێت. ئەم ڕایەش ڕاستە، تەنها ئەوە نەبێت ئەو کەسەی جنیۆ بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەدا تەوبەکەی وەردەگیرێت و دەبێ بکوژرێت بە جیاواز لەوەی کەسێك جنیۆ بە خوا بدات ئەوا تەوبەکەی وەردەگیرێت و ناکوژرێت، نەك

لەبەر ئەوەی حەقی خوا کەمترە لە حەقی پێغەمبەر خوا (ﷺ)، بەڵکو چونکە خوای گەورە خۆی پێی راگەیاندووین کە لە حەقەکەی خۆی خۆش دەبێت ئەگەر بەندە تەوبەی کردو گەڕایەوە بۆ لای ئەوا لە هەموو تاوانەکانی خۆش دەبێت، بەڵام کەسێك جنێو بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەدات ئەوا دوو مەسەلەی پەیوەستە پێوە:

یەکەم: مەسەلەیەکی شەرعی یە چونکە ئەو پێغەمبەری خودایە(ﷺ)، ئەوا لەم رووەوە تەوبەکەی وەردەگیرێت ئەگەر تەوبەی کرد.

دووەم: مەسەلەیەکی شەخصییە چونکە ئەوە مافی کەسێکە لە بەنی ئادەم و نازانرێت عەفوی کردووە یان نا، لەم رووەوە دەبێ بکوژرێت (دەکوژرێت لە پاش تەوبەکەی) جا ئەگەر کوژرا ئەوا دەشۆردرێت و کفن دەکرێت و نوێژی لەسەر دەکرێتو لە گەڵ موسڵمانانداا دەنێژرێت.

ئەمەش هەڵبژاردەو رای (شیخ الاسلام ابن تیمیة)یە، لەسەر ئەم بابەتە کتێبێکی نوسیوەو ناوی ناوە (الصارم المسلول فی حکم قتل ساب الرسول) یان (الصارم المسلول علی شاتم الرسول) چونکە ئەو ئیهانەی بە حەقی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردووە هەروەها ئەگەر تۆمەتی زینای داوە پاڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوا دەکوژرێت و جەڵدەی لێ نادرێت.

ئەگەر وترا: ئایا بەڵگەی جێگر نییە کەوا خەڵکێك هەبووە جنێوی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوە و کەچی پاشان وەری گرتوە یان ئازادی کردووە؟

لە وەڵامدا دەڵێم: بەڵێ.. ئەمەش راستە، بەڵام ئەمە لە ژیانی خۆیدا بوە و خۆی وازی لە حەقی خۆی هێناوە، بەڵام لە پاش مردنی ئەوا هیچ کەسێك بۆی نییە واز لەو حەقە بهێنێت، ئەوەی کە دەیبینین پێویستە (واجبە) لە حەقی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لە کاتی جنێو داندا ئەوا دەبێ جێبەجێی بکەین، لە کوشتنی ئەو

کەسەی جنیۆی پێ دەدات، وەرگرتنی تەوبەکەی دەکەوێتە نێوان خۆی و خوای گەورە.

ئەگەر وترا: رەنگە ئەو لێی خۆش بێت ئەگەر لە ژیانیدا بوایە، ئایە ئەوا پێویستی ناکات لە سەرمان ئێمەش راوەستین لە حوکمەکەی؟

لە وەڵامدا دەڵێم: پێویست نییە لەم حوکمەدا بوەستین، چونکە خراپەکارییەکە (مفسدە) بە هۆی جنیۆەوە رووبداوە و بەرزبوونەوەو نەمانی شوێنەواری ئەم جنیۆە زانراو نییە ئەصلەکەش هێشتنەوەیەتی.

ئەگەر وترا: ئایا پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆرینەی جار لەوانە خۆش نەبووە کە جنیۆی پێداون؟

دەڵێم: بەڵێ، رەنگە لێخۆشبوون لە ژیانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەرژەوەندی تێدا بێت کە بریتییە لە دڵنەوایی کردن و یەکریزی، هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو دووروەکانی دەناسی کەچی کەسی لەوان نەکوشت: ( لئلا يتحدث الناس أن محمداً (ﷺ)يقتل أصحابه)[1] واتە: بۆ ئەوەی خەڵکی نەڵێن محمد (ﷺ) هاوڕێکانی خۆی دەکوژێت).

بەڵام ئێستا کە یەکێ لە دووروەکان بناسین ئەوا دەیکوژین، ابن القيم دەفەرموێت: هێشتنەوەو نە کوشتنی دووڕوو ئەوا تەنها لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووە).

[1] / قال الشيخ الألباني: ( صحيح ) انظر حديث رقم: ٧٦٠٥ في صحيح الجامع

# بە کافردانانی خودی کەسێکی دیاری کراو ئەگەر کوفرێکی ئەنجام دا

ئەگەر هەموو مەرجەکانی بە کافردانانی (تەکفیری) تێدا بوو ئەوا دروستە ناوی کوفر بە خودی کەسەکە بنرێت، چونکە ئەگەر ئەوە نەڵێین ئەوا سیفەتی هەڵگەڕانەوە بە سەر هیچ کەسێکدا جێ بە جێ نابێت، جا لە دونیادا مامەڵەی کەسێکی هەڵگەڕاوەی لە گەڵدا دەکەین، ئەمە بەپێی حوکمی دنیایی بەڵام حوکمدان بە سەریدا لە حوکمەکانی دوارۆژ ئەوا حوکمەکەی بە حوکمێکی گشتی باس دەکرێت نەك تایبەتی، بۆیە ئەهلی سوننە دەڵێن: شایەتی بەسەر هیچ کەسێکدا نادەین بە بەهەشت یان بە دۆزەخ ئیللا ئەو کەسە نەبێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی بۆ دابێت.

هەروەکو چۆن دەڵێین: هەر کەسێك رۆژووی مانگی رەمەزانی گرت بە ئیمان و چاوەڕوانی پاداشت لای خوداوە ئەوا لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت، بەڵام ئەم حوکمە بە سەر کەسێکی تَایبەت و دیاری کراودا نادەین، چونکە ئەو حوکمانەی کە بە سەر وەصفەکاندا دەدرێت بەسەر کەسەکاندا جێبەجێ نابێت ئیللا مەگەر کەسێك مەرجەکانی بەسەردا جێبەجێ بێت و رێگرەکان نەبێت.

## مەرجەکانی حوکمی کافربوون بەسەر موسڵمانێکدا وە حوکمی کەسێك شتێکی کوفری ئەنجامدا بە گاڵتەوە بۆ حوکمدان بە بەکافردانانی موسڵمان دوو مەرجی هەیە:

یەکەمیان: بوونی بەڵگەیەك کەوا ئەو شتەی ئەو ئەنجامی داوە شتێك بێت خاوەنەکەی کافر بکات.

دووەمیان: حوکمەکە جێبەجێ بێت بە سەر ئەو کەسەی کارەکەی ئەنجام داوە بە شێوەیەك بزانێت ئەوە کوفرە و بە قەصدی ئەنجامی دابێت، چونکە ئەگەر نەزانێت (نەفام بێت) ئەوە بە کافر دانانرێت، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ١١٥﴾ النساء) واتە: هەرکەسێك پاش ئەوەی ڕێگەی هەق‌و ڕاستی بۆ دەرکەوت‌و شارەزای دینی خوا بوو دژایەتی پێغەمبەر(ﷺ) بکاو ڕێگاو ڕێبازێ بگرێتە بەر، کە ڕێگای ڕاستی باوەڕداران نەبێت،ئێمەیش ڕووی ئەکەینە ئەو بەرنامەو ڕێگایە بەئارەزووی خۆی لە دنیادا هەڵیبژاردووە، ئای کە دۆزەخ جێ و ڕێیەکی زۆر سامناك و خراپەو بۆیان ئامادەکراوە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ١١٥﴾ التوبة) واتە: خۆ پاش ئەوەش خوا خەڵکێکی خستبێتە سەر ڕاستەڕێ، ئیتر نەبووە جارێکی تر

گومڕایان بکات.تا ئەو شتانەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە دەبێ خۆیانی لێ بپارێزن، بێ گومان خوا بەهەموو شتێك زاناو بەئاگایە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴿١٥﴾﴾ الاسراء) واتە: ئێمە تۆڵەو سزای هیچ خەڵکێکمان نەداوە، هەتا پەیامبەرێکیان بۆ نەناردبن ڕێیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە).

بەڵام ئەگەر کەمتەرخەم بوو لە فێربوون و تێگەیشتندا، ئەوە بیانووی نییە، وەکو ئەوەی کەسێك پێی گەیشت کەوا ئەو کارەی ئەو دەیکات کوفرەو کەچی ئەو بە دوایدا ناگەڕێت تاکو دڵنیا بێت، ئەوا ئەو کاتە بیانووی نامێنێت.

ئەگەر کارێکی دەکرد خاوەنەکەی کافر دەکات مەبەست و قەصدی نەبێت ئەوا بەوە کافر نابێت، وەکو کەسێك بە زۆر کوفرێکی پێ بکەن لە هەمان کاتدا دڵەکەی دڵنیا بێت لە ئیمانەکەی، یان وەکو کەسێك بیرو فکری دابخرێت نازانێت چی دەڵێت لەبەر خۆشییەکی زۆر یان لەو شێوانە، وەکو خاوەن حوشترەکە کە بزری کردبوو، ئەمجار لە ژێر دارەکەدا راکشا و چاوەڕێی مردنی دەکرد لە پاشان بینی ڕەشمەکەی هەڵواسراوەتە دارەکەوە ئەویش گرتی و دەستی کەوتەوە و وتی: (اللهم أنت عبدي وأنا ربك، أخطأ من شدة الفرح )[1] واتە: ئەی خودایە... تۆ بەندەی منی و منیش پەروەردگاری تۆم، لە بەر زۆری خۆشییەکەی هەڵەی کرد) بەڵام ئەگەر کەسێك بە گاڵتەوە کوفرێکی ئەنجامدا ئەوا کافر دەبێت چونکە مەبەستی ئەوە بووە، هەروەکو زانایان ئەوەیان ڕوون کردووەتەوە.

---

[1] / صحيح: أخرجه البخاري ومسلم.

## حوکمی کەسێك نەزانێت داواکردن لە جگە لە خوا شیرکە

نەزانین بە حوکمی کارێك خاوەنەکەی کافر بکات وەکو حوکمی نەزانینی ئەو کارەیە کە خاوەنەکەی فاسق دەکات، هەروەکو چۆن کەسی نەزان بە ئەنجامدانی کارێکی فسق بیانوی بۆ دەهێنینەوە لەبەر نەزانینەکەی ئا بەو شێوەیە بیانوی بۆ دەهێنینەوە لەبەر نەزانینەکەی بەوەی پێی کافر دەبێت و هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوانیاندا، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي ٱلْقُرَىٰٓ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَٰلِمُونَ ﴿٥٩﴾﴾ القصص﴾ واتە: هەرگیز ئێمە بەناهەق ئاوایيەکانمان کاول نەکردوون، مەگەر خەڵکەکەی دەستیان دابێتە ستەمکاری).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴿١٥﴾﴾ الاسراء) واتە: ئێمە تۆڵەو سزای هیچ خەڵکێکمان نەداوە، هەتا پەیامبەرێکیان بۆ نەناردبن ڕێیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە).

ئەمەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە مرۆڤی لەسەر سزا دەدرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًۢا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١١٥﴾﴾ التوبة﴾ واتە: خۆ پاش ئەوەش خوا خەڵکێکی خستبێتە سەر ڕاستە ڕێ، ئیتر نەبووە جارێکی تر گومڕایان بکات. تا ئەو شتانەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە دەبێ خۆیانی لێ بپارێزن، بێ گومانە خوا بەهەموو شتێك زاناو بەئاگایە).

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کەسە بێ بایەخو کەمتەرخەم بوو لە وەرگرتنی زانست و پرسیار نەکات و بە دوایدا نەگەڕا ئەمە پێویستی بە تێڕوانینە، جا نەزانەکان بەوەی کە خاوەنەکەی کافر دەکات یان فاسقی دەکات و هیچ بێ بایەخییان تێدا نییەو

تەنها ئەوە دەزانن کە ئەم کارە کارێکی حەڵاڵە ئەوا عوزریان هەیە، بەڵام بانگ دەکرێن بۆ حەق و راستی جا ئەگەر سوور بوون ئەوا حوکمیان بە سەردا دەدرێت بە پێی ئەو سوور بوونەیان، بەڵام ئەگەر کەسێك گوێی لێیە ئەمە حەرامە یان ئەوە خاونەکەی بەرەو شیرك دەبات بەڵام سستی دەنوێنێ و یان خۆی بە زل دەزانێت ئەوا ئەم کەسە نەزانینەکەی نابێتە عوزر بۆی.

# حوکمی عوزر هێنانەوە بۆ ئەو شتانەی پەیوەندیان بە بیروباوەڕەوە هەیە

جیاوازی لە مەسەلەی هێنانەوەی عوزر لە بەر نەزانین وەکو ئەو جیاوازییەکانی تری مەسەلە فیقهییە ئیجتهادییەکانە، ڕەنگە جیاوازییەکە تەنها زاری بێت –واتە شێوازی دەربڕین– لە هەندێ حاڵەتدا لە پێناوی جێبەجی کردنی حوکمەکە بەسەر کەسێکی دیاری کراودا، واتە هەموان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ئەم قسەیە کوفرە، یان ئەو کارە کوفرە، یان وازهێنان لەو کارە کوفرە، بەڵام ئایە حوکم دەدرێت بەسەر کەسێکی دیاری کراودا بۆ ئەوەی ئەو حوکمە بەسەریدا بدەین و هیچ ڕێگرێکیش نەبێت؟ یان ئەو حوکمە جێ بە جێ ناکرێت لەبەر نەبونی ئەو مەرجانەی یان بوونی چەند ڕێگرێك؟.

جا نەزانین دەربارەی ئەو شتانەی خاوەنەکەی کافر دەکات دوو جۆرە:

**یەکەم**: کەسەکە لەسەر دینێکی تر بێت یان خاوەنی هیچ دینێك نەبێت، هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتووە کەوا دینێك هەبێت لە گەڵ ئەوەی ئەودا جیاواز بێت، ئەوا ئەو حوکمە ئاشکراو دیارەکانی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت لەم دونیایەو لە دوارۆژیشدا ئەوا کارەکەی دەگەڕێنینەوە بۆ لای خوا، بۆچوونی پەسەند (راجح) ئەوەیە کە لە دوارۆژدا تاقیدەکرێتەوە بەوەی خوای گەورە خۆی ویستی لەسەر بێت وە خوای گەورە خۆی باشتر دەزانێت کە کەسەکە کارو کردەوەی چی دەبێت، بەڵام ئەوەش باش دەزانین خوای گەورە هیچ کەسێك ناکاتە ئاگرەوە بە بێ تاوانێ کردبێتی، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ﴿٤٩﴾﴾ الكهف﴾ واتە: پەروەردگاریشت ناهەقی و ستەم لەهیچ کەسێك ناکات).

بەڵکو ئێمە گوتمان: حوکمە ناشکراکانی دونیای بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ئەویش حوکمی کوفرە، چونکە ئەو ئیسلامی بە دینی خۆی هەڵنەبژاردووە بۆیە نابێت حوکمەکانی پێ بدرێت، بەڵکو گوتمان: رای پەسەند ئەوەیە کەوا ئەو لە دوارۆژدا تاقیدەکرێتەوە چونکە دەربارەی ئەو بابەتە چەندین ئەسەر لەسەری هاتوە (ابن القیم) لە کتێبی (طریق الهجرتین)دا باسی کردووە، دەربارەی قسەو باسی لەسەر مەزهەبی هەشتەم دەربارەی منداڵانی موشریکەکان لە ژێر قسەکردن لەسەر چینی چواردەیەم.

<u>جۆری دووەم</u>: کەوا کەسەکە لەسەر دینی ئیسلام بێت بەڵام لەسەر شتێك بژێت کەسەکە کافر بکات وە هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتبێت ئەو شتە جیاوازە لە گەڵ ئیسلامدا، هیچ کەسێك ئاگاداری نەکردووەتەوە، ئەوا ئەم کەسەش حوکمەکانی ئیسلامبوونی لەسەر جێبەجێ دەکرێت لە دونیادا، بەڵام لە دوارۆژدا ئەوا کارەکەی دەگێڕینەوە بۆ لای خوا ئەمەش قسەی خواو پێغەمبەر (ﷺ) و ئەهلی عیلمی لەسەر هاتووە.

لە بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴿١٥﴾﴾ الاسراء) واتە: ئێمە تۆڵەو سزای هیچ خەڵکێکمان نەداوە، هەتا پەیامبەرێکیان بۆ نەناردبن ڕێیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولًا يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا ۚ وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَىٰ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ ﴿٥٩﴾﴾ القصص) واتە: پەروەردگاری تۆ بە نامەق شارو گوندەکانی وێران نەکردوون هەتا لە گەورە دێیەکەیاندا پەیامبەرێکی دەنارد، ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەرا بخوێنێتەوە

هەرگیز ئێمە بە ناهەق ئاوایيەکانمان کاول نەکردوون، مەگەر خەڵکەکەی دەستیان دابێتە ستەمکاری).

وەدەفەرموێت: ﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٦٥﴾﴾ النساء) واتە: هەموویان پێغەمبەری مژدەدەرو ترسێنەربوون، تا دوای ئەو پێغەمبەرانە هیچ بەڵگەو بیانوویەك بۆ ئەو خەڵکە نەمێنێ لەلای خوا، خوا خۆی گشت کات دەسەڵاتدارەو کارزانە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمْۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٤﴾﴾ ابراهیم) واتە: هەموو پەیامبەرێکمان بەزمانی هۆزو نەتەوەکەی خۆی ناردووە بۆ ئەوەی شەریعەت و بەرنامەکەی خوایان بۆ ڕۆشن بکاتەوە ئینجا هەرکەسێك خۆی حەز بکات لە گومڕایی ئەوا خوای گەورەیش بەهۆی ئەو لاساریيەی ئەوەوە گومڕای دەکا وەهەر کەسێکیش خۆی بیەوێ بەرەو ڕێنمایی بڕوات خوای گەورەیش ڕێنمای بۆ دینی ئیسلام دەکات چونکە خوا بەدەسەڵات و بەتوانایە هەر ئەویش کارجوانە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًۢا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١١٥﴾﴾ التوبة) واتە: خۆ پاش ئەوەش خوا خەڵکێکی خستبێتە سەر ڕاستە ڕێ، ئیتر نەبووە جارێکی تر گومڕایان بکات.تا ئەو شتانەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کەدەبێ خۆیانی لێ بپارێزن،بێ گومانە خوا بەهەموو شتێك زاناو بەئاگایە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٥٥﴾ أَن تَقُولُوٓا۟ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلْكِتَٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَٰفِلِينَ ﴿١٥٦﴾ أَوْ تَقُولُوا۟ لَوْ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهْدَىٰ مِنْهُمْ ۚ فَقَدْ جَآءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ ۚ﴿١٥٧﴾﴾ الانعام))

واتە: ئەم قورئانەش ناردمانە خوارێ کتێبێکی پیرۆزو پڕ پیتە دەسا گشتتان پەیڕەوی لێبکەن و بیکەنە پێشەوای خۆتان و لە خواش خۆتان بپارێزن بەشکو لە هەردوولا میهرەبانیتان لەگەڵ بکا (١٥٥) ئەم قورئانەمان نارد بۆ ئەوە ئێوە نەڵێن: نامەو کتێب تەنها بۆ دوو کۆمەڵ و دوو دەستەی بەر لەخۆمان (واتە:جولەکەو گاور) دابەزێنراوەو ئێمە بێ کتابین و بەڕاستی ئێمە لەخوێندنەوەی کتێبەکانیان ئاگادار نەبوین (١٥٦) هەتا نەشڵێن ئەگەر ئێمەیش وەکو ئەوان نامەمان بۆ هاتبا لەوان باشتر شارەزا ئەبوین و ڕێمان دەردەکرد دەوا ئێستا لەلایەن پەروەردگارتانەوە بەڵگەو نیشانەیەکی ڕوون و ڕێنمایی و بەزەیەکتان بۆ هات (١٥٧)).

جگە لە چەندین ئایەتی تر کە دەلالەت دەکات لەوەی کە حوججە نابێت و نییە ئیللا لە پاش زانیاری و ڕوونکردنەوە نەبێت، لە سوننەتیشدا هاتووە: لە (صحیح مسلم)دا لە (أبو هريرة)ەوە کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:(وَٱلَّذِی نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لاَ يَسْمَعُ بِی أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الأُمَّةِ- يعني أمة الدعوة - يَهُودِیٌّ وَلاَ نَصْرَانِیٌّ ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِی أُرْسِلْتُ بِهِ إِلاَّ كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ)[1] واتە: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە هیچ کەسێك پەیامبەرێتی منی بیستبێت لەم ئوممەتە

[1] / صحيح: أخرجه مسلم.

– واتە ئەو ئوممەتەی بانگەوازی کردووە– جولەکە یان گاور و ئەمجار بمرێت و باوەڕ نەهێنی بەوەی من هێناومە ئیللا دەبێتە کەسێکی دۆزەخی).

وە لە قسەی زانایان: لە کتیبی (المغنی)دا هاتووە (١٣١/٨): ( ئەگەر کەسەکە لەو کەسانە بوو تازە بوو بووە موسڵمان یان لە جێگایەکی جگە لە وەڵاتی موسڵمانان بژێت، یان لە دەشتێکی دوور لە شار و زانایان ئەوا حوکمی کوفری بەسەردا نادرێت).

شیخ الاسلام ابن تیمیة لە (الفتاوی)دا (٢٢٩/٣) دەفەرموێت: ((من هەردەم (وە هەر کەس لە گەڵ مندا دانیشتوە لە منەوە ئەوە باش دەزانێت) کە لە هەموو کەس زیاتر نەهی لەوە دەکەم کەسێکی دیاری کراو کافر بکرێت، یان بە فاسق دابنرێت یان سەرپێچی ئیللا کەسێك بزانرێت کە ئیقامە حوججە لە سەری کراوە کە ئەگەر کەسێك لێی جیاواز بێت جاری وا هەیە کە کافر دەبێ یان فاسق دەبێ یان سەرپێچیکار دەبێ وە من دەزانم خوای گەورە لە هەڵەی ئەم تاوانە خۆش بووە، جا هەموو هەڵەیەك دەگرێتەوە چ لە مەسەلە خەبەرییەکان بێت یان لە مەسەلە کرداریییەکان، بەردەوام پێشینی ئەم ئوممەتە ناکۆکییان بوو لە زۆربەی مەسەلەکاندا و هیچ کەس لەوان ئەویتری بە کافر نەزانیوە و بە فاسق نەزانیوە و بە سەرپێچیکار نەزانیوە.. (تا ئەو شوێنەی دەڵێت): وە ئەوەم روون کردووەتەوە ئەوەی لە پێشین و پێشەوایانەوە هاتووە لە تەکفیر کردنی کەسێك ئەو قسەیە بکات ئەوەش حەق و راستە بەڵام پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان وتنی قسەی رەها و دیاری کردنی کەسەکە)).

تاکو ئەو شوێنەی دەڵێت: تەکفیر کردن لە هەرەشەکانە چونکە ئەو هەرچەندە قسەکەی بە درۆخستنەوە ئەوەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی بێت، بەڵام رەنگە کەسەکە تازە هاتبێتە ناو ئیسلامەوە، یان لە جیگایەکی دوور لە ئاوەدانی

نیشتەجی بوو بێت (دەشتەکی بێت) جا نمونەی ئەوانە بە نکۆڵی کردنی کافر نابێت تاکو ئیقامە حوججەی لە سەر نەکرێت، چونکە رەنگە ئەو کەسە ئەو دەقانەی نەبیستبێت یان بیستویەتی بەڵام لای ئەو جێگر و سابت نەبووە، یان شتێك هاتووەتە پێشی وای لێکردووە تەئویلی کردبێت هەرچەندە هەڵە بێت).

شەیخ (محمد عبدالوهاب) لە (الدرر السنية) (٥٦/١) دەفەرموێت: (بەڵام بە کافر دانان، ئەوا من کەسێك بە کافر دەزانم ئەگەر دینەکەی پێغەمبەری (ﷺ) ناسیبێ ئەمجار لە پاش ئەوەی ناسی جنیۆی پێ دەدات وە نەهی خەڵك دەکات لێی و دژایەتی ئەو کەسە دەکات جێبەجێی دەکات ئەمە ئەو کەسەیە کە بە کافری دەزانم).

لە لاپەرەی (٦٦) هاتووە: ( بەڵام لەو درۆ و بوختانەی کە دەڵێن: ئێمە بە گشتی خەڵك بە کافر دەزانین و پێویستی دەکەین لەسەری بە هیجرەت کردن بۆ لامان بە گوێرەی ئەوەی دینەکەی خۆی ئاشکرا کردووە، هەموو ئەوانە درۆ و بوختانە کە لە رێگایەوە بەرنگاری خەڵکی پێ دەبنەوە لە دینی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، جا ئەگەر ئێمە کەسێك بە کافر نازانین کە ئەو بتە دەپەرستێ لەسەر (عبدالقادر)ەو ئەو بتەی لەسەر (أحمد البدوي)یە و نمونەی ئەوانە لەبەر جەهل و نەفامی و نەبونی کەسێك ئاگاداریان بکاتەوە، ئیتر چۆن کەسێك بە کافر دەزانین کە شیرکی بۆ خوا دانەنابێت ئەگەر هیجرەت نەکات بۆ لامان؟ بە کافر نازانرێت و کوشتاریشی لە گەڵ ناکرێت).

جا ئەگەر ئەمە ناوەرۆکی قورئان و سوننەت و قسەی زانایان بێ ئەوە ناوەرۆکی حیکمەتی خوای گەورەیە و میهرەبانی و بەزەیی ئەوە، کە هیچ کەسێك سزا نادات تاکو بیانووی نەهێڵێ، عەقڵەکان بە تەنها ناتوانن مافەکانی خوای گەورە بزانن

کەچی لەسەر پێویستە، جا ئەگەر عەقڵەکان ئەوەیان بزانیبایە ئەوا پێویستی بە ناردنی پێغەمبەران نەدەکرد.

جا ئەصل و بنەما ئەوەیە هەرکەسێك موسڵمان بوو بێت ئەوا هەر لەسەر ئیسلامەکەی خۆی دەمێنێتەوە تاکو دڵنیا نەبین لە نەمانی ئیسلامەکەی بە پێی بەڵگەیەکی شەرعی، نابێت کەمتەرخەمی بکرێت لە بە کافردانانیدا چونکە ئەوە دوو خراپەی مەزنی لێ دەکەوێتەوە:

یەکەم: هەڵبەستنی درۆ بە سەر دینی خواوە لە حوکمدا، هەروەها بەسەر ئەوەی حوکمەکەی لەسەر دەدرێت، لەو وەصفەی کە پێی دەناسرێت.

جا یەکەمیان ئەوا ئاشکرایە، چونکە حوکمی داوە بە سەر کەسێکدا بە کوفر کە خوای گەورە کافری نەکردووە ئەوەش وەکو ئەوەیە حەڵاڵێك خوای گەورە حەڵاڵی کردبێت ئەم حەرامی بکات،چونکە حوکمدان بە کافر بوون یان بە کافر نەبوون تەنها دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا وەکو حوکمی بە حەرام بوون یان حەرام نەبوون.

دووەم هۆکار ئەوەیە کە وەصف موسڵمانێك دەکات بە دژەکەی، دەڵێت: ئەو کافرە، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو بەرییە لەو وەصفە، حەقی خۆیەتی حوکمی کوفرەکەی بەسەر خۆیدا بگەڕێتەوە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی لە (صحیح مسلم) دا هاتوە لە (عبدالله ی کوڕی عومەر)ەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ( إذا كفَّر الرجل أخاه فقد باء بها أحدهما) واتە: ئەگەر کەسێك براکەی خۆی کافر کرد ئەوا کوفرەکە تووشی یەکێکیان دەبێ) وە لە ریوایەتێکدا هاتووە: (إن كان كما قال وإلا رجعت عليه)[1] واتە: ئەگەر قسەکەی تەواو بوو ئەگەر نا دەگەڕێتەوە بۆ خۆی).

---

[1] / صحيح: أخرجه مسلم.

هەروەها لە (أبو ذر)ەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ( ومن دعا رجلاً بالكفر – أو قال: عدو الله – وليس كذلك إلا حار عليه)[1] واتە: هەرکەسێك کەسێکی تر کافر بکات – یان بڵێت: دوژمنی خوا – ئەویش وا نەبێت ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ خۆی).

وە لە ریوایەتەکەی ابن عومەردا هاتوە: (إن كان كما قال ) واتە: لە حوکمی خوادا، هەروەها لە ریوایەتەکەی (ابو ذر)دا: (وليس كذلك) واتە لە حوکمی خوادا.

ئەمەش دووەم قەدەغەکراوە مەبەستم گەڕانەوەی وەصفی کوفرەکە بۆ خۆی ئەگەر هاتوو براکەی وا نەبوو، ئەمیش قەدەغەکراوێکی گەورەیە خەریکە تووشی خۆی دەبێت.

[1] / صحيح: اخرجه مسلم.

# حوکمی کەسێك حوکم بە قورئان ناکات

دەڵێم – لە کاتێکدا داوا لە خوا دەکەم رێنموییمان بکات بۆ راستی و هیدایەت – : حوکم کردن بەوەی خوای گەورە دابیەزاندووە لە جۆری یەکتاپەرستی پەروەردگاریێتیە – توحید الربوبیة – چونکە جێ بە جێکردنی پەروەردگاریێتی خوا و تەواو و کاملبوونی مولکی و بەرێوەبردنی، بۆیە خوای گەورە ناوی ئەوانەی ناوە –کە شوێنکەوتەی جگە لەوەی خوا دابیەزاندوە– (أرباب) بۆ شوێنکەوتەکەیان، دەفەرموێت: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١ ﴾ التوبة) واتە: لەبری خوا مەلاو ڕەبەنەکانی خۆیانیان کردە خواو فەلەکانیش عیسای کوڕی مەریەمیان کردە خوا، خۆ وا فەرمانیشیان پێ درابوو کە: دەبێ هەر خوای تاکو تەنیا بپەرستن کە جگە لەخۆی هیچ پەرستراوێکی تر بەهەق نییە خوا لەو شتانە، پاك و بێخەوشە، بێ باوەڕەکان دەیکەنە هاوتاو هاوبەشی).

جا خوای گەورە ناوی شوێنکەوتەکانی ناوە (أرباب) چونکە ئەوانە لە گەڵ خوای گەورەدا شەرعیان دارشتوە، ناوی شوێنکەوتوەکانی ناوی (عباد) چونکە ئەوان زەلیلی ئەوان بوون و گوێڕایەڵ بوون لەسەرپێچی حوکمی خوای گەورەدا.

هەروەها (عدي) کوڕی (حاتم) بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) فەرموو کە ئەوان ئەوانیان نەدەپەرست، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (بل إنهم حرموا عليهم

الحلال وأحلوا لهم الحرام فاتبعوهم فذلك عبادتهم إياهم)[1] واتە: (بەڵکو ئەوان حەڵاڵیان بۆ حەرام دەکردن و حەرامیان بۆ حەڵاڵ دەکردن، پاشان شوێنیان کەوتن چیتر ئەوە پەرستنی ئێوە بوو بۆ ئەوان).

جا ئەگەر ئەوە تێگەیشتی، ئەوا بزانە ئەگەر هەر کەسێك حوکم بەوە نەکات خوای گەورەر دابیەزاندووە، دەیەوێت حوکم بە جگە لە حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بکات ئەوا ئەو ئایەتانە کە نەفی ئیمان دەکات و ئایەتەکانی کوفر و ستەم و فاسقی دەربارەی ئەو هاتووە.

جا نمونە لەسەر بەشی یەکەم، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴿٦١﴾ فَكَيْفَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَآءُوكَ يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّآ إِحْسَٰنًا وَتَوْفِيقًا ﴿٦٢﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعْلَمُ ٱللَّهُ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ قَوْلًۢا بَلِيغًا ﴿٦٣﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ جَآءُوكَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ ٱللَّهَ وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُوا۟ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا

[1] / حسن: أخرجه الترمذي وحسنه الألباني.

﴿٦٤﴾ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ النساء) واتە: ئەرێ ئەوانەت نەدیوە وا دەڵێن باوەڕیان بەو بەرنامەو قورئانەیە دابەزێنراوە بۆتو بەو پەیامەش پێش تۆ دابەزێنراوە باوەڕ دەکەن دەیانەوێ بۆ بڕیارەوەی داواو کێشەکانیان بچنە لای تاغوت و بەرنامە شەیتانییەکان؟! لەکاتێکدا فەرمانیان پێدرابوو بەو بەرنامە شەیتانیانە باوەڕنەکەن و کارنەکەن و شەیتانیش دەیەوێ گومڕایان بکات بە گومڕاکردنێکی یەکجار دوورو بێ سنور (٦٠) کاتێکیش بەو دووڕوانە بگوترێ: وەرنە لای ئەم بەرنامەو شەریعەتەی خوا دابیبەزاندووەو وەرنە لای ئەم پەیامبەری خوایە کەچی دووڕوەکان دەبینی بەتوندی ڕووت لێ وەردەگێڕن (٦١) جا کاتێ – بەهۆی ئەو کردەوە خراپەیانەوە وە بەر خۆیانیان داوە– نەهامەتیەکیان توش دەبێ پاشان بەهاوار هاوار دێنە لات و سوێند بەخوا دەخۆن کە ئێمە تەنها چاکسازی و بڕیارەوەی کێشەو ئاڕاوەکانمان مەبەست بوو (٦٢) ئا ئەوانە خوا ئەزانێ چ مەبەست و نیازێك لە دڵیاندایە جاتۆیش پشتگوێیان بخەو بە جوانی ئامۆژگارییان بکەو بە وتەیەکی جەرگبڕانە لەگەڵیان بدوێ (٦٣) وەهەر کەسێکمان بە پەیامبەرێتی ناردبێت، تەنیا هەر بۆ ئەوە بووە کە دەبێ بەفەرمانی خوا گوێڕایەڵی بکرێ، ئەگەر ئەو دووڕوانە وەختێ ستەمیان لەخۆیانکرد، بەوە کێشەکانیان بردە لای تاغووتەکان هاتبانە لای تۆ ئەی موحەممەدو داوای لێبوردنیان لەخوا کردبا و پەیامبەریش داوای لێبوردنت بۆ کردبان بێ گومان خوایان بە تەوبە وەرگرو میهرەبان دەست دەکەوت(٦٤) نەخێر وەك ئەوە نییە دووڕووەکان دەیزانن سوێند بێ بە پەروەردگارت ئەی پێغەمبەر نابنە باوەڕدار تا بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکانی نێوانیان تۆ دەکەنە داوەر و ئەوساش بەرامبەر بەو

بڕیارەی تۆ داوتە هیچ تەنگیەکیان دەست نەکەوێ لە دەروونیاندا و بەچاکیش تەسلیم و ملکەچ بین (٦٥).

جا خوای گەورە وەسفی ئەوانە دەکات (کە بانگەشەی ئیمان دەکەن) بە دووڕوو (منافق) بە چەند سیفەتێک:

**یەکەم:** ئەوانە دەیانەوێت حوکمیان بگێڕدرێتەوە بۆ لای (طاغوت) کە ئەویش بریتییە لە هەموو شتێک جیاوازی حوکمی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بکات، چونکە هەر کەسێک سەرپێچی یان جیاوازی حوکمی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بکات ئەوە لە خۆ دەرچوونەو ستەم کردنە لە حوکمی ئەو کەسەی پێویستە حوکمی هەموو کاروبارێک بۆ لای ئەو بگێڕدرێتەوە کە ئەویش خوای گەورەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾﴾ الاعراف) واتە: چاکیش بزانن! کە دروستکردن و تەکبیرو فەرمانی بۆ بەرێوەبردنی هەموو بوونەوەر، هەر بە دەستی ئەوە، زۆر بە بەرەکەت و گەورەیە خوایەک کە پەروەردەگاری گشت جیهانە).

**دووەم:** ئەوانە ئەگەر بانگ بکرێن بۆ ئەوەی خوای گەورە دابیەزاندووەو بۆ لای پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەوا پشتی لێ دەکەن و نکۆڵی لێ دەکەن.

**سێیەم:** ئەوان ئەگەر تووشی موسیبەتێک بین لە ئەنجامی کاری خۆیانەوە دێن و سوێند دەخۆن ئەوا هیچیان نەویستووە تەنها چاکەکاری نەبێت وەکو حاڵی ئەو کەسەی ئەمڕۆ بە حوکمەکانی ئیسلام ناڕازییەو حوکم بە یاسایەک دەکات کە لە گەڵ ئیسلامدا جیاوازە، بە بانگەشەی خۆی ئەوە چاکەکارییە وگونجاوە بۆ حاڵەتەکانی سەردەم.

پاشان خوای گەورە ئەوانەی بانگەشەی ئیمان دەکەن و ئەوە سیفەتەکانیانە ئاگاداری کردوونەتەوە کەوا ئەو دەزانێ ئەوان چی لە دڵیاندا هەیەو چییان شاردوەتەوە لە کاروبارێك کە لە گەڵ ئەوانەی ئەوان دەیڵێن جیاوازە، فەرمانی کردووەتە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئامۆژگاری ئەوان بکات قسەیەکی پرپێزیان بۆ بکات، ئەمجار رووبی کردەوە کە حیکمەت لە ناردنی پێغەمبەر(ﷺ) کەوا ئەو ببێتە ئەو کەسەی گوێرایەڵ بکرێت و تەنها شوێنی ئەو بکەوین نەك خەڵکی تر هەرچەندە بیرو هۆشیان بە هێزبوو و تێروانینیان فراوان بێت، پاشان خوای گەورە سوێندی بە پەروەردگارێتی خۆی خواردوە بۆ پێغەمبەرەکەی(ﷺ) کە ئەویش تایبەتترین جۆری پەروەردگارییەتییە و ئاماژە بە راستگۆیی پەیامەکەی لە خۆ دەگرێت سوێندی پێ خواردوە و جەختی کردووە کە ئیمان چاك نابێ بە بێ ئەو سێ کارە:

یەکەم: دەبێ داوەری بگێردرێتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەموو ناکۆکییەکدا.

دووەم: دەبێ سنگەکان فراوان بن بەو حوکمانە و نابێت لە ناخدا هیچ ئیحراجی و دڵتەنگی هەبێت.

سێیەم: دەبێ تەسلیم بوونێکی تەواو هەبێت بە قایل بوون بەوەی حوکمی لەسەر دەدات جێبەجێ کردنی بەبێ کەمتەرخەمی و لادانێك.

بەشی دووەم/ وەکو ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ المائدة) واتە: هەرکەسێك بەو کتێب و بەرنامە خوا ناردوویەتی حوکم و بڕیار نەدات، لەکافرو بێ باوەڕانە و لەچوار چێوەی دینی خوا دەچێتە دەرێ ).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾ المائدة) واتە: هەرکەسێك بە پێی ئەو بەرنامەیە خوا ناردوویەتی و داوەری و بڕیار نەدات بێ سۆ لە پێزی ستەمکاران و لەسنور دەرچووان دەبن).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ المائدة) واتە: وە هەر کەسێکیش بەو بەرنامە بڕیارو حوکم نەدەن، دیارە یاخی و ناپاك و لەسنور دەرچوون).

ئایە ئەو سێ وەسفە بەسەر یەك وەسفکراودا دەگوترێت (دەدرێتە پاڵ کەسێك)؟ بە مانای ئەوەی هەرکەسێ حوکم نەکات بەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە (کافر)و (ظالم)و (فاسق)ـە؟ چونکە خوای گەورە وەسفی کافران بە ستەم و فاسقی کردووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلْكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٥٤﴾ ﴾ البقرة) واتە: هەر کافروو بێ باوەڕان ناهەقیکارو ستەمکارن).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ إِنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٨٤﴾ ﴾ التوبة) واتە: چونکە بەڕاستی ئەوانە_بەر لەوە بمرن_حاشایان لەخواو لەپەیامبەرەکەی ئەو کرد هەر بە فاسقی و یاخیانەیش مردن).

بۆیە هەموو کافرێك فاسق و ستەمکارە؟

یان ئەو سیفاتانە دەدرێتە پاڵ ئەو وەسفکراوانە بە پێی ئەو هۆکارەی کە بووەتە هۆی ئەوەی حوکم بەوە ناکات کە خوای گەورە دایبەزاندووە؟

ئەم رایەی دووەم لای من نزیکترە و خوای گەورە باشتر دەزانێ.

دەڵێین:

هەر کەسێك حوکم بەوە نەکات کە خوای گەورە دابیەزاندووە وەك سووکایەتی پێکردنێك یان رق لێ بوونێك یان باوەڕی وا بێت جگە لەو باشترە و سوودبەخشترە بۆ خەڵکی ئەوا کافرە، کوفرێك لە ئیسلام دەری دەکات، نمونەی ئەوانە ئەو جۆرە کەسانە کە یاسایەك دادەنێت کە جیاوازە لە گەڵ یاسای ئیسلامدا بۆ ئەوەی ببێتە بەرنامەیەك خەڵکی لەسەر بڕوات، چونکە ئەوانە ئەو یاسایانە دادەنێن کە جیاوازە لە گەڵ یاسای ئیسلامدا ئیللا باوەڕیان وایە کە ئەو چاکتر و سوود بەخشترە بۆ خەڵکی، چونکە ئاشکرایەو دیارە و زەرورەتێکی عەقڵی و فیتری یە کە مرۆڤ لە بەرنامەیەك لانادات بۆ بەرنامەیەکی تر ئیللا باوەڕی وایە کە ئەو بەرنامەی چوەتە سەری باشترە و ئەوەی لێی لایداوە نوقسانە.

ئەگەر کەسێك حوکم بەوە نەکات کە خوای گەورە دابیەزاندوە لە کاتێکدا سوکایەتی پێ ناکات و رقی لێی نییە و باوەڕی وا نییە کە جگە لەوە چاکترەو سوودبەخشترە بۆ خەڵکی، بەڵکو حوکم لە جگە لەوە دەکات لەبەر دەسەڵاتی بەسەر ئەوەی حوکمی دەکات یان لەبەر تۆڵەسەندنەوەیەك بۆ نەفسی خۆی یان لەو شێوەیە ئەوا کەسێکی ستەمکارە و کافر نییە، پلەی ستەمەکەی جیاوازە بە پێی ئەوەی حوکمی پێ دەکات و هۆکارەکانی حوکمەکەی.

بەڵام ئەگەر کەسێك حوکم بەوە نەکات خوای گەورە دابیەزاندوە نەك سووکایەتی بە حوکمی خوا بکات و رقیشی لێی نییەو باوەری وا نییە جگە لەوە چاکترەو سوودبەخشترە بۆ خەڵکی بەڵکو حوکم بە جگە لەوە دەکات وەکو خۆشویستنێکی ئەوەی حوکمی بۆ دەکات یان موراعاتی بەرتیل یان جگە لەوە لە جۆرەکانی خۆشییەکانی دونیا ئەوە (فاسق)ـە و کافر نییە و پلەی (فسق)ەکەی دەگۆردرێت بە پێی ئەوەی حوکمی پێ دەکاتو هۆکارەکانی حوکم کردن.

(ابن تیمیه) دەڵێت: ( ئەوانەی (أحبار) و (رهبان)ەکانیان کردووەتە پەروەردگار جگە لە خوا لەسەر دوو شێوەن:

یەکەمیان: بزانن ئەوانە دینی خوایان گۆڕیوەو شوێنی ئەوان کەوتون لەسەر ئەو گۆڕانکارییەو باوەریان بە حەڵاڵکردنی حەرامەکان و حەرامکردنی حەڵاڵەکانە، وەك شوێنکەوتنی سەرکردەکانیان لە هەمان کاتدا دەزانن کە ئەوان سەرپێچی دینی پێغەمبەرانیان کردووە، جا ئەوە کوفرە، خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بە شیرکیان داناوە.

دووەمیان: ئیمان و باوەڕیان بە حەڵاڵکردنی حەرام و حەرامکردنی حەڵاڵ هەبێت و جێگر بێت بەڵام گوێڕایەڵی ئەوانیان کردووە لەسەرپێچی خوادا هەروەکو موسڵمان ئەو سەرپێچییانە دەکات و باوەڕی وایە ئەوە سەرپێچییە، جا ئەوانە حوکمی هاوشێوەکانیان هەیە لە تاوانباران.

# ئایە هیچ جیاوازییەك هەیە لە مەسەلەیەکی دیاریکراودا کە (قاچی) حوکمی پێ دەکات بە جگە لەوەی خوای گەورە دابیەزاندووەو لە نێوان ئەو مەسەلانەی کە بە یاسایەکی گشتی دادەنرێت؟

بەڵێ جیاوازی هەیە، ئەو مەسەلانەی بە یاسایەکی گشتی دەژمێردرێت ئەو دابەشکردنەی پێشوو نایگرێتەوە بەڵکو ئەوە تەنها لەبەشی یەکەمە، چونکە ئەو کەسە شەرع دادەرێژێ پێچەوانەی ئیسلامە، بۆیە دایدەرێژێ چونکە باوەڕی وایە ئەوە چاکترە لە ئیسلام و سوودبەخشترە بۆ خەڵکی هەروەکو لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد.

جا حوکم بە جگە لەوەی خوای گەورە دابیەزاندووە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

یەکەمیان: ئەم حوکمە بگۆڕێت بە حوکمی خوا بە شێوەیەك شارەزا و زانابێت بە حوکمی خوا، بەڵام وا دەبینی کە حوکمی پێچەوانەی ئەو لە پێشترەو سوودبەخشترە بۆ بەندەکان لە حوکمی خوا، یان هاوشێوەی حوکمی خوایەو یان هەر لادانێك لە حوکمی خوا دروستە، بۆیە دەیکاتە یاسایەك و کە پێویستی دەکات داوەری بۆ لای ئەو بگێردرێتەوە، جا نمونەی ئەو کەسە کافرە، کوفرێك خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات، چونکە بکەرەکەی رازی نەبوە بەوەی کە (الله) پەروەدگار بێت و (محمد) (ﷺ) پێغەمبەر و (ئیسلام) دینی ئەو بێت، بۆیە ئەو ئایەتە بە سەریدا جێبەجێ دەکرێت کە دەفەرموێت: ﴿أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ۝٥٠﴾ المائدة) واتە: ئاخۆ ئەمانە دەیانەوێ، داب و یاسای جاهیلیەتی بەر لە ئیسلام زیندوو بکەنەوە، جا دەبێ بڕیارو حوکمی کێ

جوانتر و باشتر بێت، لەحوکم و فەرمانی خوا بۆ ئەوانە کە هیچ شك و گومانێکیان نییەو ئەهلی یەقینن).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ المائدة).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لِلَّذِينَ كَرِهُوا۟ مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ سَنُطِيعُكُمْ فِى بَعْضِ ٱلْأَمْرِ ۖ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِسْرَارَهُمْ ﴿٢٦﴾ فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ ﴿٢٧﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُوا۟ مَآ أَسْخَطَ ٱللَّهَ وَكَرِهُوا۟ رِضْوَٰنَهُۥ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٢٨﴾ ﴾ محمد) واتە: ئەوەش بەو هۆیەوە بوو وتیان بەوانە ڕقیان لەقورئان دەبووەوە ئێمە لەهەندێ ئیش و کاردا بەقسەتان ئەکەین خواش دەزانێت بەپەنهانکردنی ئەو قسەیەیان کردبوویان بۆ جوولەکەکان (٢٦) ئاخۆ دەبێ حاڵیان چۆن بێت، کاتێ فریشتەکان گیانیان دەکێشن و بەدەم و چاوو بەرو پشتیان دەدەن؟ (٢٧) ئەو تۆڵەشیان بەو جۆرە، بە هۆی ئەوەوەیە کە بەڕاستی شوێنی شتێ کەوتن خوا تورە دەکات، لەوەیش ڕقیان دەبوەوە کە دەبوویە هۆی ڕەزامەندی و خۆشنودی خوای گەورە ئینجا خوایش کارو کردەوەکانیانی پوچەڵ کردەوە (٢٨).

چیتر نوێژ و زەکات و حەجەکەی هیچ سوودی لێ نابینێت، چونکە ئەو کەسەی بە هەندێکی بێ باوەڕ بێت وەکو ئەوەیە بە هەمووی بێ باوەڕ بیت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْىٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ

أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٨٥﴾ ﴾ البقرة) واتە: چۆن پەوای هەقە باوەڕتان بە بەشێکی بەرنامەکەی تەورات هەبێ‌و بە بەشێکی تری کافربن‌و حاشای لێبکەن، دیارە هەر کەسێکتان کارو پەفتاری ئاوا بکاو پەیمانی خۆی هەڵوەشێنێتەوە، هەر لەم ژیانی دونیایەدا پیسواو پەزیل دەبێ و لەڕۆژی قیامەتیشدا بەتوندی جەزرەبەو سزا دەدرێن هەرگیز خواش لە هیچ کارو کردەوەیەکی ئێوە بێ ئاگاو خافڵ نییە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا۟ بَيْنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا۟ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ حَقًّا ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿١٥١﴾ ﴾ النساء) واتە: بێ گومان ئەوانەی وا دژی خواو پێغەمبەرەکانێتی و دەشیانەوێ لە نێوان خواو پێغەمبەرەکانیدا فەرق و جیاوازی دانێن‌و دەڵێن ئێمە باوەڕ بە هەندێکیان دەکەین و هەندێکیشیان بە جێی باوەڕ نازانین‌و دەشیانەوێ لەو نێوانەدا ڕێگەیەک بۆ خۆیان دیاری بکەن (١٥٠) بێ دوو دڵی ئەمانە کافرو خوا نەناسن، ئێمە سزایەکی ئابڕو بەرمان بۆ ئەو خوا نەناس و کافرانە ئامادە کردووە (١٥١).

دووەم: حوکمی خوای گەورە بگۆڕێت بە حوکمێك پێچەوانەی ئەو بێت لە بابەتێکی دیاری کراودا بە بێ ئەوەی ئەوە بکاتە یاسایەك و پێویستی بکات لە کاتی داوەریدا بۆ لای ئەو بگێردرێتەوە ئەوە سێ حاڵەتی هەیە:

١: لە کاتێکدا ئەوە بکات شارەزاو زانا بێت بە حوکمی خوا و باوەڕی وا بێت کە ئەوەی پێچەوانەیەتی لە پێشترە و سوود بەخشترە بۆ بەندەکانی یان هاوشێوەی

ئەوە یان هەر لادانێك لە حوكمی خوا بۆ لای ئەو دروستە، ئەوە كافرە و كوفرێك لە ئیسلام دەری دەكات هەروەكو لە بەشی یەكەمدا باسكرا.

٢: ئەو كارە بكات لە كاتێكدا زانایە بە حوكمی خواو باوەڕی وایە كە حوكمی خوا لە پێشترەو سوود بەخشترە بەڵام پێچەوانەی كردوو و بە مەبەستی زیان گەیاندن بەوەی حوكمی لەسەر دەدات، یان سوود گەیاندن بەوەی حوكمی بۆی داوە، جا ئەمە ستەمكارە (ظالم)ـەو كافر نییە، ئەو ئایەتەی خوای گەورەی بەسەردا جێ بەجێ دەكرێت كە دەفەرموێت: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾ المائدة).

٣: هەروەكو ئەوە بێت، بەڵام بۆیە پێچەوانەی دەكات لەبەر ئارەزوو و ویستی نەفسی خۆی یان بەرژەوەندییەك دەگەڕێتەوە بۆی، جا ئەمە (فاسق)ـەو كافر نییەو ئەو ئایەتەی خوای گەورەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت كە دەفەرموێت: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾ المائدة).

جا ئەم مەسەلەیە –مەبەستم مەسەلەی حوكم كردن بە جگە لەوەی خوای گەورە داییەزاندوە– لە مەسەلە گەورەكانە كە سەركردەكانی ئەم سەردەمە ئیبتلای بوونە، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك پەلە نەكات لە حوكمدان بە سەریاندا بە شتێك شایستەی نەبن تاوەكو حەق و راستی بۆ روون دەبێتەوە چونكە مەسەلەكە زۆر ترسناكە – داوا لە خوای گەورە دەكەین بۆ موسڵمانان سەركردەكانیان چاكساز بكات – هەروەها ئەگەر كەسێك خوای گەورە زانستێكی پێ بەخشی روونی بكاتەوە بۆ ئەو سەركردانە بۆ ئەوەی (إقامة الحجة) لە سەریان بكات و رێگاكە روون ببێتەوە، چیتر بە چاوروونی ئەوانەی بە هەلاكەتدا چوون بە

هەلاکەتدا بچن و بە چاوروونی ئەوانەی زیانەوە بژێنەوە، هەرگیز خۆی بە کەم نەزانێت لە رووبەرەوەدا و لە هیچ کەسێك نەترسێت و با باش بزانێت کە عیززەت تەنها بۆ خواو پێغەمبەرکەی(ﷺ) و ئیمانداران.

# حوکمی گوێڕایەڵی ئەو حاکمەی بە قورئان و فەرموودەکان پێغەمبەر (ﷺ) حوکم ناکات.

ئەو حاکمەی حوکم بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی(ﷺ) ناکات پێویستە گوێڕایەڵی بین لە جگە لەسەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەیدا(ﷺ)، پێویست نییە کوشتاری لە گەڵدا بکرێت بە هۆی ئەو مەبەستەوە، بەڵکو دروست نییە ئیللا لە کاتێکدا بگاتە حەدی کوفر، جا ئەو کاتە پێویستە دژایەتی بکرێت چیتر هیچ گوێڕایەڵییەکی بەسەر موسڵمانانداا نامێنێ، حوکم بە جگە لەوەی لە قورئان و سوونەتدا هەیە دەگاتە کوفر بە دوو مەرج:

یەکەم: دەبێت شارەزا بێت بە حوکمی خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ)، چونکە ئەگەر ناشارەزا بوو پێی ئەوا کافر نابێ بە جیوازی کردنی.

دووەم: دەبێت ئەو مەبەستەی وای لێ کردبێت کە حوکم بە جگە بە قورئان بکات باوەڕی وا بێت کە ئەو حوکمە ناشێت بۆ ئەم کاتە و جگە لەو بۆ ئەم سەردەمە دەشێت و سوود بەخشترە بۆ بەندەکانی.

بەم دوو مەرجە ئەو کەسەی حوکم بە جگە لەوە دەکات خوای گەورە دایبەزاندووە دەبێتە کوفرێك خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ المائدة).

چیتر وەلایەتی دەسەڵاتدارەکە پووچەڵ دەبێتەوە و چیتر گوێڕایەڵی بەسەر خەڵکیدا نامێنێ و پێویستە دژایەتی بکرێت و لە حوکم دوور بکرێتەوە.

بەڵام ئەگەر کەسێك حوکم دەکات بە جگە لەوەی خوای گەورە داییەزاندووە لە کاتێکدا باوەڕی وابێت حوکم بەوەی خوای گەورە داییەزاندووە (واجب) و پێویستە و چاکتر و باشترە بۆ خەڵکی بەڵام بە هۆی ئارەزووی نەفسی یان ویستی ئەوەی کە ستەم بکات لەوەی حوکمی بەسەردا دەدات حوکمی پێ ناکات، ئەوا کافر نییە بەڵکو فاسقە یان ستەمکارە وەلایەتەکەی بەردەوامەو ماوە، گوێڕایەڵی کردنی واجبە لەوەی کە سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) تێدا نەبێت، دروست نییە دژایەتی بکرێت و یان دوور بخرێتەوە بە زۆری هێز و دەرچوون لە دژی، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەهی لێ کردووین بە دەرچوون لە دژی پێشەوایان ئیللا مەگەر کوفرێکی ڕوون و ئاشکرای لێ ببینین کە لە لایەن خوداوە بەڵگەمان لەسەر کوفرەکەی هەبێت.

# دوایین فەتوای شەیخ لە بارەی حوکم کردن بە جگە لە قورئان

شەیخ دەفەرموێت:[1]

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، صەلات و سەلام دەدەم لە سەر پێغەمبەرمان (محمد) و لەسەر ئال و و هاوەلانی و ئەوانەی بە چاکە شوێنیان دەکەون تاکو رۆژی قیامەت.

أما بعد:

لەم رۆژەدا رۆژی سێ شەممە بیست و دووی مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی (١٤٢٠)[2] کۆچی، گوێبیستی تۆمارێکی دەنگی بووم لە لایەن برامانەوە (أبی الحسن) لە (مأرب)ەوە، بە سەلام کردن لە من دەستی پێ کردووە و منیش دەڵێم:

علیك السلام ورحمة الله وبركاته

ئەوەی کە باسی کرد لە رووی بە کافردانانەوە (تکفیر)، ئەوا مەسەلەیەکی گەورە و مەزنە، نابێ ئەم قسانە بە رەهایی باسی تیادا بکرێت ئیللا لە گەڵ قوتابی زانستدا نەبێت کە تێبگات لە وشەکان و بیزانێت بە ماناکانیانەوە، دەرئەنجامی ئەوەی بنیاتی لەسەر دەنرێت لە کافرکردن یان نەکردن بزانێت، بەڵام عەوامی خەڵکی ئەوا بە رەهایی قسەکردن بە کافردانان یان کافردانەنان لەم باسانەدا ئەوا خراپەکاری (مفاسد)ی لێ دەوەشێتەوە.

وە ئەوەی من دەیبینم لەسەرتاوە گەنجان خۆیان سەرقاڵ نەکەن بەم مەسەلەوە، ئایە حاکم کافرە؟ یان کافر نییە؟ ئایە دروستە لە دژی دەرچین؟ یان

---

[1] / الحكم بغير ما أنزل الله. مناقشة تأصيلية علمية هادئة , بندر بن نايف المحياني العتيبي , الطبعة الثانية , ص ٦٩ .

[2] / بۆ زانیاری شەیخ لە ساڵی (١٤٢١)ی کۆچی کۆچی دوایی کردووە.

دروست نییە؟ ئەوەی پێویستە لەسەر گەنجان بایەخ بە پەرستنەکانیان بدەن، ئەوەی کە خوای گەورە واجبی کردووە لە سەریان، یان هانی داون بۆ ئەنجام دانی (سوننەتەکان)، واز لەوە بهێنن کە نەهی لێ کردوون ئەوەی مەکروهە یان حەرامی کردووە، سوور بن لەسەر خۆشەویستی نێوانیان و یەکدەنگی وە ئەوەش بزانن کەوا جیاوازی لە مەسەلەکانی دین و عیلمدا رووبداوە لەسەردەمی هاوەڵانیشدا بەڵام سەری نەکێشا بۆ دوو بەرەکی، بەڵکو دڵەکان یەک بوون و بەرنامەش یەک بووە.

بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە حوکم کردن بە جگە لەوەی خوای گەورە دابیەزاندووە، ئەوە هەروەکو ئەوەی کە لە قورئانە پیرۆزەکەدا هاتووە، دابەش دەبێت بۆ سێ بەش: کوفر و ستەم و (فسق)، بە پێی ئەو هۆکارانەی کە ئەم حوکمانەی لە سەر بنیات نراوە.

جا ئەگەر کەسەکە حوکم بکات بە جگە لەوەی خوای گەورە دابیەزاندووە وەکو شوێنکەوتنێك بۆ ئارەزووەکەی لە گەڵ زانینی بەوەی کەوا حەق ئەوەیە کە خوای گەورە داوەری پێ کردووە: ئەوا ئەم کەسە کافر ناکرێت بەڵکو لە نێوان (فاسق) و ستەمکاردایە.

بەڵام ئەگەر حوکمێکی گشتی دارێژاوە و ئوممەت لەسەری دەروات، وا دەبینێ کەوا ئەوە لە بەرژەوەندییە، لەو مەسەلەیەدا لێی تێکەڵ بووە: ئەوا بە هەمان شێوە ئەمیش کافر ناکرێت، چونکە زۆربەی حاکمەکان ناشارەزان لە زانستە شەرعییەکان، کەسانێك پەیوەندییان پێوە دەکەن کە ئەوانیش حوکمی شەرعی نازانن، لە کاتێکدا بە زانایەکی گەورە دەبینن بۆیە بە هۆی ئەوەوە جیاوازی روو دەدات.

وە ئەگەر هاتوو شارەزای شەرع بوو بەڵام حوکمی بەمە دەکرد، یان ئەمەی دارێژا، کردی بە دەستورێك خەڵکی لەسەر بروات وا هەست بکات لەوەدا ستەمی

کردووە و حەق ئەوەیە کە لە کیتاب و سوننەدا هاتووە: ئەوا ئێمە ناتوانین ئەمە بە کافر بزانین.

بەڵکو ئەو کەسە کافر دەکەین کەوا دەبینێ حوکمی جگە لە خوا لە پێشترە خەڵکی لە سەر بروات یان وەکو حوکمی خوایە، ئەوا ئەم کەسە کافرە، چونکە قسەی خوای گەورەی بە درۆ زانیوە کە دەفەرموێت: ﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَحْكَمِ ٱلْحَٰكِمِينَ ۝٨﴾ التین) هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ۝٥٠﴾ المائدة).

ئەمجار ئەم مەسەلانە مانای ئەوە نییە کەوا ئەگەر ئێمە کەسێکمان بە کافر زانی ئەوا پێویستە لە دژی دەرچین، چونکە لە دەرچوونداچەندین (مفاسد)ی گەورە پەیدا دەبن کە لە بێ دەنگی گەورەترن، ناتوانین ئێستا نمونە بهێنینەوە لەسەر ئەوەی کە لە ئوممەتە عەرەبی و جگە لە عەرەبی رووبداوە. بەڵکو ئەگەر دڵنیابووین لە دروستی دەرچوون لە دژی وەکو شەرع ئەوا پێویستی بە خۆ ئامادەکردن و هێز هەیە کە وەکو هێزی حاکمەکە بێت یان مەزنتر، بەڵام کە خەڵکی دەرچن لە دژی بە چەقۆ و تیرەوە و ئەو قومبەلە و زرپێوشی پێیە، ئەوا ئەم کارە لە نەفامییەوەیە بە بێ گومان و ئەمەش لە گەڵ شەرعدا جیاوازە ) فەتواکە تەواو بوو.

## حوکمی کەسێك جنیۆ بە دین بدات لە کاتی تورەبووندا ئایە کەفارەتی لە سەرە؟ وە ئایە مەرجی تەوبەکردن لەو کارە چییە؟

حوکمی ئەو کەسەی جنیۆی بە دینی ئیسلام دابێت ئەوا کافر بوە، چونکە جنیۆدان بە دین و گاڵتە کردن پێی هەڵگەڕانەوەیە لە دینی ئیسلام و کوفرە بە خوا و بە دینەکەی، خوای گەورە باسی کۆمەڵێکی کردووە گاڵتەیان بە دینی ئیسلام کردووە خوای گەورە باسیان دەکات کەوا ئەوان وتویانە: ئێمە گاڵتە و یاریمان دەکرد جا خوای گەورە رووبی کردەوە کەوا ئەو گاڵتەکردن و یاری کردنەیان گاڵتەکردنە بە خوا و ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) و ئەوان کوفریان کرد، جا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ۚ﴿٦٦﴾﴾ التوبة﴾ واتە: (( ئەگەر لێیان بپرسیت ئەڵێن: بەڕاستمان نەبووەو، بەڵکو تەنها گاڵتەو گەپمان دەکرد، پێیان بڵێ: ئایا گاڵتەتان بەخواو ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکەی کردبوو؟ (٦٥) بڵێ: بڕو بیانووی بێجێ مەهێننەوە، چونکە پاش ئەوە باوەڕتان هێنا کافر بوونەوە..... (٦٦) )).

جا گاڵتەکردن بە دینی خوا یان جنیۆدان بە دینی خوا یان جنیۆدان بە خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) یان گاڵتەکردن کردن پێیان ئەوا کوفری کردووە و لە ئیسلام دەردەچێت.

لە گەڵ ئەوەشدا رێگەی تەوبە کردن ماوە بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾﴾ الزمر

واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) لە منەوە بڵێ: ئەی بەندەکانی من! ئەی ئەوانەی ستەم و زیادە ڕۆییتان لە خۆتان کردووە! ئێوە لە ڕەحمەت و میهرەبانی خوا بێ ئومێد مەبن. بە ڕاستی خوا لە هەموو گوناحێ خۆش ئەبێ. چونکە ئەوە لێبووردە و میهرەبان).

جا ئەگەر کەسێك تەوبەی کرد لە هەر هەڵگەڕانەوەیەك و تەوبەکەی نەسوح بوو وە هەر پێنج مەرجەکەی تەوبەی تێدا بێت ئەوا خوای گەورە تەوبەکەی وەردەگرێت، پێنج مەرجەکەی تەوبە بریتییە لە:

**مەرجی یەکەم:** دڵسۆزی و ئیخلاص بۆ خوای گەورە بە شێوەیەك پاڵنەری بۆ تەوبەکەی ریا و سومعەی تێدا نەبێت یان لە ترسی کەسێکدا، یان بە تکای کارێك دەستی بکەوێت لە دونیادا، جا ئەگەر ئیخلاصی بوو لە تەوبەکەیدا و پاڵنەری تەنها ترس و تەقوای خوا بوو و ترسی تۆڵەی خوای گەورە بوو و تکای پاداشتی خوای گەورە بوو، ئەوا ئیخلاصی بە دی کردووە لە تەوبەکەیدا.

**مەرجی دووەم:** دەبێ پەشیمان ببێتەوە لەو تاوانانەی کردوویەتی بە شێوەیەك لە ناخی خۆیدا حەسرەت و خەمێك دابیگرێت لەوەی کە ڕووی داوە و وا ببینێت کەوا کارێکی گەورەیە و دەبێت خۆی لێ دوور بکاتەوە.

**مەرجی سێیەم:** دەبێ واز لە تاوانەکە بهێنێ و سوور نەبێت لەسەری، جا ئەگەر تاوانەکەی نەکردنی واجبێك بێت ئەوا هەستێ بە ئەنجامدانی و بگاتە ئەوەی لە دەستی دەرچووە تا لە توانایدا هەیە، ئەگەر تاوانەکەی ئەنجامدانی حەرامێك بێت

ئەوا وازی لێ بهێنی و لێی دوور بکەوێتەوە و ئەگەر تاوانەکەی پەیوەندی بە خەڵکییەوە هەبێت ئەوا مافەکانیان بۆ بگێڕێتەوە یان گەردنی خۆی پێیان ئازا بکات.

**مەرجی چوارەم**: سوور ببێت لەسەر ئەوەی لە ئایندەدا نەگەڕێتەوە سەری بە شێوەیەك دڵی گرێ دابێت گرێیەکی دڵنیایی و تەئکیدی کە نەگڕێتەوە سەر ئەو سەرپێچییەی تەوەبەی لێ کردووە.

**مەرجی پێنجەم**: دەبێت تەوبەکە لە کاتی وەرگرتندا بێت چونکە ئەگەر کاتی وەرگرتن بەسەر بچێتە ئەوا وەرناگیرێت، کاتی وەرگرتن لە دەست دەرچوونی بریتییە لە گشتی و تایبەتی:

جا **گشتییەکە**: بریتییە لە دەرچوونی رۆژ لە رۆژئاواوە، چونکە تەوبەکردن لە پاش دەرچوونی رۆژ لە رۆژئاواوە ئەوا وەرناگیرێت بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿يَوْمَ يَأْتِي بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَٰنِهَا خَيْرًا ۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٥٨﴾﴾ الأنعام﴾ واتە: خۆ ئەو رۆژە کە هەندێکی نیشانەکانی پەروەردگارت دێن و سەر هەڵدەدەن ئیتر هەر کەسێك بەر لەوە باوەڕی نەهێنابێ و ئەو رۆژە باوەڕ بهێنێ، هیچ قازانجێکی لێ ناکات یان بییەوێ لەو ماوەیەدا چاکەیەك بە دەست بهێنێ هەمیسان بێ سوود دەبێت کەوابوو بەر لەو رۆژە باوەڕ بهێنن و کارێکی باشیش وە دەست بخەن بۆ خۆتان بڵێ: دەسا ئێوە چاوەڕوان بن هەتا ئەو رۆژە دێت جا خۆتان دەبینەوە، ئەوا ئێمەش بۆ خۆمان چاوەڕوانین ).

**تایبەتییەکە**: بریتییە لە هاتنی ئەجەلی کەسەکە جا ئەگەر ئەجەلی کەسەکە هات ئەوا چیتر سوود لە تەوبەکە وەرناگرێت، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە

دەفەرموێت: ﴿وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ إِنِّى تُبْتُ ٱلْـَٰٔنَ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٨﴾﴾ النساء﴾ واتە: (تەوبەو پەشیمانی بۆ ئەوانە نیە کە بە درێژایی تەمەنیان خەریکی گوناح و تاوانن تا لەکاتی گیانەڵاو مردندا دەڵێ: بێ گومان لەو کارانەم پەشیمانم، بۆ ئەو کەسانەش بەکافری ئەمرن تەوبە قبوڵ نییە ئێمە سزایەکی ئێش پێگەیەنەرمان بۆ ئەوانە ئامادەکردووە).

دەڵێم: ئەگەر مرۆڤ لە هەر تاوانێك تەوبەی کرد هەرچەندە تاوانەکەی جنێودانی دین بێت ئەوا تەوبەکەی وەردەگیرێت، ئەگەر مەرجەکانی تێدا بێت کە باسمان کرد، بەڵام ئەوەش با بزانرێت رەنگە وشەیەك کوفر و هەڵگەڕانەوەی تێدا بێت بەڵام کەسەکە کە قسەکەی کردووە کافر نابێت لەبەر رێگرێك (مانع)ێك دەبێتە هۆی رێگری ئەوەی حوکمی کوفر بە سەردا بدەین، ئەو پیاوەی باسی خۆی دەکات کەوا لە کاتی تورە بوونداجنێوی بە دین داوە، پێی دەڵێین: ئەگەر تووڕە بوونەکەت هێندە توند بوە بە شێوەیەك نەتزانی بێت چیت وتبێت و لەو کاتەدا نەتزانی بێت لە ئاسمانی یان لە زەویت و بە قسەیەك قسەت کردووە ئێستا نازانی چییەو ناتوانی بیڵێیتەوە، ئەوا ئەم قسەیە حوکمی لەسەر نییە و حوکمی هەڵگەڕانەوەی لەسەر نادرێت، چونکە ئەوە قسەیەکە بە بێ ویست و مەبەست روویداوە، هەر قسەیەك بە بێ ویست و مەبەست روویدا بێت ئەوا خوای گەورە لێی ناگرێت، خوای گەورە دەربارەی سوێندەکان دەفەرموێت: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَـٰنِكُمْ وَلَـٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَـٰنَ ۖ ﴿٨٩﴾﴾ المائدة﴾ واتە: خوا بە سوێندی سەرزارەکی و بێ مەبەست و بێ نیاز ناتانگرێ و جەزرەبەتان نادات بەڵام بەو سوێندانە

دەتانگرێ و سزاتان دەدا، کە بە دڵ گرێیان دەدەن و لەناخی دڵتانەوەن و ناشیان بەنەسەر).

جا ئەگەر هاتوو ئەو کەسە قسەکە دەکات وشەیەکی کوفری کردبێت لە کاتی تووڕە بوونداو نەزانێت چی وتبێت و نەزانێت چی بە دەمدا هاتووە ئەوا حوکم لەسەر قسەکەی نادرێت، حوکم بەسەر هەڵگەڕانەوەکەیدا نادرێت، جا ئەگەر حوکمی هەڵگەڕانەوەی بە سەردا نەدرا ئەوا ماوەبرینەکەی (ژنهێنانەکەی) پووچەڵ ناکرێتەوە، بەڵکو ئەو هێشتا لای دەمێنێتەوە، بەڵام وا پێویست دەکات ئەگەر کەسێك هەستی بە تووڕە بوون کرد سوور بێت لەسەر چارەسەر کردنی ئەو تووڕە بوونە ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئامۆژگاری کردووین کاتێك کابرایەك پرسیاری لێ کرد و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئامۆژگاریم بکە. ئەویش پێی فەرموو: (تووڕە مەبە) چەند جارێك دووبارەی کردەوە و فەرمووی: تووڕە مەبە)[1].

بۆیە دەبێت هەموو کەسێك خۆی بگرێت و پەنا بگرێ بە خوا لە شەیتانی نەفرەت لێکراو، ئەگەر وەستاو بوو ئەوا با دابنیشێ، ئەگەر دانیشتبوو ئەوا با راکشێت، ئەگەر تووڕە بوونەکە زیادی کرد با دەستنوێژ بگرێت، چونکە ئەم کارانە تووڕەبوونەکەی ناهێڵێ، ئاشکراشە ژمارەی ئەوانە چەندن پەشیمان بوونەوەتەوە پەشیمانێکی گەورە و مەزن بە هۆی ئەنجامدانی کارێك بە هۆی تووڕە بوونەکەیەوە، بەڵام لە پاش ئەوەی کار لە کار ترازابێت.

---

[1] / صحيح: أخرجه البخاري.

# حوکمی گاڵتەکردن بە خوای گەورە یان پێغەمبەرەکەی(ﷺ)

# یان سوننەتی پێغەمبەرەکەی(ﷺ)

هەرکەسێك گاڵتە بە شتێك بکات ناوی خوای تێدا بێت وەکو حوکمە شەرعییەکان یان گاڵتە بە قورئان بکات یان بە پێغەمبەر (ﷺ)، -مەبەست لە پێغەمبەر لێرەدا: ناوێکی (جنس)ـە بۆیە هەموو پێغەمبەران دەگرێتەوە، مەبەستی تەنها (محمد(ﷺ)) نییە چونکە (الـ) لێرەدا بۆ (جنس)ـە نەك بۆ (عهد)-.

مەبەست لە: (من هزل) هەر کەسێ گاڵتەی پێ بکات وەکو یاری و گاڵتە جارێیەك نەك بە جیددی.

هەر کەسێك گاڵتە بە خوا یان بە ئایەتە گەردوونی و شەرعییەکانی بکات، یان بە پێغەمبەرانی ئەوە (کافر)، چونکە گاڵتە کردن بە ئیمان پێچەوانەیەکی زۆر مەزنە، چۆن گاڵتە بە شتێك دەکات و لە هەمان کاتدا باوەڕی پێی هەیە؟ چونکە کەسێك باوەڕی بە شتێك هەبێت دەبێت بە مەزنی بزانێت و دەبێ لە دڵیدا مەزنییەك هەبێت شایستەی ئەو بێت.

کوفریش دوو کوفرە: کوفری پشت هەڵکردن (إعراض) و کوفری (معارضة)، جا کەسی گاڵتەجارِ ئەوا کافرە کوفرێکی (معارضة) وە ئەوە تاوانەکەی گەورەترە لە کەسێك تەنها سوژدە بۆ بتێك ببات، ئەم مەسەلەیە زۆر ترسناکە، رەنگە تەنها وشەیەك خاوەنەکەی تووشی بەڵایەك بکات، بەڵکو تووشی هەلاکەتی بکات لە کاتێکدا ئاگای لە خۆی نییە، رەنگە کەسێك تەنها وشەیەك بڵێت ئەوا خوای گەورە پەست بکات و خۆی گوێی پێ نادات کەچی خاوەنەکەی بهاوێژێتە ناو ئاگرەوە.

جا هەرکەسێك گاڵتەی بە نوێژ کرد، هەر چەندە نوێژە سوننەتەکان بێت، یان بە زەکات یان بە ڕۆژوو یان بە حەج ئەوا کافرە بە کۆڕای زانایانی موسڵمانان، هەروەها کەسێك گاڵتە بە ئایەتە گەردوونییەکان (الآيات الكونية) بکات بۆ نمونە بڵێت: بوونی گەرمایی لە ڕۆژانی زستاندا نەفامییە، یان بڵێت: بوونی سەرمایی (ساردی) لە ڕۆژانی هاویندا نەفامییە، ئەوا ئەو کەسە کوفری کردووە، لە (ئیسلام) دەریدەکات، چونکە پەروەدگارمان هەموو کارەکانی لەسەر بنەمای حیکمەت بنیات ناوە و ڕەنگە ئێمە نەتوانین پێی بگەین، بەڵکو ناتوانین پێی بگەین.

گاڵتەکردن بە خوا یان بە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) یان بە سوننەتی پێغەمبەرەکەی(ﷺ) ئەوە کوفرەو هەڵگەڕانەوەیە و مرۆڤ لە ئیسلام دەردەکات، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ۚ إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةًۢ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ مُجْرِمِينَ ﴿٦٦﴾﴾ التوبة) واتە: ئەگەر لێیان بپرسیت ئەڵێن: بەڕاستمان نەبووەو بەڵکو تەنها گاڵتەو گەپمان دەکرد، پێیان بڵێ: ئایا گاڵتەتان بەخواو ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکەی کردبوو؟ (٦٥) بڵێ: بڕۆ بیانووی بێجێ مەهێننەوە، چونکە پاش ئەوە باوەڕتان هێنا کافر بوونەوە ئەگەر لەبڕێکتان خۆش ببین لەبەر ئەوە کە پەشیمان بوونەوە ئەوا جەزرەبەی بڕێکیان دەدەین بەهۆی ئەوەی تاوانکاربوون).

جا هەرکەسێك گاڵتە بە خوا یان بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) یان بە دینی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکات ئەوە کافرو هەڵگەڕاوەیە لە دینی خوا، واجبە لە سەری تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوا، ئەگەر تەوبەی کردو گەڕایەوە بۆ لای خوا ئەوا خوای

گەورە تەوبەکەی لێ وەردەگرێ بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی دەربارەی ئەو گاڵتەجاڕانە فەرموویەتی: ﴿لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ۚ إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ مُجْرِمِينَ ﴿٦٦﴾﴾ التوبة) لەم ئایەتەدا خوای گەورە ئەوەی روون کردووەتەوە کەوا لە کۆمەڵێکیان خۆش دەبێت، ئەوەشە نابێت تەنها بە تەوبەو گەڕانەوە بۆ لای خوا نەبێت لەو کوفرەی ئەنجامیان داوە ئەویش بە گاڵتەکردنیان بوو بە خوا ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکەی(ﷺ).

# حوکمی گاڵتەکردن بەو کەسانەی دەستیان بە فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەیەوە (ﷺ) گرتووە

گاڵتەکردن بەو کەسانەی دەستیان بە فەرمانەکانی خواو پێغەمبەرەکەیەوە(ﷺ) گرتوە لە بەر ئەوەی دەستیان پێوە گرتوە ئەوا حەرامەو زۆر ترسناکە بۆ سەر کەسەکە، چونکە ترس لەوەدا هەیە رق لێبوونی ئەوان ببێتە هۆی ئەوەی رقی لەوە ببێتەوە کەوا لە سەرین لە دەستگرتن بەدینی خوداوە، جا لەو کاتەدا گاڵتەکردن بەوان گاڵتەکردنە بە رێگاکەیان کە ئەوان لە سەرین، بۆیە بەوانە دەشوبهێنرێن کە خوای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ۚ﴿٦٦﴾﴾ التوبة) جا ئەو ئایەتە دەربارەی کۆمەڵێك دووڕوو دابەزی کە وتیان: (ما رأينا مثل قرائنا هؤلاء- يعنون رسول الله (ﷺ) وأصحابه - أرغب بطوناً ولا أكذب ألسناً ولا أجبن عند اللقاء) فأنزل الله فيهم هذه الآية)[1] واتە: هیچ کەسێکمان نەبینوە وەکو ئەو قورئان خوێنانە -مەبەستی پێغەمبەر(ﷺ)و هاوەڵانی بوو- لە هەموو کەسێك زیاتر حەزیان لە پڕکردنی سکیان بێت و لە هەموو کەسێك زیاتر درۆزنترین و لە هەموو کەسێك زیاتر ترسنۆکترین لە کاتی رووبەڕووبونەوەدا ) جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دەربارەیان دابەزاند)[2].

بۆیە ئەوانەی گاڵتە بە ئەهلی حەق دەکەن لەبەر ئەوەی ئەهلی دینن، ئەوا با ئاگادارین چونکە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُوا۟ كَانُوا۟ مِنَ

---

١ / حسن / أخرجه الطبري في تفسيره(٤٠٨/٦).

٢ / حسن: أخرجه الطبري في تفسيره (٤٠٨/٦).

ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَضۡحَكُونَ ﴿٢٩﴾ وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمۡ يَتَغَامَزُونَ ﴿٣٠﴾ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمُ ٱنقَلَبُواْ فَكِهِينَ ﴿٣١﴾ وَإِذَا رَأَوۡهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ ﴿٣٢﴾ وَمَآ أُرۡسِلُواْ عَلَيۡهِمۡ حَٰفِظِينَ ﴿٣٣﴾ فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ ﴿٣٤﴾ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٣٥﴾ هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾ المطففين) واتە: بێ گومان ئەوانەی بەدکرداربوون لە دونیادا پێ دەکەنین بەوانەی بڕوایان هێنابوو (٢٩) وەکاتێ بەلایاندا تێ دەپەڕین سرتە سرتیان دەکردو چاویان لەیەك دادەگرت (٣٠) وەکاتێکیش دەگەڕانەوە بۆ لای خێزانی ماڵەوەیان بەخۆشی بردن بەگاڵتە کردنەکەیان بەئیماندارەکان دەگەڕێنەوە (٣١) کاتێ بڕوادارەکانیان دەبینی ئەیان وت: بەڕاستی ئەو کۆمەڵە بڕوادارانە سەرلێشیواو گومڕان!(٣٢) لەکاتێکدا ئەوان نەنێردرابوون بەچاودێر بەسەریانەوە (٣٣) ئیتر ئەمڕۆی -ڕۆژی قیامەت- بڕوادارەکان بەکافران و بێ باوەڕەکان پێ دەکەنن (٣٤) لەسەر قەنەفە ڕازاوەکانەوە پاڵیان لێ داوەتەوە و تەماشا ئەکەن (٣٥) ئاخۆ بێ بڕواکان پاداشتی کارو کردەوەکانیان دراوەتەوە؟(٣٦).

# حوکمی مانەوە لە نێو کۆمەڵێکدا جنیۆ بە خوا دەدەن

مانەوە لە نێوان کۆمەڵێکدا جنیۆ بە خوای گەورە دەدەن دروست نییە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴿١٤٠﴾﴾ النساء) واتە: خۆ بەڕاستی خوای گەورە لەم قورئانەدا بەئێوەی ڕاگەیاندووە کە هەر کات زانیتان و بیستان ئایەتەکانی خوا کەسانێك باوەڕیان پێ ناکەن و گاڵتەیان پێ دەکەن هەتا ئەو باسە ئەگۆڕن و دەچنە سەر قسەیەکی تر و واز لەو کارەیان دێنن ئێوە لەگەڵیان دامەنیشن ئەگینا ئێوەیش لەگوناهـ و تاوان وەك ئەوان دەبن دیارە خوای گەورەش لەڕۆژی قیامەتدا گشت دووڕوو بێ باوەڕەکان لەدۆزەخ کۆ دەکاتەوە).

# حوکمی داواکردن لە دروستکراوەکان (المخلوق)

## داواکردن (دوعا) دەکرێتە سێ بەشەوە:

**یەکەم**: دروستە: ئەویش بریتییە لەوەی داوا لە کەسێك بکەیت بۆ کارێك لە کارەکان دەسەلاّتی بە سەردا بێت بە شتی هەست پێکراو و زانراو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەربارەی مافی موسلّمان بە سەر براکەیەوە فەرمویەتی: (وإذا دعاك أخاك فأجبه)[1] هەروەها فەرموویەتی: (وتعين الرجل في دابته)[2].

**دووەم**: داوا لە دروستکراوەکان بکەیت بە رەهایی – جا زیندوو بێت یان مردوو – لە شتێکدا هیچ کەسێك توانای لەسەر نەبێت تەنها خوا نەبێت جا ئەوە شیرکی گەورەیە، چونکە ئەوە کاری خوایەو هیچ کەسێك توانای لەسەر نییە، وەکو ئەوەی بلّێیت: ئەی فلاّن.. ئەوەی لە سکی خێزانەکەمدایە با کوڕ بێت.

**سێیەم**: داوا لە دروستکراوێك بکەیت بە رێگا هەست پێکراوە زانراوەکان وەلاّم ناداتەوە وەکو داواکردن لە مردوەکان، جا ئەمەش شیرکی گەورەیە چونکە ئەوەی داوای لێ دەکرێت ناتوانێت بۆیە وا دیارە ئەوەی داوا دەکات باوەڕی بە شتێکی نهێنی هەیە کاروبار دەبات بەڕێوە.

---

[1] / صحيح: أخرجه مسلم.

[2] / صحيح: أخرجه مسلم.

# حوکمی کەسێك پارێزگاریّ لە نوێژ و رۆژوو دەکات و رواڵەتی سەقامگیر و بەردەوامە بەڵام ئەو چەند کۆڕێکی هەیە تیایدا داوا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و عبدالقادر دەکات

ئەم پیاوەی باسی دەکرێت پارێزگاری لە نوێژ و رۆژووەکانی دەکات، لە رواڵەتیشدا بەردەوامە ئەوا شەیتان یاری پێ کردووە و وای لێ کردووە لە ئیسلام دەری بکات بەو شیرکەی ئەنجامی دەدات، جا هەرچەندە بزانێت یان نەزانێت، ئەو داواکردنەی لە جگە لە خوا شیرکی گەورەیەو لە ئیسلام دەری دەکات، داواکردنەکەی بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) بێت یان جگە لە ئەو بێت، جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) رێزو رووی کەمترە لای خوای گەورە جا ئەگەر داواکردن لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) شیرك بێت ئەوا داواکردن لە جگە لەو نابوتترە و ناشرینترە و خراپترە، عبدالقادر یان جگە لە عبدالقادر، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ قازانجێك یان زیانێکی بۆ هیچ کەسێك نییە، خوای گەورە فەرمان دەکاتە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) و دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنِّي لَآ أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ﴿٢١﴾﴾ الجن) واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ: بەڕاستی من هیچ جۆرە زیان و قازانجێکم بە دەست نییە بۆتان).

هەروەها فەرمانی پێ دەکات و دەفەرموێت: ﴿قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ ۚ ﴿٥٠﴾﴾ الانعام) واتە: پێیان بڵێ: خۆ من بە ئێوە نالێم کلیلداری گەنجینەکانی خوام، ناشلێم لەگشت غەیب و نادیارێك دەزانم و ناشلێم من فریشتەم، پەیڕەوی لەو وەحی و نیگایە ئەکەم کەخوا بۆم دەنێرێ).

هەروەها فەرمانی پێ دەکات و دەفەرموێت: ﴿قُل لَّا أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ١٨٨﴾ الاعراف) واتە: بڵێ من خاوەنی هیچ شتێك -چ سود، چ زیان- بۆ خۆشم نیم، مەگەر ئەوەندە خوا مەیلی هەبێت ئەگەر من غەیب و نادیارم زانیبا بێ وەحی ئەو کاتە خێرو بێری زۆرم بۆ خۆم گیر دەکەوت و قەتیش خراپەو زیانم تووش نەئەبوو هەموو بزانن من تەنها ترسێنەرو موژدەدەرم بۆ کەسانێ بڕوا دەکەن بەپەیامبەرێتی من).

هەروەها فەرمانی پێ دەکات و دەفەرموێت: ﴿قُلۡ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٞ وَلَنۡ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلۡتَحَدًا ٢٢﴾ الجن) واتە: پێیان بڵێ: بەڕاستی هیچ کەسێك نییە پەنام بدات لە ئاستی سزای خوادا، ئەگەر سەرپێچی بکەم وەبێ لەویش هیچ پەناگەیەك نییە هەڵبێم بۆی).

جا ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی هیچ کەسێك نەبێت دااڵدەی بدات لای خوا ئەی جگە لە خۆی چۆن دەتوانێت؟ بۆیە داواکردن لە جگە لە خوا شیرکەو خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات، شیریکیش خوای گەورە لێی خۆش نابێت ئیللا بە تەوبە نەبێت لە لایەن بەندەوە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ ٤٨﴾ النساء) واتە: بێگومان هەرگیز خوا لە دانانی هاوبەش بۆی نابووڕێ و لە خوار شیرکەوە لە هەر گوناهێك دەبووڕێ بۆ هەر کەسێك خۆی بیەوێت).

خاوەنەکەی لە ئاگردایە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾ ﴾ المائدة) واتە: چاك بزانن هەرکەسێك شەریك و هاوبەش بۆ خوا دابنێ بێ شك خوا بەهەشتی لەسەر یاساغ دەکا جێ و شوێنی ئاگرە ستەمکارانیش هیچ جۆرە یارمەتیدەرێکیان بۆ نییەو رزگار نابن).

ئامۆژگاریم بۆ ئەو کابرایە ئەوەیە تەوبە بکات لای خوای گەورە لەو کارەی کە کارەکانی پووچەڵ دەکاتەوە، چونکە شیرك کارەکان پووچ دەکاتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ ﴾ الزمر) واتە: سوێند ئەخۆم کە بێ گومان وەحی کراوە بۆ تۆ و بۆ ئەو پەیامبەرانەی بەر لە تۆ بوون: کە ئەگەر گریمان بە هاوبەش قایل ببێت بۆ خوا، ئەوە بێ گومان هەموو کردەوەکانت پووچەڵ دەبێ وە لە زیانمەندانیش دەبیت).

بۆیە با تەوبە بکات لەو کارە، با بە شێوەیەك خواپەرستی بکات بەو شێوەیەی لە شەرعدا باس کراوە لە زیکرەکان و پەرستنەکان، لەوە تێپەر نەکات بۆ ئەو کارە شیرکانە و با هەردەم بیر لەو ئایەتە بکاتەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِيٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾﴾ غافر) واتە: پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لە من بکەن و لە من بپارێنەوە، منیش وەڵامتان دەدەمەوە بێگومان ئەوانەی خۆ بەگەورە دەزانن لە پەرستنم بەتەنیا بێگومان بە سەر شۆڕی و بەبچوکی دەچنە دۆزەخەوە).

# حوکمی داواکردن لە مردوەکان

## پاڕانەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

**بەشی یەکەم: پاڕانەوەی پەرستن**، وەکو نوێژو ڕۆژوو و جگە لەوانە لە پەرستنەکانی تر، جا ئەگەر کەسێك نوێژی کرد یان ڕۆژووی گرت ئەوە بە زمانی حاڵ داوای لە خوا کردووە لە تاوانەکانی خۆش بێت و لە سزاکەی ببپارێزێ و داواکارییەکانی پێ بدات، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِيٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ﴾ غافر) واتە: پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لەمن بکەن و لەمن بپاڕێنەوە،منیش وەڵامتان دەدەمەوە بێگومان ئەوانەی خۆ بەگەورە دەزانن لە پەرستنم بەتەنیا بێگومان بەسەر شۆڕی و بە بچوکی دەچنە دۆزەخەوە).

لەم ئایەتەدا خوای گەورە پاڕانەوەی بە پەرستن ناوبردوە، جا هەرکەسێك یەکێك لە جۆرەکانی پەرستنی بۆ جگە لە خوا ئەنجامدا ئەوا کوفری کردووە و کوفرێك کە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات، جا هەرکەسێك کرنۆشی برد بۆ شتێك یان سوجدەی بۆ برد و بە مەزنی بزانێت هەروەکو چۆن خوای گەورە بە مەزن دەزانێت لەو کرنۆشەدا یان لەو سوجدەدا ئەوا موشریکە و لە ئیسلام دەرچووە، بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێگری کردووە لەوەی بۆ یەکتر سەردانوێنین لە کاتی بە یەك گەیشتندا لەبەر داخستنی دەرگای خراپەکاری شیرك، بۆیە کاتێ پرسیاری لێ کرا کەسێك گەیشتە براکەی خۆی ئایە سەری بۆ دانوێنێ؟ فەرمووی:

نەخێر [١]، هەندێ کەس لە نەفامەکان ئەگەر سەلامت لێ بکات سەرت بۆ دادەنوێنێ، ئەوە هەڵەی کردووە و پێویستە لەسەرت بۆی روون بکەیتەوە و رێگری لێ بکەیت لەو کارە.

**بەشی دووەم: پاڕانەوەی داواکردن**، ئەمەش هەمووی شیرك نییە بەڵکو روون کردنەوەی تێدایە:

**یەکەم**: ئەگەر کەسەکە زیندوو بێت و توانای لەسەر هەبێت ئەوا شیرك نییە، وەکو ئەوەی بڵێیت: هەندێ ئاوم پێ بدە، بە کەسێك بڵێیت کە توانای لەسەر هەبێت، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (من دعاكم فأجيبوه)[٢].

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا حَضَرَ ٱلْقِسْمَةَ أُوْلُواْ ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَـٰمَىٰ وَٱلْمَسَـٰكِينُ فَٱرْزُقُوهُم مِّنْهُ وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ۝٨﴾ النساء) واتە: هەر کە لەکاتی دابەشکردنی کەلەپورەکەدا خزمانی نزیکی مردوو میراتنەگر، هەتیوان و بێ نەوایان لەوێ بوون، دەبێ لەو میراتە شتێکیان بدەنێ و بێ بەشیان نەکەن، بە ڕووی خۆش و جوانەوە قسەیان لەگەڵ بکەن).

جا ئەگەر هەژارێك دەستی بۆ درێژکردی و وتی: رزقم بدە، واتە شتێکم بدەرێ ئەوا دروستە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (فَٱرْزُقُوهُم مِّنْهُ).

**دووەم**: ئەگەر ئەوەی داوای لێدەکرێت مردوو بێت ئەوا ئەو داواکردنەی شیرکە و لە ئیسلام دەری دەکات، بە داخەوە لە هەندێ لە وڵاتە ئیسلامییەکان هەندێ کەس باوەڕی وایە فلاّن کەسی مردووی لە گۆڕنراو کە جەستەکەی هێشتا ماوە یان

---

[١] / حسن: أخرجه الترمذي وحسنه الألباني.

[٢] / صحيح: أخرجه أبو داود وصححه الألباني.

رزیوەو زەوی خواردوویەتی سوود دەبەخشێ یان زیان دەبەخشێ، یان هەرکەسێك مندالّی نەبێت ئەوا مندالّی پێ دەبەخشێ ئەمەش –پەنا بە خوا– شیرکی گەورەیەو خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات، دانپێدان بۆ ئەمە تۆندترە لە دانپێدانی بۆ خواردنەوەی مەیو زیناو نێربازی، چونکە ئەوە دانپێدانە لەسەر کوفر، تەنها دانپێدان نییە لەسەر خراپەکاری (فسق)، داوا لە خوا دەکەین حالّی موسلّمانان چاك بکات.

# پەناگرتن بە غەیری خوا لە شتێکدا توانای نەبێت

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ۝٦﴾ الجن﴾ واتە: بێگومان پیاو گەلێك لە ئادەمی پەنایان دەبرد بە پیاوانی لە جنییان، لە سەفەریاندا بەشەو تا لەو شتانەی کە مەترسیان هەبوو بیان پارێزن جا جننیەکانیش ئەوەیان قۆزتەوەو زیاتر گومڕاوو سەر لێشێواو ماندوویانکردن).

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا پەناگرتن بە جنۆکە حەرامە، چونکە هیچ سوود ناگەیەنێت بەو کەسەی پەنای پێ دەگرێت، بەڵکو تاوانەکەی زیاد دەکات، بۆیە بە دژەکەی سزا دەدرێت، ئەمەش ئاشکرایە، چونکە (واو)ەکە راناوێکە دەگەڕێتە بۆ جنۆکە و (هاء)ەکە راناوێکە دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤەکە.

بەڵگە لە ئایەتەکەدا ئەوەیە: زەمکردنی ئەوانەی پەنا بە غەیری خوا دەگرن، هەرکەسیش پەنا بگرێت گومان لەوەدا نییە کە دڵی پەیوەست کردووە بە ئەوەوە، پشتی پێ بەستووە، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی شیرك[1].

ئەگەر هەر کاتێك سوودێکی دنیایی رووبدا وەکو بە دەستهێنانی قازانجێك یان دوورکەوتنەوەی خراپەیەك ئەوە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی ئەو کارە شیرك نییە، مانای ئەمەش ئەوەیە: جۆرێك دەبێ لە جۆرەکانی شیرك، هەرچەندە قازانجێکی تێدا بێت، بۆیە بە دەست هێنانی قازانجێك لە شتێکدا ئەوا شیرکەکە پاك ناکاتەوە و بۆی ببێتە بیانوو، چونکە جاری وا هەیە مرۆڤ سوود لە شتێك وەردەگرێت کەچی

[1] / القول المفید: ٢٦٩.

شیرکە، نمونەش لەسەر ئەوە: جنۆکە، رەنگە بتپارێزن کەچی شیرکە لە گەڵ ئەوەشدا سوودی پێت گەیاندوە.

نمونەیەکی تر: رەنگە کەسێك سوژدە بۆ پادشایەك ببات، ئەویش لە بڕی ئەوە سامانێکی زۆر و چەند کۆشکێکی پێ دەبەخشێ، جا ئەوە شیرکە هەرچەندە بە هۆیەوە قازانجی کرد، نمونە لەسەر ئەوە ئەوانەی زیادەڕەوی دەکەن لە مەدحکردنی پادشاکاندا لە پێناوی بەخشییەك، ئەو – قازانجەش– پاکیان ناکاتەوە لەوەی موشریك نەبن،هەندێکیان وتویانە:

فکن کما شئت یا من لا نظیر له وکیف شئت فما خلق یدانیك[1]

[1] / القول المفید: ٢٧٤

# پەناگرتن بە غەیری خوا یا داوا کردن لە جگە لە ئەو لە شتێك لە توانایدا نەبێت

**الاستغاثة: داواکردنی فریادرەسی، واتا نەهیشتنی تەنگانەیەك.**

نمونە لەسەر ئەوە ئەو کەسەی پەنای پێ دەگریت مردوویەك بێت، یان ئامادە نەبوویەك – نادیارێك– (غائب) بێت، یان داواکە شتێك بێت کە لە توانایدا نەبێت تەنها لە توانای خوادا بێت، جا ئەگەر داوای لە مردوویەك کرد یان لە کەسێکی ئامادە نەبوو یان لە زیندوویەکی ئامادەبوو بۆ ئەوەی بارانی بۆ ببارێنێت، ئەمە هەمووی شیرکە، بەڵام ئەگەر داوای لە کەسێکی زیندووی ئامادەبوو کرد لە شتێکدا توانای بوو ئەوە دروستە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَٱسْتَغَٰثَهُ ٱلَّذِى مِن شِيعَتِهِۦ عَلَى ٱلَّذِى مِنْ عَدُوِّهِۦ ﴿١٥﴾ ﴾ القصص﴾ واتە: ئەوەی ە لە هۆز وکۆمەڵی خۆی بوو وهانای بۆ موسا برد و داوای یارمەتی لێکرد کە لە دەستی دوژمنەکەی ڕزگاری بکات.

ئەگەر داوات کرد لە کەسێك و ئەویش لە توانایدا هەبوو، پێویستە لەسەرت یەکتاپەرستییەکەت چاك بکەیتەوە و باوەڕت وا بێت ئەو کەسە تەنها هۆکارە و ئەو کەسە لە خودی خۆیدا هیچ توانای نییە قازانجێك بگەیەنێت یان خراپەیەك لابدات، چونکە ڕەنگە تۆ پشتی پێ ببەستی و خوای گەورەت لە بیر بچێت، ئەمەش تەواوێتی یەکتاپەرستی لەکەدار دەکات [1].

---

[1] / القول المفيد: ٢٧٥.

لە جۆرەکانی شیرک کەسێك داوا لە غەیری خوا بکات، چونکە دوعاکردن جۆرێکە لە جۆرەکانی پەرستن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِيٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ﴾ غافر﴾واتە: پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لەمن بکەن و لە من بپارێنەوە،منیش وەڵامتان دەدەمەوە بێگومان ئەوانەی خۆ بە گەورە دەزانن لە پەرستنم بەتەنیا بێگومان بەسەر شۆڕی و بەبچوکی دەچنە دۆزەخەوە).

(عِبَادَتِي ) واتە: پاڕانەوەم، لێرەدا خوای گەورە پاڕانەوەی ناوناوە بە (عبادة).

هەورەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿ إن الدعاء هو العبادة ﴾[1] واتە: دوعا هەمووی عیبادەتە ).

داواکردن دەکرێتەوە دوو بەشەوە:

١/ ئەوەی کە پەرستنە، ئەمەش ئەگەر بۆ جگە لە خوا بێت ئەوا شیرکە، ئەمیش ترس و تکا و خۆشەویستی و زەلیلی نواندنی لە گەڵدایە.

٢/ ئەوەی پەرستن نییە، ئەمیش دروستە بۆ دروستکراوەکان بکرێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿ من دعاكم فأجيبوه ﴾ هەروەها دەفەرموێت: ﴿إذا دعاك فأجبه﴾ بەم پێیە.

[1] / حديث صحيح: صحيح الترمذي للألباني برقم (٢٥٩٠)

مەبەستی دانەر بەم قسەیەی کە دەڵێت: ( أو يدعو غيره) ئەوە داواکردنی پەرستنە یان داواکردنی شتێکە کە هیچ کەسێك ناتوانێت وەڵامی بداتەوە –جگە لە خوا–.

و(الاستغاثة) تەنها پاڕانەوەو داواکردنی نەمان و نەهێشتنی تەنگانەیە، بەڵام (الدعاء) گشتگیرترە بۆ داواکردنی سوودێك یان نەهێشتنی زیانێك[1].

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٧﴾﴾ يونس﴾ واتە: ونابێ جگە لە خودا، شتێ وا بپەرستی کە: نە سوودت پێ بگەیەنێت نە زیانت لێبدات، جا ئەگەر کاری واتکرد، واتە: هاوارت بۆ جگە لە خودا برد، بێگومان تۆ لە ستەمکارانی، وچاوەڕوانی سزاش بە (١٠٦) ئەگەر خوداش تووشی زیانێکی کردیت، جگە لە خۆی هیچ لادەرێك نییە بۆ ئەو زیانە، وئەگەر نیازی چاکەیەکی پێکردیت، دیسان هیچ ڕەتکەرەوەیەك نییە بۆ ئەو چاکەیە، بۆ هەربەندەیەك لە بەندەکانی خۆی ویستی لێ بێت میهرەبانی پێدەبەخشێت وتووشی چاکەی دەکات، تەنها هەر خۆیەتی زۆر پۆشەر ولێبوورده ومیهرەبان ودلۆڤانە (١٠٧).

چەند تەفسیرێکی هەیە:

---

[1] / القول المفيد: ٢٨٠.

بۆچونە تەواوەکە ئەوەیە: یان تایبەتە بە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) و حوکمەکەی بۆ ئەو و جگە لە ئەویشە، یان گشتییە بۆ هەموو کەسێك دروست بێت قسەی لە گەڵدا بکرێت، جا پێغەمبەری خواش(ﷺ) دەگرێتەوە، بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێ ئەم جۆرە قسەی لە گەڵدا دەکرێت مەرج نییە ئەو کارە دەگونجێ لەودا رووبدات، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٦٥﴾﴾ الزمر﴾ واتە: سوێند ئەخۆم بێ گومان وەحی کراوە بۆ تۆ و بۆ ئەو پەیامبەرانەی بەر لە تۆ بوون: کە ئەگەر گریمان بە هاوبەش قایل ببێت بۆ خوا، ئەوە بێ گومان هەموو کردەوەکانت پووچەڵ دەبێ و لە زیانمەندانیش دەبیت).

جا دواندنەکە بۆ پێغەمبەری خوایە (ﷺ)و بۆ هەموو پێغەمبەرانەو ناکرێت ئەو کارە لەودا روو بدات وەکو پێغەمبەرێك نەك وەکو مرۆڤێك.

کەواتە: حیکمەت لەو نەهی کردنە بۆ ئەوەیە جگە لە خۆی چاوی لێ بکات، جا ئەگەر نەهییەکە بۆ ئەو بێت کە هەرگیز ئەو کارەی لێ ناوەشێتەوە وەکو پێغەمبەرێك ئەوا جگە لە ئەو لە پێشترە.

مەبەست لە: (وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ اللَّهِ ) پارانەوە بریتییە لە داواکردنی ئەوەی سوود بگەیەنێت یان داواکردنی ئەوەی زیان و زەرەر دوور بکاتەوە.

ئەوەش دوو جۆرە هەروەکو زانایان فەرموویانە:

یەکەم: پارانەوەی پەرستن: ئەویش دەبێ هەستا بێت بە ئەنجامدانی فەرمانێکی خوا، چونکە ئەو هەڵدەستێ بە فەرمانی خوا وەکو نوێژەر و رۆژوان و ئەوەی زەکات دەدات، بەو کارەی دەیەوێ پاداشتی چاکەی دەستکەوێت و رزگاربوون لە

سزاکەی، ئەو کارە خۆی لە خۆیدا پاڕانەوەیە، جا رەنگە ئەو کارانە دوعای سەر زاریشی لە گەڵدا بێت.

دووەم: پاڕانەوەی داواکردن: ئەویش بریتییە لە داواکردنی ئەوەی سوود بگەیەنێت و داواکردنی دوور خستنەوەی زیان دەگەیەنێت.

جا جۆری یەکەم نابێت بۆ جگە لە خوا بکرێت و جۆری دووەم روونکردنەوەی تێدایە.

مەبەست لە: (مِن دُونِ ٱللَّهِ) واتە: جگە لە خوا.

مەبەست لە: (مَا لَا يَنفَعُكَ) واتە: ئەوەی هەرگیز سوودت پێ ناگەیەنێت ئەگەر هەستای بە پەرستنی.

مەبەست لە: (وَلَا يَضُرُّكَ) دەڵێن: ئەوەی زیانت لێ دوور ناکاتەوەو دەڵێن: ئەگەر وازت لە پەرستنی هێنا زیانت پێ ناگەیەنێت، چونکە ناتوانێت تۆڵەت لێ بسێنێتەوە، ئەوەش لە رواڵەتی گفتەکە دیارە.

مەبەست لە: (وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ) واتە: چونکە سوود و زیانت پێ ناگەیەنێت، ئەمەش مەرج نییە بە شێوەیەك وا تێبگەی بۆت هەبێت، داوا لە کەسێك بکەیت سوودت پێ ببەخشێ یان زیانت پێ بگەیەنێت، بەڵکو ئەوە بۆ روونکردنەوەی واقعێکە، چونکە ئەوەی داوای لێدەکرێت و هاواری پێ دەکرێت هەرگیز سوود و قازانج ناگەیەنێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن

دُعَآءِهِمۡ غَٰفِلُونَ ۝٥ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُواْ لَهُمۡ أَعۡدَآءٗ وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمۡ كَٰفِرِينَ ۝٦﴾ الأحقاف﴾ واتە: کێ لەو کەسە گومڕاترە کە (جگە لە خودا) شتێك یان کەسێکی تر دەپەرستێ، کە تا ڕۆژی قیامەت بە دەنگییەوە نایەت، و وەڵامی دوعا وپاڕانەوەی ناداتەوە ئەوانە لە پەرستن وهاوارەکەش بێ ئاگا وغافڵن، چونکە دار وبەرد وەڵامیان لە کوێ بوو!!؟؟ دیارە لەو سەردەمەدا هەندێ کەس دار ودرەختی دەپەرست! هەندێکی تر فریشەی دەپەرست! هەندێکی تر شەیتانی دەپەرست!...هتد! بۆیە ئاوا سەر زەنشتیان دەکات (٥) وکاتێك خەڵکی کۆکرانەوە بۆ حیساب ولێپرسینەوە ئەوا پەرستراوەکان دەبن بەدوژمن بۆ ئەوانەی کە ئەوانیان دەپەرست لە دونیادا وحاشا دەکەن لێیان بەوەی کە ئەوانیان پەرستووە(٦).

مەبەست لە: (فَإِن فَعَلۡتَ فَإِنَّكَ إِذٗا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ) واتە: ئەگەر داوات کرد و پارایتەوە لە جگە لە خوا کە هەرگیز سوودت پێ نابەخشن و زیانت پێ ناگەیەنێت، جا دواندنەکە لە گەڵ پێغەمبەری خوادایە(ﷺ)، (إن) پێی دەڵێن: (شرطية) واتە: مەرجی، وەڵامی مەرجەکەش (شرط)ـەکە ئەو رستەیەیە کە دەڵێت: (فَإِنَّكَ إِذٗا).

ئایەتی دووەم ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن يَمۡسَسۡكَ﴾ واتە ئەگەر تووشی زیانێك ببیت وەکو نەخۆشی هەژاری و لە نمونەی ئەوانە.

مەبەست لە: (فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَۖ) واتە: هیچ کەسێك ناتوانێت لە سەرت لایدا ئەگەر تووشی زیانێك هاتیت تەنها خوا نەبێت، ئەمەش وەکو ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (وأعلم أن الأمة لو أجتمعوا

على أن ينفعوك بشئ لم ينفعوك إلا بشئ قد كتبه الله لك)[1] واتە: بزانە کەوا ئەگەر هەموو ئوممەت کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی قازانجێکت پێ بگەیەنێت ئەوا هیچ قازانجێکت پێ ناگەیەنن ئیللا بە شتێك نەبێ خوای گەورە بۆتی نووسی بێت).

مەبەست لە: ﴿فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ﴾ واتە: کەس ناتوانێت فەزڵی خوای گەورە رەد بکاتەوە، هەرچەندە هەموو ئوممەت لەسەر ئەوە کۆ ببێتەوە، لە فەرموودەیەکدا هاتوە کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ﴿اللهم لا مانع لما أعطيت ولا معطي لما منعت﴾[2] واتە: ئەی خودایە هیچ ڕێگرێك نییە بۆ ئەو شتەی کە تۆ دەیبەخشی و بەخشەر نییە بۆ ئەو شتەی تۆ دەیگریتەوە).

کەواتە ئێمە دەبێ پشت بە خوا ببەستین بۆ بە دەستهێنانی سوودو دوور خستنەوەی زیان و زەرەر و مانەوەی ئەوەی خۆی نیعمەتی ڕژاندوە بە سەرماندا، ئەوەش دەزانین کە هەموو ئوممەت هەرچەندە فێڵ و تەڵەکەیان هەبێت بیانەوێ ڕێگری لە فەزڵی خوا بکەن، ئەوا هەرگیز ناتوانن.

﴿وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ﴾ لە ئایەتی یەکەمدا، خوای گەورە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) خۆی ئاگادار کردووەتەوە کەوا هەرکەسێك داوا لە جگە لە خوا بکات هەرگیز سوودی پێ نابەخشێت و زیانی پێ ناگەیەنێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ۝ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ

---

[1] / قال الشيخ الألباني: ( صحيح ) انظر حديث رقم: ٧٩٥٧ في صحيح الجامع

[2] / صحيح: رواه مسلم.

أَعۡدَآءٗ وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمۡ كَٰفِرِينَ ٦﴾ ﴿الأحقاف﴾. واتە: کێ لەو کەسە گومڕاترە کە (جگە لە خودا) شتێك یان کەسێکی تر دەپەرستێ، کە تا ڕۆژی قیامەت بە دەنگییەوە نایەت، و وەڵامی دوعا وپاڕانەوەی ناداتەوە ئەوانە لە پەرستن وهاوارەکەش بێ ئاگا وغافڵن، چونکە دار وبەرد وەڵامیان لە کوێ بوو! !؟؟ دیارە لەو سەردەمەدا هەندێ کەس دار ودرەختی دەپەرست! هەندێکی تر فریشەی دەپەرست! هەندێکی تر شەیتانی دەپەرست!...هتد! بۆیە ئاوا سەر زەنشتیان دەکات (٥) وکاتێك خەڵکی کۆکرانەوە بۆ حیساب ولێپرسینەوە ئەوا پەرستراوەکان دەبن بەدوژمن بۆ ئەوانەی کە ئەوانیان دەپەرست لە دونیادا وحاشا دەکەن لێیان بەوەی کە ئەوانیان پەرستووە(٦).

مەبەست لە: (وَمَنۡ أَضَلُّ) (مَنْ): لێرەدا (أسم استفهام مبتدأ)ـە، (أَضَلُّ) پێی دەڵێن: (أسم تفضيل)، واتە: هیچ کەسێك لەوە گومڕاتر نییە.

گومڕابوونیش بریتییە لەوەی مرۆڤ ڕێگای راستی لێ بزر ببێت.

جا ئەگەر (أستفهام) مەبەست لێی نەرێ (نفي) بێت ئەوا ڕەوانبێژترە تەنها لە نەرێیەکی ڕووت، چونکە لە (نەرێ)وە دەیگوێزێتەوە بۆ تەحەدا کردن، واتە: بۆم ڕوون بکەرەوە کەسێك هەبێت گومراتر بێت لەوەی هاوار بە جگە لە خوا بکات؟ جا ئەمە خۆی لە خۆیدا مانای تەحەدا دەگەیەنێت، ئەوەش ڕەوانبێژترو ڕوونترە لەوەی بڵێت: ( لا أضل ممن يدعو) واتە: هیچ کەسێك نییە گومڕاتر بێت لەوەی هاوار بکات) چونکە ئەمە تەنها نەرێیەکی ڕووتە، بەڵام ئەویتر نەرێیەکە لە گەڵ خۆیدا مانای تەحەدا دەگەیەنێت.

مەبەست لە: (مِمَّن يَدۡعُواْ) پەیوەستە بە (أضل)ەوە، مەبەست لە (دعاء) لێرەدا پاڕانەوەی داواکردن و پاڕانەوەی پەرستنە.

مەبەست لە: (مِن دُونِ ٱللَّهِ) واتە: جگە لە خوا.

مەبەست لە: (مَن لَّا يَسۡتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ) (مَنْ) لێرەدا (مفعول) بەرکاری وشەی (یدعو)ە، واتە: ئەگەر تاوەکو تەمەنی هەموو دونیا بمێنێتو داوا بکات ئەوا وەڵام نادرێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِن تَدۡعُوهُمۡ لَا يَسۡمَعُواْ دُعَآءَكُمۡ وَلَوۡ سَمِعُواْ مَا ٱسۡتَجَابُواْ لَكُمۡۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكۡفُرُونَ بِشِرۡكِكُمۡۚ ١٤﴾ فاطر﴾ واتە: ئەگەر بانگیشیان لێبکەن هاوارەکەتان نابیستن گریمان بش بیستن ئەوا وەڵامتان نادەنەوە، چونکە خاوەن دەسەڵات و وتە نین، و رۆژی قیامەتیش نکۆڵی شیرك وپەرستنەکەتان دەکەن بۆ ئەوان (١٤).

هەواڵەکەش لێرەدا دەربارەی خوایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثۡلُ خَبِيرٖ ١٤﴾ فاطر﴾ واتە: هیچ کەسێك وەکو خودا کە ئاگاداری هەموو شتێکە ناتوانێت لەو کارانە ئاگادارت بکاتەوە. واتە: خوای گەورە خۆی.

مەبەست لە: (مَن لَّا يَسۡتَجِيبُ) لێرەدا (مَنْ) ی هێناوە کە بۆ (عاقل)ـە لە گەڵ ئەوەشدا ئەوان بتو دارو بەرد دەپەرستن کە (غیر عاقل)ن، چونکە ئەوان کاتێ ئەوانەیان پەرست وەکو (عاقل) تەماشایان دەکەن، بۆیە بە گوێرەی ئەوان هاواریان پێ دەکەن قسەیان لە گەڵدا دەکەن، چونکە ئەوە روونترە و رەوانبێژترە لەوەی بکرێتە حوججە بە سەریانەوە کە هاوار دەکەنە کەسانێك خۆیان بە (عاقل) یان دەزانن، لە گەڵ ئەوەشدا وەڵامیان نادەنەوە، ئەمەش بەشێکە لە رەوانبێژی قورئان، لەبەر ئەوەی لە گەڵیاندا دواوە بە گوێرەی ئەوەی ئەوان لێی تێگەیشتوون بۆ ئەوەی ببێتە حوججە بە سەریانەوە.

چونکە ئەگەر وترا: (مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥ) واتە: (ما)ی بە کارهێنا بۆ (غیر عاقل) ئەوا دەیانگوت: ئەوا بیانوویان هەیە لە وەڵام نەدانەوەیان چونکە ئەوان ئاقڵ نین.

مەبەست لە: (وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ) راناوای (هم) دەگەڕێتەوە بۆ (من) بە پێی مانا چونکە ئەوانە (کۆ)ن بەڵام ئەو راناوەی لە (يَسْتَجِيبُ)دا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ (من) بە پێی گفتەکە (اللفظ) چونکە تاکە، جا راناوی بە تاك دانا بە پێی گفتەکە (اللفظ) (من) و کۆی کردەوە بە پێی مانا، چونکە (من) دەگەڕێتەوە بۆ بتەکان کە کۆمەڵن (کۆن) وە (من) رەنگە بۆ ئەوە بێت کە گفتەکە و ماناکەی بگرێتەوە لە یەك قسەدا.

# زیادەڕەوی کردن لەپیاوچاکان و گۆڕەکانیان

الغلو/ بریتییە لە سنوربەزاندن لە پیاهەڵناندا یان لە زەمکردن و لەکەدارکردندا.

القدح/ پێی دەگوترێت (ثناء) هەر لەو مانایەوە هاتوە کە دەڵێن: (الجنازة التی مرت فأثنوا علیها شراً).

وە مانای (الغلو) لێرەدا: لەسنوور دەرچون و زیادەڕەوی کردن لەستایش و پیاهەڵناندا.[1]

وە (الصالح): بەو کەسە دەگوترێت کە مافەکانی خوداو بەندەکانی بەجێ گەیاندبێ.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ ﴿١٧١﴾﴾ النساء) واتە: ئەی خەڵکانی خاوەننامە! هەڵەڕۆیی وزێدەڕۆیی لە دینەکەتان مەکەن، شتێك ڕاست نەبێت ئێوەی دەربارەی خودا مەیڵێن. (مەسیح کوڕی مەریەم) هەر پێغەمبەری خوا بووە، خوای بەتوانا وشەی خۆی هاویشتە ناو مەریەم، وگیانێکیشە لە خوداوە، (جبریل) ی نارد بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، ئەویش هەرچۆن پێی سپێردرا بوو کارەکەی ئەنجامدا.

ئەم بانگەوازە بۆ جولەکەو گاورە، مەبەست لە (کتاب) لێرەدا تەوراتە بۆ جوولەکەکان و ئینجیلە بۆ گاورەکان.

---

[1] / القول المفید: ٣٧٨.

مەبەست لە: (لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ) واتە: سنورەکان مەبەزێنن چی بە پیاهەڵنان بێت یان لەکەدارکردن، ئەم کارەش بە واقعی ڕوویداوە بەنیسبەت (ئەهلی کیتاب)ەوە بەگشتی، چونکە ئەوان زیادەڕەویان کرد لە(عیسای کوڕی مەریەمدا) لەپیاهەڵنان و لەکەدارکردندا، ئەوەتا گاورەکان وتیان: ئەو کوڕی خوایە، کردیانە سێ یەم خوا، بەڵام جولەکەکان زیادەڕەویان کرد لە لەکەدارکردنیداو وتیان: دایکی زینای کردووە و ئەویش منداڵی زینایە – خوا بیانکوژێت – جا هەردوولا سنووریان بەزاند لە دینەکەیاندا، سنووریان بەزاند لە نیوان زیادەڕوی و کورت ڕەویدا.

مەبەست لە: (وَلَا تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ) هەر ئەوەیە کە خوای گەورە باسی خۆی کردووە کە: هەر خۆی خوایەکی تەنهایە و بێنیازە بە بەندەکانی و نەخێزان و نەمنداڵی هەیە.

مەبەست لە: (إِنَّمَا ٱلْمَسِيحُ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ) ئەم شێوازە پێی دەڵێن: (حصر)، لە شێوەی (انما) هاتووە، جا ماناکەی ئەوەیە (ما المسیح عیسی بن مریم الا رسول الله) واتە:عیسای کوڕی مەریەم جگە لە پێغەمبەر هیچ شتێکی تر نییە،عیسای دایە پاڵ دایکی بۆ ئەوەی قسەی گاورەکان ببڕێت کە عیسا دەدەنە پاڵ خوای گەورە.[1]

کە دەڵێت: (رَسُولُ ٱللَّهِ) پووچەڵکردنەوەی قسەی جولەکەکانە کە دەڵێن: ئەو درۆزنە، هەروەها پوچەڵکردنەوەی قسەی گاورەکانە کە دەڵێن: ئەو خوایە.

---

[1] / القول المفید: ٣٧٩.

لەو ئایەتەی کە دەڵێت: (وَكَلِمَتُهُۥٓ) پوچەڵکردنەوەی قسەی جولەکەکانە کە دەڵێن: ئەو کوڕی زینایە.

(وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلْقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرْيَمَ) کەپێی فەرموو) کن فیکن) واتە: بە ئەویش بەبێ دواکەوتن بوو.

مەبەست لە: (وَرُوحٌ مِّنْهُ) واتە: خوای گەورە عیسای وەکو ئەو دوای نەوەی ئادەم لەڕوح و جەستە دروست کردووە، ڕوحەکەی داوەتە پاڵ خۆی وەکو ڕێزلێنان و بەرزکردنەوەی پایەی هەروەکو ئەو ئایەتەی دەربارەی ئادەم هاتووە: ﴿وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى ﴿٢٩﴾﴾ الحجر)جا ئەمەش ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنی پلەو پایەیەتی [١].

لە (صحیح)دا هاتوە لە ئیبن عەببباسەوە ڕیوایەت کراوە دەربارەی ئەو ئایەتەی کە دەڵێت: ﴿وَقَالُوا۟ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾﴾ نوح) واتە: پیاوە خراپەکانیان بە شوێنکەوتووەکانیان ووت: واز لە خواکانتان مەهێنن!! واز لە (وەدد) و (سواع) و (یوغوس) و(یەعوق) و(نەسر) مەهێنن (٢٣).

فەرمووی: ئەمە ناوی پیاوچاکانە لە قەومەکەی (نوح) جا کاتێک کۆچی دواییان کرد، شەیتان خستیە دڵ قەومەکەیانەوە: لە ناو مەجلیسەکانیاندا – کە تیایدا دادەنیشتن– پەیکەرێک (بتێک) دابمەزرێنن و دروستی بکەن و بە ناوی خۆیانەوە

[١] / القول المفید: ٣٨٠.

ناوی بنەن، ئەوانیش کردیان، جا هیشتا نەیاندەپەرست تاوەکو ئەوان بە هەلاکەتدا چوون و زانست و زانیاری لە بیر کرا ئەمجار ئەوانە پەرستران.[١]

جا گرنگ ئەوەیە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا بگوترێت: ئەو بتانەی هۆزەکەی نوح پیاوچاك بوونە، ماوەیەك بە سەر هوزەکەدا تێپەڕیوە و پاشان پەرستراون.

مەبەست لە: (اوحى الشيطان) واتە: وەسوەسەی بۆ کردن نەك وەحی ئیلهام.

مەبەست لە: (ان انصبوا الى مجالسهم) الانصاب: کۆی (نصب)ـە بریتییە لە هەر دارێك یان بەردێك یان هەرشتێکی تر دابمەزرێت.

مەبەست لە: (وسموها بأسمائهم) واتە: ئەو بتانەی لە مەجلیسەکانیاندا دانەن و بڵێن: ئەمە (ود)ەو ئەمە (سواع)ەو ئەمە(یغوث)ەو ئەمە(یعوق)ەو ئەمە (نسر)ە، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەوانتان بینی یادی خواپەرستییەکەیان بکەنەوە چێتر چست و چالاك بن، ئا بەم شێوەیە شەیتان ئەو کارەی لاجوان کردن، ئەمەش بە هۆی هەڵخەڵەتاندن و وەسوەسەی شەیتانەوە بوو، هەروەکو بە ئادەمی گووت: ﴿هَلۡ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلۡخُلۡدِ وَمُلۡكٖ لَّا يَبۡلَىٰ ١٢٠﴾ طه) واتە: پێی وت: ئادەم! ئایا دەتەوێت داری نەمرییت نیشان بدەم؟ ودەسەڵات وسامانێکی بێ بڕاوەت شارەزا بکەم کە هەرگیز تیا ناچێ؟(١٢٠).

جا ئەگەر هەر بەندەیەك پەرستنی خوای گەورەی نەکەویتە بیر بە بینینی ئەو بتانە نەبیت ئەوا ئەو پەرستنە کەموکورتە یا هەر بوونی نییە.[٢]

---

[١] /رواه البخاري (٤٩٢٠) , القول المفيد: ٣٨٢.

[٢] / القول المفيد: ٣٨٣ , ٣٨٤.

**لە(عمر)ەوە ڕیوایەت کراوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: (لا تطروني كما أطرت النصارى ابن مريم، فإنما أنا عبده فقولوا: عبد الله ورسوله)[1] واتە: ئەی خەڵکینە! لە بارەی منەوە زێدەڕۆیی مەکەن، وەکو گاوڕەکان دەربارەی عیسا زیادەڕەوییان کرد وئەوەندەیان زیادەڕۆییان کرد لە وەسفکردنی هەتا کردیانە کوڕی خودا، بە ڕاستی من تەنها بەندەیەکم، ئێوەش لەبارەی منەوە هەرئەوەندە بڵێن: کە من تەنها بەندە وڕەوانەکراوی خودام.**

مەبەست لە: (لا تطروني) الاطراء: زیادەڕەوی کردن لەپیاهەڵناندا.

جا ئەو نەهی لێکردنە ڕەنگە مەبەستی لە لێکچونەکەدایە ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت: (كما اطرت النصارى ابن مريم) جا ئەوان (عیسا)یان کردە خوا یان کوڕی خوا، هەر بەو مانایە (البوصیری) ئاماژەیەکی پێکردووە و دەڵێت:

دع ما ادعته النصارى فى نبيهم واحكم بما شئت مدحا فيه واحتكم

واتە: واز لەوە بهێنە کە گاورەکان وتیان دەربارەی عیسا کە کوڕی خوایە یان سێ یەم خوایە لەسێ خواکە، جا لەوە بەدواوە پڕ بەدەم مەدحی بکەو – هەرچەندە خۆی ڕازی نەبێت–.

ڕەنگیشە (نەهی)یەکە گشتگیر بێت، ئەو لێچونەی زیادەڕەوی گاورەکان لە عیسای کوڕی مەریەم و جگە لە ئەویش دەگرێتەوە، کەواتە مەبەست لە (كما اطرت) بۆ ڕەهای لێکچونە نەك لێکچونی ڕەهایە، چونکە زیادەڕەوی گاورەکان لە عیسای کوڕی مەریەم دا جۆرەکەی زیادەڕەوی کردنە لەم پێغەمبەرە بەڕێزە، ئەوە

[1] / متفق عليه.

بوو عیسایان کردە کوڕی خواو سێیەم خوا لە سێ خواکە، بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە مەبەستەکەیەتی فەرمودەکەیە: (إنما أنا عبد فقولوا: عبد الله ورسوله).

مەبەست لە: (انما أنا العبد) واتە: هیچ مافێکی پەروەدگاریەتیم نییە، هیچ لەو تایبەتمەندیەم تێدا نییە کە خوای گەورە هەیەتی بەهیچ شێوەیەك.

مەبەست لە: (فقولوا عبدالله و رسوله) ئەو دوو سیفەتە بەرزترین و ڕاسترین سیفەتە بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ)، جا بەرزترین وەسفێك بۆ مرۆڤ ئەوەیە کە بەندەی خوا بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنٗا ٦٣﴾ الفرقان) واتە: بەندە ڕاستەکانی خودای بە بەزەیی ئەوانەن کە زۆر بە سەلاریی ونەرمیی ولەسەرخۆو وبێ دەعیە وفیز بە سەر زەویدا ڕێ دەکەن.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ سَبَقَتۡ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلۡمُرۡسَلِينَ ١٧١﴾ الصافات) واتە: بە ڕاستی لە بابەت بەندە فرستادە وپێغەمبەرەکانمان هەر زوو دەرچووە.

جا خوای گەورە وەسفی ئەوانی کردووە بە بەندایەتی لە پێش پێغەمبەرایەتی هەرچەندە پێغەمبەرایەتی پلەیەکی مەزنە، بەڵام ئەوان وەکو ئەوەی بەندەی خوان بەڕێزتر و مەزنترن، بەڕێزترین و ڕەواترین وەصفە بۆ ئەوان، بۆیە شاعیر دەربارەی خۆشەویستەکەی دەڵێت:

لا تدعنی إلا بیا عبدها فإنه اشرف أسمائی

واتە: ئەگەر دەتەوێت قسەم لەگەڵدا بکەیت ئەوا بڵێ: ئەی بەندەی فلانە (عبد فلانه) چونکە ئەوە بەڕێزترین ناوی منە و ئەوپەڕی زەلیلییە.

جا (محمد) (ﷺ) بەندەی خوایەو ناپەرستریّت، پیّغەمبەرەو بە درۆزن دانانریّت، بۆیە لە نویژەکانماندا دەڵێین: -کاتێ سەلامی بۆ دەنێرین و شایەتی پێغەمبەرایەتی بۆ دەدەین-: (واشهد أن محمدا عبده و رسوله) واتە: شایەتی دەدەم کە محمد (ﷺ) بەندەو نێردراوی ئەوە، جا ئەوە باشترین وەصفە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ خۆی داینـاوە[1].

دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (إیاکم و الغلو، فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو)[2] واتە: وریای زیادەڕەوی بن، چونکە ئەوانەی پێش ئێوە زیادەڕەوی بە هەلاکەتدا بردنی.

مەبەست لە: (ایاکم) بۆ وریاکردنەوەو ئاگادار کردنەوەیە.

مەبەست لە: (والغلو) (معطوف)ـە لەسەر (ایاکم)،جا زانایانی زمانی عەرەبی ئەوانەی (اعراب) دەکەن چەند ڕاو بۆچونێکی زۆریان هەیە دەربارەی، نزیکترین ڕا لە لەڕاستیەوەو کەمترین تەکلیفی تێدابێت ئەوەیە کەوا (إیا) (منصوب)ـە بە فەرمانێکی داخوازی (فعل الامر) واتە: (ایاك احذر) واتە: وریای خۆت بە هەڵتنەخەڵەتێنی، (الغلو) معطوفە لەسەر (إیاك) واتە: وریای زیادەڕەوی بە.

وە (الغلو) هەروەکو لە پێشدا باسکرا: بریتیە لە سنور بەزاندن چ بە پیا هەڵنانداو بێت یان بە زەمکردن، ڕەنگە لەوە زیاتر بگرێتەوە، دەگوترێت: سنوربەزاندن لە ستایشداو لە پەرستنداو لە کارکردندا، چونکە ئەم فەرمودەیە دەربارەی (رمی الجمرات) هاتووە کە ئیبن عەببـاس ڕیوایەتی کردووەو دەڵێت: پێغەمبەی خوا(ﷺ) فەرمویەتی: - نیوەڕۆی ڕۆژی (العقبة) کە هێشتا لەسەر وشترەکەی بوو-: ( القطْ

---

[1] / القول المفيد: ٣٨٩ , ٣٩٠.

[2] / ( صحيح ) السلسلة الصحيحة ١٢٨٣

لي حصى، فلقطتُ له سبع حصيات هن حصى الخذف، فجعل ينفضهن في كفه ويقول: أمثال هؤلاء فارموا، وإياكم والغلو في الدين، فإنما أهلك من قبلكم الغلو في الدين)[1].

وه لەم فەرموودەدا (الغلو) بکەری (فاعل) (أهلك)ـەیە.

مەبەست لە: (من كان من قبلكم) (مفعول مقدم)ـە.

مەبەست لە: (فإنما) ئامرازی (حصر)ـە، (الحصر): بریتییە لە سەلماندنی حوکم بۆ باسکراو نەهێشتنی بۆ جگە لە ئەو.

مەبەست لە: (أهلك) دوو مانا لە خۆ دەگرێت:

یەکەم: مەبەستی هەلاکەتی دینە، ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕوودەدات لەزیادەڕەویدا، چونکە تەنها زیادەڕەوی خۆی لەخۆیدا هەلاکەتە.

دووەم: مەبەستی هەلاکەتی جەستەیە، کەواتە زیادەڕەوی هۆکاری هەلاکەتە، جا ئەگەر زیادەڕەوییان کرد ئەوا لە گوێڕایەڵی خوا دەردەچن و چیتر خوای گەورە بە هەلاکەتا دەیانبات.

جا ئەو (حصر)ـەی کە لە فەرموودەکەدا هاتوە: (فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو) ئایە (حقيقي)یە یان(اضافي)یە؟

وەڵام: ئەگەر بڵێین: ئەوە(حقیقی)یە ئەوە کێشەو تێکەڵبوون ڕوودەدات، چونکە چەندین فەرموودە هەن پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەلاکەتی داوەتەپاڵ جگە لە زیادەڕەوی، وەکو ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت: (إنما أهلك من كان قبلكم

[1] / ( صحيح ) السلسلة الصحيحة ١٢٨٣

أنهم إذا سرق فيهم الشريف تركوه، وإذا سرق الضعيف أقاموا عليه الحد)[1] جا لێرەدا دوو (حصر)ی بەرانبەر هەن، جا ئەگەر وتمان: ئەوە (حقیقی)یە بە واتای ئەوەیە کە هەلاکەت تەنها لەم ڕاستیەدا هەیە، ئەوا هەردوو فەرموودەکە دژ بەیەک دەبن.

بەڵام ئەگەر وترا: ئەو (حصر)ـە (اضافي)یە، واتە: بە پێی کارێکی دیاری کراو، لەو کاتەدا دژیەک ڕووندادات، بەشێوەیەک هەریەک لە دوو فەرموودەکە مانایەک دەبەخشێت کە بە هیچ شێوەیەک دژ بە یەکی تێدا نییە لەگەڵ ئەوی تردا بۆ ئەوەی لەفەرموودەکەدا دژیەک نەبێت، جا لەو کاتەدا (اضافي)یە.

دەڵێین: ئەوانەی پێش ئێوە زیادەڕەوی بەهەلاکەتدا بردنی، جا ئەم (حصر)ـە بەپێی زیادەڕەویەوە لەپەرستندا لە فەرموودەی یەکەمدا، لە فەرموودەی دووەمدا دەڵێین: ئەوانەی پێش ئێوە بەهەلاکەتدا چوون بەپێی حوکم، جا خەڵکی بە هەلاکەتدا دەچن ئەگەر سنورەکانیان بەسەر خەڵکی لاوازو بێ کەسدا جێبەجێکردو بەسەر خەڵکی دەوڵەمەندو کەسداردا جێبەجێ نەکرد، جا لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئوممەتەکەی ئاگادار کردووەتەوە لە زیادەڕەوی، ئەوەشی بۆ سەلماندووین کەوا زیادەڕەوی هۆی بەهەلاکەت چوونە، چونکە سەرپێچی شەرعی تێدایەو هۆی بە هەلاکەت چوونی ئوممەتەکانی پێشوە، لێرەدا سودی فەرمودەکە لەوەدایە کەوا زیادەڕەوی حەرامە لەدوو ڕووەوە:

ڕووی یەکەم: ئاگادارکردنەوەو وریاکردنەوە لە لایەن پێغەمبەری خوداوە(ﷺ)، ئاگادارکردنەوە بریتییە لەنەهی کردن و زیاتریش.

---

[1] / قال الشيخ الألباني: ( صحيح ) انظر حديث رقم: ٢٣٤٨ في صحيح الجامع

ڕووی دووەم: ئەو هۆکارە بووە هۆی هەلاکەتی ئوممەتەکانی پێشوو هەروەکو باسمان کرد، هەر شتێکیش هۆکاری هەلاکەت بێت حەرامە.[١]

زیادەڕەوی لە گۆڕی پیاوچاکاندا دەیکاتە بت و دەپەرستێت جگە لە خوا، واتە: کارەکە وا لەزیادەڕەوان دەکات تاکو وای لێدێت ئەو گۆڕانە یان خاوەنەکانیان بپەرستن.

زیادەڕەوی: سنوربەزاندنە. جا یان لە پیاهەڵناندا و یا خود لەزەمکردندا، لێرەدا مەبەستی پیاهەڵنانە.

لە (صحيح مسلم)دا هاتووە کەوا ئیمامی عەلی بە (ابو الهياج الأسدی) فەرموو: (ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله (ﷺ) أن لا تدع تمثالا إلا طمسته، ولا قبرا مشرفا إلا سويته)[٢] وە لە ریوایەتێکی تردا هاتوە: (ولا صورة إلا طمستها)[٣].

مەبەست لە: (القبر المشرف) ئەو گۆڕەیە کە لە گۆڕەکانی تر جیا دەکرێتەوە، بۆیە دەبێت یەکسان بکرێت لە گەڵ ئەوانی تردا، بۆ ئەوەی کەس وا هەست نەکات خاوەن ئەو گۆڕانە تایبەتمەندییەکیان هەیە هەرچەندە لەپاش ماوەو سەردەمێکیش بێت، چونکە ئەوە هۆکارێکە بۆ زیادەڕەوی کردن لەواندا.

مەبەست لە: (الصالحين) هەموو پێغەمبەران و پیاوچاکان و جگە لەوانیش دەگرێتەوە.

---

[١] / القول المفيد: ٣٩٢ , ٣٩٣.

[٢] / رواه مسلم.

[٣] / رواه مسلم وأبو داود والترمذي

مەبەست لە: (اوثانا) کۆی (وثن)ـە ئەویش بریتییە لە هەر شتێك دابمەزرێنریت و دانرێت بەمەبەستی پەرستنی و رەنگە پێی بووترێت(بت)،(بت)یش بریتییە لە: پەیکەرێك، بۆیە (وثن) گشتگیرترە.

بەڵام قسەی نوسەر لەڕواڵەواتدا ئەوە دەگەیەنێت کەوا هەر شتێك جگە لە خوا بپەرستریت پێی دەڵێن: (وثن)، هەرچەندە وەکو پەیکەرێك نەبێت، چونکە ڕەنگە گۆڕەکان پەیکەری نەبێت و لەسەر گۆڕەکە دانرێت و بپەرستریت.

مەبەست لە: (تعبد من دون الله) واتە: جگە لە خوا، جا هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بە تەنها بپەرستریت یان لەگەڵ خوادا بپەرستریت، چونکە لەپەرستنی خوادا پێویست ئەوەیە کە بە تەنها بپەرستریت، جا ئەگەر کەسێکی تری لەگەڵدا بپەرستریت ئەوا دەبێتە پەرستن بۆ جگە لە خو ا، لە فەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (أنا أغنى الشركاء عن الشرك من عمل عملا أشرك فيه معي غيري تركته وشركه)[1] واتە: من لە هەموو شەریکەکان بێ نیاز ترم لە شەریك، کەسێ کردەوەیەك بکات و جگە لە منی تێدا بەشدار بکات ئەوا لە گەڵ شەریکەکەیدا بە جێیان دەهێڵم).

ئیمامی مالیك لە(موطأ)دا ڕیوایەتی کردووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (اللهم لا تجعل قبري وثنا يعبد اشتد غضب الله على قوم اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد)[2] واتە: ئەی خودایە قەبرەکەم مەکەرە بتێكو بپەرستریت، خوای گەورە زیاتر پەستو تووڕە بوو لە کۆمەڵێك قەبری پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت).

---

[1] / رواه مسلم (٨/ ٢٢٣).

[2] /مشكاة المصابيح: صحيح ٧٥٠.

مەبەست لە: (اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد) واتە: کردیانە مزگەوت، یا بە دروست کردنی بینا لەسەر گۆڕەکە یان بە نوێژکردن لە لایاندا، چونکە نوێژکردن لای گۆڕدا ئەوا مانای وایە کراوەتە مزگەوت، دروستکردنی بینا لە سەری لەو جۆرەیە کە کراوەتە مزگەوت.

(ابن جریر) بە سەنەدێك ڕیوایەتی کردووە لە(سفیان)ەوە لە(منصور)ەوە لە(مجاهد)ەوە: ﴿أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾﴾ النجم) فەرموی: کابرا ئاردەوای بۆ دەکردن و مرد، ئەوانیش لەسەر گۆڕەکەی مانەوەو بەجێیان نەدەهێشتن [1].

بنەمای باسەکە ئەوەیە: کابرایەك هەبوو ئاردەوای بۆ حاجییان دروست دەکرد، کاتێك مرد بە مەزنیان داناو لە سەر گۆڕکەی دەمانەوە، ئەمجار کردیانە خواو بەخوایان زانی، جا ناوە یەکەمەکە لەگەڵ ناوە کۆتایەکەدای بە یەکبەست، جا بنەمای ناوەکە (لت السويق) واتە: ئاردەوای دەکرد[2]، ئەمجار کردیانە (الاله) ئەمەش بە پێی خوێندنەوەی سووك (قراءة التخفيف) دیارترو ڕوونترە لە (التشديد)، چونکە سووك خوێندنەوە (التخفيف)وا پەسەند دەکرێت کە لە (الاله)ەوە هاتووە، بەلام بەخوێندنەوەی (التشديد) وا پەسەند دەکرێت کە لە (رجل يلت السويق)ەوە وەرگیراوە، زیادەڕەویان کرد لەسەر گۆڕەکەی، ئەمجار وتیان: ئەم کابرایە پیاوێکی باش بوو ئاردەوای بۆ حاجیان دەکردو بەوانی دەدان لە پاش ئەوە پەرستیان، بۆیە زیادەڕەوی لە گۆڕەکانیاندا ببوە بتو جگە لە خوا دەپەرسترا، بۆیە دەبێت لێرەدا وریاو ئاگاداری زیادەڕەوی سەر گۆڕ ببین، بۆیە

---

[1] / القول المفيد: ٤٤١.

[2] / مەبەست لە: (السويق) لەجۆ دروست دەکرێت و دەیهاپن و پاشان لەگەڵ خورمادا یان شتێك وەك خورما تێکەڵ دەکرێت و ئەمجار دەخورێت , من لەم کتێبەدا بە ئاردەوا ناوم هێناوە.

نەهی کراوە لەتایبەتمەندی کردنیان و دروستکردنی بینا لەسەریان و نوسین لە سەریان، لە ترسی ئەوەی نەوەك توشی ئەو حەرامە مەزنە ببین کەوای لێدەکات جگە لە خوا بپەرستێت، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر هەر نێرداوێکی بناردایە فەرمانی پێ دەکردن هیچ گۆڕێکی دیاری کراو (بەرز) نەهێڵن ئیللا یەکسانی بکاتەوە لە گەڵ دەورو بەریدا، لە بەر ئەوەی دەیزانی کەوا لەپاش ماوەیەك دەگوترێت: ئەگەر ئەو گۆڕە تایبەتمەندییەکی نەبوایە ئەوا لە گۆڕەکانی تر جیا نەدەکرایەوە، بۆیە وا پێویستە هەموو گۆڕەکان وەکو یەك بن، هیچ یەکێك لەوان تایبەتمەندی نەبێت بەسەر ئەوانی تردا.

مەبەست لە: (السویق) لەجۆ دروست دەکرێت و دەیهاپن و پاشان لەگەڵ خورمادا یان شتێك وەك خورما تێکەڵ دەکرێت و ئەمجار دەخورێت.[١]

مەبەست لە: (کان یلت لهم السویق، فمات فعکفوا علی قبره) واتە: ئەمجار پەرستیان و لەگەڵ خوای گەورەدا بە خوایان زانی.

هەر لە نمونەی ئەوانە: دروستکردنی مزگەوت لەسەر گۆڕەکان کە لە ئوممەتەکانی پێشودا هەبووە، لەم ئوممەتەیشدا ئەوە بەدی دەکرێت.

---

[١] / القول المفید: ٤٤٢.

# تەوەسول کردن بە دوعای پیاوچاکان

تەوەسول بە دوعای پیاوچاکانی (زیندوو) دروستە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەڵکی دەهاتن بۆ لای و داوای دوعای خەیریان لێ دەکردو ئەویش دوعای بۆ دەکردن لای خوای گەورە، بۆ نموونە لە رۆژێکی هەینی دا کابرایەك هاتە ژوورەوە لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتاری دەخوێندەوە کابرا وتی:- ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەروەت و سامانمان بە هەلاکەتدا چوون و ڕێگاکان بڕان، دوعامان بۆ بکە خوای گەورە بارانمان بۆ ببارێنێ، ئەویش دوعای بۆ کردن.

وە (عوکاشەی کوڕی محصن) -کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێدان لە ناو ئوممەتەکەیدا حەفتا هەزار کەس دەچنە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوەو سزا- عوکاشە وتی: داوا لە خوا بکە من یەکێك بم لەوانە، ئەویش فەرمووی: تۆ لەوانی.

بەڵگەش لەسەر ئەوە زۆرە تەنها ئەوە نەبێ ئەگەر لەو پیاوچاکە ترسای کە تووشی لە خۆبایی بوون بێت و لە خۆبایی بێتو بە خۆی سەرسام بێت، ئەوە لەو کاتەدا داوای دوعای خەیری لێ ناکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا باش نییە هەر مرۆڤێك داوای دوعا بکات لە کەسی تر، چونکە ئەم بابەتە نەویستراوە، خۆت دوعا بکە، مەڵێ: فلاّن دوعام بۆ بکە، ئەو فەرموودەیەی کە هاتووەو دەڵێن پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە عومەری فەرموو:- (لا تنسانا يا أخي من دعائك)[1] واتا: (براکەم.. لە دوعاکانی خۆت ئێمەت لە بیر نەچێ ) ئەوە ئەو فەرموودەیە (صحيح) نییە [2].

---

[1] / قال الشيخ الألباني: ( ضعيف ) انظر حديث رقم: ٦٢٧٨ في ضعيف الجامع.

[2] / لقاءات الباب المفتوح جـ ١ ص ٣٧٨.

# تەوەسول کردن بەکارە چاکەکانەوە

تەوەسول کردن بەکارە چاکەکانەوە دروستە، بۆ نمونە؟ ئەو کارە مرۆڤ خۆی کردبێتی و بڵێت: ئەی خودایە من ئەو کارەم کردووە.. نوێژم کردووە.. پارەم بەخشیوە.. خۆم لە زینا پاراستوە.. لەگەڵ دایك و باوکمدا باش بووم، ئەی خودایە ئەگەر من ئەو کارەم لە پێناو تۆدا کردووە ئەوە کێشەکەم بۆ چارە بکە یان نەخۆشییەکەم چارەسەر بکە، ئەوا ئەم جۆرە دوعایە دروستەو هیچی تێدا نییە. ئەوەش لەکارە دروستەکانە، تەنانەت ئەگەر واز هێنان لە کارە خراپەکان بێت، چونکە یەکێ لەسێ کەسەکە کە بەردەکە بەر ئەشکەوتەکەی لێگرتن وازی لەحەرام هێنابوو، کە ئەویش کچێکی ئامۆزای هەبوو، زۆر خۆشی دەویست، داوای کاری خراپی لێکرد کەچی کچەکە ڕازی نەبوو، سااڵێك لە سااڵن گرانی بەسەردا هات، ناچار بوو بۆیە هات بۆ لای ئامۆزاکەی..ڕازی بوو هەر کارێکی لە گەڵدا بکات، کاتێك دانیشت و ئامادەبوو بۆ ئەوەی کاری خراپ ئەنجام بدات، کچەکە وتی:- ئەی بەندەی خوا، لەخوا بترسە مۆرەکە مەکەرەوە ئیللا بە حەقی خۆی نەبێ، ئەویش هەستاو بەجێی هێشت لەکاتێکدا ئەو خۆشەویسترین کەس بوو لای، وازی لێ هێنا لەپێناو داوێن پاکی و ترسی خوادا، جا ئەم کابرا تەوەسولی کرد بەو وازهێنانە لەو کاری حەرامە، لە بەر ئەوەی لەجێگایەکدا دانیشت و ئامادە بوو بۆ ئەنجامدانی کاری خراپ کەچی زینای لە گەڵدا نەکرد، کاتێ خوای هێنایە یادو وتی:- لە خوا بترسەو مۆرەکە مەکەرەوە ئیللا بەهەقی خۆی نەبێت، هەستاو لەکاتێکدا جگە لەخوا ترسی کەسی نەبوو، جا ئەوە بووە هۆی ڕزگاربوونی لە کێشەکە [١].

---

[١] / لقاءات الباب المفتوح جـ ١ ص ٣٨٧ , ٣٨٨.

# حوکمی کەسێك چییە هاوار دەکاتە جگە لە خوا و باوەڕی وایە ئەو کەسە یەکێکە لە خۆشەویستانی خوا؟

# ئایە نیشانەی خۆشەویستانی خوا چییە؟

نیشانەی خۆشویستنی خوا (الولایة) خوا خۆی روونی کردووەتەوە لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾﴾ یونس) واتە: چاك بزانن و هۆشیار بن ! کە دۆستانی خوا _دوا پۆژ_ هیچ ترس و بیمێکیان لەسەر نییە و دڵ زویرو خەفەتباریش نابن (٦٢) دۆستانی خوا ئەوانەن کە: باوەڕی کاملیان هێناوەو هەمیشەش لەخوا دەترسن و خۆدەپارێزن لەهەرشتێ پێویستە خۆپارێزی لێ بکەن (٦٣).

ئەمە نیشانەی خۆشویستنە (الولایة): باوەڕبوون بە خوای گەورە و تەقوای خوای گەورە، جا هەرکەسێك ئیماندارێکی بە تەقوا بوو ئەوە خۆشەویستی خوایە، بەڵام هەرکەسێك هاوەڵی بۆ بڕیار بدات ئەوە خۆشەویستی خوا نییە، بەڵکو ئەوە دوژمنی خوایە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٩٨﴾﴾ البقرة) واتە: هەرکەسێك دوژمنی خواو فریشتەو پەیامبەرەکانی ئەوو جوبریلو میکائیل بێت لەبەرامبەر ئەوەیشەوە بێ گومان خوا ناحەزو دوژمنی بێ باوەڕانە).

جا هەر کەسێك داوا لە جگە لە خوا بکات یان هاوار بکات بە جگە لە خوا – لە شتێکدا کە تەنها خوای گەورە خۆی توانای لەسەر هەیە– ئەوە کەسێکی موشریکی

کافرەو هەرگیز خۆشەویستی خوا نییە، هەرچەندە خۆی بانگەشەی ئەوە بکات، بەڵکو بانگەشەی بۆ خۆشویستنی خواو لە گەڵ نەبوونی یەکتاپەرستی و ئیمان و تەقوا ئەوا بانگەشەیەکی درۆیەو جیاوازە لە گەڵ خۆشەویستی خوا.

ئامۆژگاریم بۆ برا موسڵمانەکانم لەم کارانەدا ئەوەیە: بەو کەسانە هەڵنەخەڵەتێن، با سەرچاوەی ئەوان تەنها قورئانی پیرۆز و فەرموودە راست و دروستەکان بێت کە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) پێمان گەیەشتوون بۆ ئەوەی تکا و پەنا و پشت بەستنیان تەنها لەسەر خوا بێت، تاوەکو دڵنیابن بەوە بۆ خۆیان و دڵنارامیان پێ ببەخشێ، تاوەکو سەروەت و سامانیان پارێزراو بێت و ئەو سەرلێشێواوانە لە خشتەیان نەبەن، قورئان و سوننەت بە رووی ئەوەی تێدا دیارە لەم کارانەدا دەبێ ئەو کەسانە دوور بکەونەوە لە خۆ بایی بوون بە خۆیان، ئەوانەی هەندێ جار خۆیان بە (سید) گەورە دەژمێرن و هەندێ جار خۆیان بە خۆشەویستی خوا دەزانن، ئەگەر بیر بکەیتەوەو ورد ببیتەوە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت ئەوەی ئەوان لە سەرین دوورە لە گەورەیی و ویلایەتەوە، بەڵام دەبینی وەلی راستەقینە خۆی لە هەموو کەسێك زاتر بە دوور دەگرێت لەوەی بانگەشە بۆ خۆی بکات و خۆی بە گەورە و خواناس بزانێت، دەبینی ئیماندارێکی لە خواترس و نادیارەو هەرگیز خۆی دەرناخات، ناوبانگی پێ خۆش نییە، حەز ناکات خەڵکی رووی تێ بکەن، یان خۆیان پێوە پەیوەست بکەن چ لە ترسا یان تکایان بۆی هەبێت، تەنها بەوەی کەسەکە بیەوێ خەڵکی بە گەورەی بزانێت یان رێزی لێ بگرن و ببێتە سەرچاوەی ئەوان و خەڵکی پێوە پەیوەست بێت، ئەوا لە راستیدا جیاوازە لە گەڵ تەقوا و ویلایەتدا، بۆیە لە فەرموودەیەکدا هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ)، بۆ کەسێك کە فێری زانست دەبێت بە مەبەستی ئەوەی بەرانبەر نەفامان بگرێت یان بەرانبەر بە زانایان بگرێت، یان بۆ ئەوەی خەڵکی رووی تێبکەن ئەوا ئەوەندە ئەوەندە هەرەشەی لەسەرە، جا بەڵگە لە فەرموودەکە: (أو ليصرف وجوه الناس

إلیه)[1]جا ئەوانە کە بانگەشەی ویلایەت دەکەن و هەوڵ دەدەن خەڵکی رووبان تێبکەن ئەوانە دوورترین کەسن لە ویلایەتەوە.

ئامۆژگاریم بۆ برا موسڵمانەکانم ئەوەیە بەو کەسانەو نمونەی ئەوانە هەڵنەخەڵەتێن بگەڕێنەوە بۆ کیتابەکەی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) وە با هیوا و ئومێدو تکایان تەنها پەیوەست بە خواوە بکەن.

[1] / حسن: أخرجه الترمذي وحسنه الألباني.

# حوکمی ئەو کەسانەی بە ئاسن و چەك لە خۆیان دەدەن و پێی کاریگەر نابن و دەڵێن ئەوان ئەولیای خوا

لە خۆ لێدانی ئەوانە بە ئاسن و جگە لە ئاسن و پێی کاریگەر نابن ئەوە بەڵگەی راستی ئەوانە نییە، بەڵگەی ئەوە نییە ئەوان ئەولیای خوان و بەڵگەی ئەوە نییە ئەوە کەرامەت بێت لەوانەوە، بەڵکو ئەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی سیحر و چاوی خەڵکی پێ سیحر دەکەن، سیحریش لەم جۆرەو جگە لەم جۆر دەبێت، چونکە موسا (علیه الصلاة والسلام) کاتێ ساحیرەکانی فیرعەون دار و حەبلەکانی خۆیان فرێدا، وا دەهاتە پێش چاویان ئەوانە مارن، ئەوانە مار و ئەژدیهان، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿سَحَرُوٓاْ أَعۡيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسۡتَرۡهَبُوهُمۡ وَجَآءُو بِسِحۡرٍ عَظِيمٖ ١١٦﴾ الاعراف) واتە: خەڵکەکەیان چەواشەو چاوبەست کردو پێیان وابوو ئەو شتانە – ئەوان هەڵیان داون– هەموو مارن بۆیە ترسان و ترسێکی بەتین کەوتە دڵیانەوە لە راستیشدا لە پێش چاو ئەوانەوە جادوویەکی زۆر گەورەو مەزنیان نواند).

جا ئەوەی ئەمانە دەیکەن گومانی تێدا نییە جۆرێکە لە جۆرەکانی سیحر و کەرامەت نییە.

بزانە – رەحمەتی خوات لێ بێت – کەرامەت تەنها ئەولیای خوا بە دەستی دەهێنن، ئەولیای خواش ئەو کەسانەن تەقوای خوایان هەیەو بەردەوامن لەسەر دینەکەیان و بەو شێوەن خوای گەورە وەسفی کردوون لەو ئایەتەی دەفەرموێت: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ٦٣﴾ یونس).

هەرکەسێك بانگەشەی ئەولیا بوون بکات مەرج نییە وەلی بێت، ئەگەر وا بوایە هەموو کەسێك بانگەشەی دەکرد، بەڵام ئەو کەسەی بانگەشەی دەکات بە کردەوەکانی دەپێورێت، جا ئەگەر کارەکانی لەسەر ئیمان و تەقوا بنیات نرابوو ئەوە وەلییە، بەڵام تەنها بانگەشەکردن کە ئەولیای خوایە ئەوە لە تەقوای خوا نییە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ﴿٣٢﴾﴾ النجم) واتە: پاکانە بۆ خۆتان مەکەن و خۆتان هەڵمەکێشن، ئەو زاناترە بەو کەسەی خۆی دەپارێزێ و سنوورەکانی نابەزێنێ).

جا ئەگەر بانگەشەی ئەوەی کرد ئەو ئەولیای خوایە ئەوا تەزکیەی خۆی کردووە، ئا لەو کاتەدا کەوتوەتە نێو سەرپێچییەوەو کەوتوەتە ناو ئەو شتەی خوای گەورە نەهی لێکردووە، ئەمەش لە گەڵ تەقوادا یەك ناگرنەوە، بۆیە ئەولیای خوا هەرگیز تەزکیەی خۆیان ناکەن بەم شێوەیە، بەڵکو ئەوان ئیمان بە خوای خۆیان دەهێنن و تەقوایان هەیە و هەڵدەستن بە گوێڕایەڵی خوای گەورە بە جوانترین شێوە، خۆیان بە خەڵکەوە خەریك ناکەن و خەڵکی هەڵناخەڵەتێنن بەم جۆرە بانگەشانە تاوەکو خەڵکی گومڕا بکەن لەسەر رێگا راستەکەی خوا.

# جادوو (السحر)

( السِحر) جادوو لە زماندا: ئەوەیە کە هۆکارەکەی شاراوەیە. هەر لەو مانایەوە وشەی (السَحَر) بەکار هاتوە بۆ کۆتایی شەو، چونکە ئەو کارانەی ئەو کاتە ڕووەدات بە شاراوەی دەبێت، هەروەها بە پارشێو دەڵێن: (السحور) چونکە بریتییە لەو خواردنەی کە لە کۆتایی شەودا دەخورێت، چونکە بەشاراوەیی دەبێت، جا هەر شتێك هۆیەکەی شاراوە بوو ئەوە پێی دەڵێن: (سِحر).

بەڵام لە شەرعدا دەکرێتە دوو بەشەوە:

یەکەم: گرێ و ڕوقیە، واتا: ئەو خوێندنەوەو تەلەسمانە لە ڕێگایانەوە ساحیر دەتوانێت شەیتانەکان بەکار بهێنێ بۆ هەر زیانێك بیەوێ بە سیحرلێکراو، بەڵام خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ البقرة).واتە: بە بڕیاری خوا نەبووبا ئەوا جادووگەرانە توانایان نەبوو زیانێك بە هیچ کەسێك بگەیەنن.

دووەم: بریتییە لەو دەواو دەرمانانەی کاریگەری لە سەر جەستەو ئەقڵ و ویست و حەزی سیحر لێکراوەکە دەبێت، بۆیە دەبینی زوو ویستی دەگۆڕێت کە ئەمەش ئەوان پێی دەڵێن: سۆز و واز لێهێنان و پەشیمانی.

بەشێوەیەك وا لە مرۆڤ دەکات سۆزو خۆشەویستی دەچێت بۆ لای خێزانەکەی یان هەر ئافرەتێکی تر، تاوەکو وەکو ئاژەڵێکی لێدی بە ویستی خۆت بیجوڵێنی. وازلێهێنان پێچەوانەی خۆشەویستی و سۆزە.

جا کاریگەری لەسەر سیحرلێکراوەکە دەبێت و کەم کەم لاوازی دەکات تاوەکو بەهەلاکەتدا دەچێت.

لە مێشك و بۆچوونی خۆیدا خەیاڵی هەندێ شت دەکات بە جیاواز لەگەڵ راستییەکاندا، هەروەها کاریگەری لەسەر عەقڵی دەبێت ڕەنگە هەندێ جار بەرەو شێت بوون ببیات، پەنا بە خوا.

جا سیحر دوو جۆرە:

أ / جۆرێکی شیرکە، ئەویش لە جۆری یەکەمە کە لە ڕێگای شەیتانەکانەوە دەبێت، ئەوان دەپەرستێت و خۆی لەوان نزیك دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت زاڵیان بکات بەسەر سیحر لێکراوەکەدا.

ب / دژایەتی و دوژمنایەتی و خراپەکاریە، ئەمەش جۆری دووەمە کە بە هۆی دەواوو دەرمان و ئەو شتانەوە دەبێت. ئا بەم دابەشکردنەی باسمان کرد دەگەینە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ، ئەویش ئەوەیە: ئایا کەسی ساحیر کافرە یان نا؟ زانایان لەم بابەتەدا جیاوازن:

هەندێکان دەڵێن: کافر دەبێت و هەندێکیان دەڵێن کافر نابێ.

بەڵام ئەو دابەشکردنەی پێشوو باسمان کرد حوکمی مەسەلەکە ڕوون دەکاتەوە، جا هەر کەسێك سیحرەکەی بە هۆی شەیتانەکانەوە بوو ئەوا کافر دەبێت، چونکە زۆر جار ناگاتە ئەو خواستە بەبێ شیرك، بە بەڵگەی ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت:

﴿ وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَٰنَ ۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَ ۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦ ۚ وَمَا هُم

بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ ۚ وَلَقَدْ عَلِمُوا۟ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ ۚ ﴿١٠٢﴾ البقرة)

بەڵام هەر کەسێك سیحرەکەی بەهۆی دەواو و دەرمانەوە بوو ئەوا کافر ناکرێ بەڵام بەکەسێکی سەرپێچیکار و ستەمکار دادەنرێت.

کوشتنی ساحیر: ئەگەر سیحرەکەی کوفر بوو ئەوا دەکوژرێت وەکو کەسێکی هەڵگەڕاوە لە دین، تاوەکو تەوبە نەکات لەسەر ڕای ئەوانەی دەڵێن: تەوبەکەی وەردەگیرێت ئەگەر تەوبە بکات، ئەم بۆچوونەش تەواوە بە لای منەوە، بەڵام ئەگەر سیحرەکەی نەدەگەیشتە کوفر ئەوا هەر دەکوژرێت، بەڵام کوشتنی کەسێك کە هەڵدوکوتێتە سەر خەڵکی واتە (صائل) واتە کوشتنی بۆ دوور خستنەوەی ئازارو خراپەکەی لەسەر زەویدا، کەواتە کوشتنی دەگەڕێتەوە بۆ ئیجتیهادی پێشەوای موسوڵمانان، ڕوانگەتی قسەکانی نوسەر باسی کردووە ئەوەیە کەوا لە هەموو حاڵەتێکدا دەکوژرێت [1].

لە (ابو هريرة)وە ریوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ ». قِالوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ(ﷺ) وَمَا هُنَّ؟ قَالَ: « الشِّرْكُ بِاللَّهِ وَالسِّحْرُ وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِى حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ وَأَكْلُ الرِّبَا وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ وَالتَّوَلِّى يَوْمَ الزَّحْفِ وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلاَتِ الْمُؤْمِنَاتِ) [2].واتە: دوور بکەونەوە لە حەوت بە هەلاکەت بەرەکە. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوانە چین؟ فەرمووی: هاوەڵبریاردان بۆ خوا و سیحر و کوشتنی ئەو نەفسەی خوای گەورە

[1] / القول المفيد: ٥٠٨ , ٥٠٩.

[2] / أخرجه البخاري (٢٧٦٦) , ومسلم (٨٩).

کوشتنی حەرام کردووە ئیللا بە حەقی خۆی نەبێت و خواردنی ڕیبا و خواردنی سەروەتو سامانی هەتیوان و هەڵاتن لە ڕۆژی ڕووبەروو بوونەوەدا و تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی ئیماندارانی بێ ئاگا بە زینا (واتە: بوختیانیان بۆ بکرێت).

مەبەست لە: (اجتنبوا السبع الموبقات).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگارترین دروستکراوە بۆ دروستکراوەکان، هەموو شتێك زیان بەدین و دونیای خەڵکی بگەیەنێت ئەوا ئاگاداری کردوینەتەوە، بۆیە فەرمووی: (اجتنبوا) جا ئەو وشەیە بە هێزترو ڕەوانبێژترە لە (اترکوا) چونکە (اجتناب) مانای ئەوەیە تۆ لە لایەکەوە ببیت و ئەویش لە لایەکی ترەوە، ئەمەش پێویستی بەدوور کەوتنەوەیە.

(اجتنبوا) واتا وازی لێ بهێنن بەڵکو لەواز هێنان زیاترو تووندترە، چونکە مرۆڤ ڕەنگە واز لە شتێك بهێنی و لە هەمان کاتدا لێی نزیك بێت، بەڵام ئەگەر وترا: (اجتنبه) ئەوا مانای ئەوەیە: وازی لێ بهێنەو لێی دوور بکەوەرەوە.

مەبەست لە: (السبع الموبقات) ئەمەش (حصر) نییە واتا تەنها ئەو حەوت شتە خاوەنەکەی بە هەلاکەتدا ببات، چونکە چەندین تاوانی تر هەن خاوەنەکەی بە هەلاکەتدا دەبات، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەندێ جار (حصر) ی هەندێ شت دەکات مەبەستیش ئەوە نییە کە تەنها ئەو شتانە بێت و شتی تر نەگرێتەوە [١].

مەبەست لە: (والسحر) واتا یەکێکە لە بە هەلاکەت بەرەکان، ڕوالەتی فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەیە کەوا جیاوازی نییە لە نێوان ئەو سیحرەی بە هۆی شەیتانەکانەوە دەکرێن یان ئەوانەی بە هۆی دەواو دەرمانەوە

---

[١] / القول المفيد: ٥١٣.

دەکرێت، چونکە ئەگەر بە هۆی شەیتانەکانەوە بێت ئەوا ئەنجام نادرێن ئیللا بە شیرك ئەنجامدان نەبێت و ئەوە توشی شیرك دەبێت.

بەڵام ئەگەر بە هۆی جگە لە شەیتانەوە بوو ئەوا بە هەمان شێوە تاوانێکی گەورەیە، چونکە سیحر گەورەترین تاوانە بەرامبەر مرۆڤەکان دەکرێت، جا ئەو سیحرە دین و دنیای سیحرلێکراوەکە تێکدەدات و توشی دڵەڕاوکێی دەکات، تاوەکو وەکو ئازەڵی لێدێ، بەڵکو لەوە خراپتر، چونکە ئازەڵەکان خوا بەو شێوەیە دروستی کردوون و سروشتی وایە، بەڵام مرۆڤەکان ئەگەر لە سروشت و فیترەتی خۆی لابدرێت ئەوە توشی دڵتەنگی و دڵە ڕاوکێ دەبێت تەنها خوای گەورە خۆی ئەندازەکەی دەزانێت، بۆیە تاوانی سیحر لە پاش شیرك دێت[1].

لە (جندب)ەوە ڕیوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (حد الساحر: ضربه بالسیف)[2] ئیمامی (الترمذی) ڕیوایەتی کردووە و فەرموویەتی ئەوە قسەی ( جندب) خۆیەتی واتە (موقوف)ـە[3].

مەبەست لە: (حد الساحر: ضربه بالسیف) حەدی ساحیر واتا: سزاکەی کە لە شەرعدا دیاری کراوە.

ڕوانگەی فەرموودەکە ئەوەیە کە بە (کافر) دانانرێت چونکە سزاکان (الحدود) خاوەنەکەی لە تاوان پاك دەکاتەوە، بەڵام کەسی کافر ئەگەر کوژرا لەبەر هەڵگەڕانەوەکەی لەدین ئەوا ئەو کوشتنە پاکی ناکاتەوە.

---

[1] / القول المفید: ٥١٦, ٥١٧.

[2] /قال الشیخ الألباني: ( ضعیف ) انظر حدیث رقم: ٢٦٩٩ في ضعیف الجامع.

[3] / موقوف: أخرجه الترمذي (١٤٦٠)

ئەم باسەش وەکو ئەوەی پێشووە: کەوا لە بەشەکانی سیحر خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات ئەویش ئەو جۆرە سیحرە دەگرێتەوە کە بە دەواو دەرمان دەکرێت و خاوەنەکەی توشی خۆشەویستی و سۆز یان توشی واز لێهێنانی دەکات یان لە نمونەی ئەوانە.

مەبەست لە: (ضربة بالسيف) ڕیوایەت کراوە بە (تاء) لە پاش (باء) واتە: (ضربة ) وە بە (هاء)یش ڕیوایەت کراوە واتا: (ضربه) وە هەردوو ڕیوایەتەکە تەواوە، بەڵام ڕیوایەتی یەکەم ڕەوانبێژ ترو تووندترە چونکە (التنكير) و (صيغة الوحدة) بەڵگەیە لەسەر لێدانێکی بەهێزی یەکلاکەرەوە ئەمەش کینایەی کوشتنە، مانای ئەوە نییە بە پشتی شمشێرەکە لێ بدرێت ( واتە: بەلایەکی و لەسەر پانی)[1].

لە (صحيح البخاري) دا هاتووە لە (بجالة)ی کوڕی(عبدة)وە فەرموویەتی: عومەری کوڕی خەتتاب نوسراوێکی نووسی کەوا: (اقْتُلُوا كُلَّ سَاحِرٍ و ساحرة، قال: فَقَتَلْنَا ثَلاَثَةَ سَوَاحِرَ)[2] واتە: هەموو ساحیرێکی پیاو یان ئافرەت بکوژن دەڵێت: ئێمەش سێ ساحیرمان کوشت).

جا هەر کەسێك بەهۆی سیحرەکەیەوە کافر بوو ئەوا دەکوژرێت کوشتنی هەڵگەڕاوەکان، بەڵام ئەگەر سیحرەکە کافری نەکرد ئەوە لە ڕووی دوور خستنەوەی کەسێك کە هەڵدوکوتێتە سەر خەڵکی واتە (صائل) پێویستە جێ بەجێ بکرێت ئەگەر پێشەوای موسڵمانان بەباشی زانی.

دەر ئەنجامی باسەکە ئەوەیە: پێویستە ساحیران بکوژرێن جا ئەگەر کافر بوو بوون یان کافر نەبوون، چونکە ئەوانە خەڵکی نەخۆش دەکەن و دەکوژن، ژن و

---

[1] / القول المفيد: ٥٢٤.

[2] / أخرجه أبو داود (٣٠٤٣).

پیاو لەیەك جیا دەكەنەوە، هەروەها بە پێچەوانەوە ڕەنگە دۆستایەتی و خۆشەویستی لە نێوان دوژمناندا دروست بكەن بۆ ئەوەی بگەنە مەبەستی خۆیان، چونكە هەندێ سیحر وا لە كەسێك دەكات و بۆ ئەوەی خۆشی بوێت تاوەكو كارەكەی ئەنجام بدات، هەروەكو ئەوەی سیحر بۆ ئافرەتێك بكات بۆ ئەوەی مەبەستی خۆی لەگەڵدا ئەنجام بدات، لەبەر ئەوەی ئەوان لەسەر زەویدا تێدەكۆشن بە مەبەستی خراپەكاری، بۆیە پێویستە كاربەدەستی موسڵمانان بیانكوژێت بەبێ (استتاب)ـە كردن واتە: داواكردنی تەوبە لێیان، چونكە ئەوە لەبەر دوور خستنەوەی زیان و خراپەی كارەكانیانە، هەروەها (حەد) واتە سزاكان خاوەنەكانیان (استتابة) ناكرێت، هەر كاتێك دەستگیر كران ئەوا دەبێ سزاكەی بەسەردا جێ بەجێ بكرێت.[1]

لە (حفصة) ەوە بە (صحيح) ڕیوایەت كراوە كەوا: (أنها أمرت بقتل جارية لها سحرتها فَقُتِلَتْ) واتە: فەرمانی كرد بەكوشتنی كەنیزەیەكی خۆی كە سیحری لێكردبوو بۆیە كوژرا ).

مەبەست لە: ( قال احمد: عن ثلاثة من اصحاب النبي (ﷺ) )

ئەوانیش بریتین لە: (عمر و حفصة و جندب الخير) واتە: بە (صحيح)ی هاتووە لەو سێ هاوەڵانەوە كە دەبێ ساحیر بكوژرێت، قسەكردن بەكوشتنی ساحیر یەكسانە بە بنەماكانی شەرع، چونكە ئەوان هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی خراپەگێڕی بكەن لە زەویدا. خراپەكانیشیان لەگەورەترین خراپەكانە، بۆیە كوشتنیان پێویستەو واجبە لەسەر پێشەوای موسڵمانان، نابێت پێشەوا دوابكەوێت لە كوشتنیان، چونكە نموونەی ئەوانە ئەگەر وازیان لێ بهێنرێت كاری خۆیان بكەن ئەوا

---

[1] / القول المفيد: ٥٢٥.

خراپەیان لە زەوی خۆیاندا و زەوی جگە لە خۆیان بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بکوژرێن ئەوا خەڵکی پارێزگار دەبێت لە خراپەیان، خەڵکیش چیتر سڵ دەکات لە بڵاو بوونەوەو ئەنجامدانی سیحر.

لەو فەرموودەیە: (حد الساحر ضربة بالسيف) ئەوە وەردەگرین کەوا (حەد) ئەگەر گەیشتە پێشەوا ئەوا (استتابة) ناکرێت، بەڵکو دەبێت بکوژرێت لەهەموو حاڵەتێکدا، بەڵام کوفر خاوەنەکەی (استتابة) دەکرێت.

# حوکمی فێربوونی سیحر

(السحر) جادوو: زانایان دەفەرموون: لەزمانەوانیدا - هەر وەکو لە پێشدا باس کرا-: بریتییە لەوەی هۆکارەکەی شاراوەیە) بە شێوەیەك کاریگەرییەکی شاراوەی هەبێت خەڵکی لێی ئاگادار نییە، بەم مانایە (التنجیم) و (الکهانة)ش دەگرێتەوە، بەڵکو ئەو کاریگەرەش دەگرێتەوە کە لە رێگای زمانپاراوی و رەوانبێژییەوە دەبێت، هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (إن من البیان لسحراً)[1] واتە: لە رەوانبێژیدا سیحر هەیە - بیستنەکان سیحراوی دەکات- ) جا هەر شتێ کاریگەری هەبێت بە شێوەیکی شاراوە ئەوە سیحرە.

بەڵام لە زاراوەی شەرعیدا هەندێکیان پێناسەیان کردووە بەوەی کە: بریتییە لە چەند عەزیمە و روقیەو گرێیەك کاریگەری لەسەر دڵ و عەقڵ جەستەکان دەبێت بە شێوەیەك عەقڵەکەی لە دەست دەردەکات، خۆشەویستی و رقلێبوون پەیدا دەکات و پیاو و ژنەکەی لە یەك جیادەکاتەوە و جەستەکان تووشی نەخۆشی دەکات و بیرو هۆشی کەسەکە نامێنێ).

فێربوونی سیحر حەرامە، بەڵکو کوفرە، ئەگەر هاتوو وەسیلەکەی شیرکی تێدابوو بە هۆی شەیتانەکانەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَٰنَ ۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَ ۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ۖ فَيَتَعَلَّمُونَ

---

[1] / صحيح: أخرجه البخاري.

مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦ ۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ ۚ وَلَقَدْ عَلِمُوا۟ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ ۚ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا۟ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿١٠٢﴾

البقرة) واتە: هەندێ لە نەوەکانی (یەعقوب) کەوتنە شوێنی ئەو جادووە، شەیتانی سەردەمی پاشایەتی و دەسەڵاتی سولەیمان دایان هێناو دەیانخوێند ئاشکرایشە سولەیمان کافرو جادووگەر نەبوو و ئەویش جادووی دانەهێنا وەک ئەوان دەڵێن بەڵکو شەیتانەکان جادوویان داهێناو کافرو بێ بروا بوون و لە سنوور دەرچوون و خەڵکیشیان فێری جادوو ئەکرد، هەروەها کەوتنە شوێنی ئەو زانیاری و زانستیەی هاتبوویە سەر ئەو دوو فریشتەیە (هاروت و ماروت) لە بابلی عێراقدا. وە لە هەمان کاتدا کەسێکیان فێری جادوو ئەکرد لە سەرەتاوە پێیان دەگووت: ئەم کارەی ئێمە تەنها بۆ تاقیکردنەوەو فێربوونی جیاکردنەوەی (موعجیزە و سیحر) لە لایەن خواوە نێردراوین، کەوابوو ئاگادارباە ! خۆت کافر مەکەو فێری جادوو نەبیت، بەڵام هەندێك هەر کۆڵیان نەدا تا لەو دوو فریشتەوە فێری ئەمە بوون کە بتوانن بە سیحر ژن و مێرد لێك بکەن بەبڕیاری خوا نەبووبا ئەو جادوو گەرانە توانایان نەبوو زیانێك بە هیچ کەسێ بگەیەنن هەر فێری شتێ ئەبوون کە زیانیان لێ بداو، هیچ قازانج و سوودێکی نەبێ بۆیان،کە ئەو کارە ناپەسەندەشیان ئەکرد، نەبێ لە ڕووی نەوانییەوە بێت، بەڵکو ئەو(جولەکان)ە چاك دەشیانزانی ئەو کەسەی کریاری جادووگەریی بێ، لە ڕۆژی دوایدا هیچ کەڵك و سوودێکی پێ ناگاو لە بەهرەی خوا بێ بەشە، بە ڕاستی ئەگەر تێگەیشتبان ئەو شتەی کە ئەوان خۆیانیان پێ فرۆشت، دەیانزانی چ کارێکی خراپ و ناپەسەند بوو).

جا فێربوونی ئەم جۆر سیحرە ئەویش کە لە رێگای شیرک کردنەوە دەبێت بە هۆی شەیتانەکانەوە ئەوە کوفرە، بە کارهێنانیشی کوفر و ستەم و دوژمنایەتییە لە گەڵ خەڵکیدا، بۆیە ساحیر دەکوژرێت یان وەکو هەڵگەڕانەوەیەک یان وەکو حەددێک،جا ئەگەر سیحرەکەی لە رووی کوفرەوە بێت ئەوە دەکوژرێت وەکو هەڵگەڕانەوەو کوفر، بەڵام ئەگەر سیحرەکەی نەگەیشتبووە پلەی کوفر ئەوا دەکوژرێت وەکو حەددێک لەبەر دوور خستنەوەی خراپە و ئازاردانی موسڵمانان.

# حوکمی پووچەڵکردنەوەی سیحر لەو کەسەی سیحری لێ کراوە (النشرە)

پووچەڵکردنەوەی سیحر لەو کەسەی سیحری لێ کراوە (النشرة) تەواوترین را لەم مەسەلەیە ئەوەیە کە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: ئەوەیە بە قورئانی پیرۆز و دوعا شەرعییەکان و چارەسەرە دروستەکان دەکرێت ئەوا ئەم جۆرە ئاساییە چونکە بەرژەوەندی تێدایەو خراپەکاری (مفسدة)ی تێدا نییە، بەڵکو رەنگە هەندێ جار پێویست بێت چونکە بەرژەوەندییەو بە بێ زیان.

بەشی دووەم: ئەگەر هاتوو ئەو (نشرة)یە بە شتێکی حەرام بوو وەکو پووچەڵکردنەوەی سیحر بە سیحرێکی تر وەکو خۆی ئەمەش زانایان جیاوازن لە سەری:

هەندێ لە زانایان رێگایان پێداوە وەکو زەرورەت (ضرورة).

هەندێکیان رێگایان نەداوە و رێگرن لێی، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە پرسیاری لێ کرا دەربارەی (النشرە) فەرمووی: (هي من عمل الشيطان)[1] واتە: ئەوە لە کار و کردەوەی شەیتانە).

ئا بەم شێوەیە پوچەڵکردنەوەی سیحر بە سیحر حەرامە، پێویستە لەسەر هەموو کەسێك پەنا بە خوا بگرێ بە دوعا و پارانەوەو ملکەچکردن بە مەبەستی لادانی زیانەکانی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي

[1] / صحيح: أخرجه أبو داود.

﴿قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ﴿١٨٦﴾﴾ البقرة) واتە: هەر کاتێ بەندەکانم لە بارەی من پرسیارت لێ دەکەن: ئایە من دوورم لێیانەوە یان نزیك؟ دەبێ بزانن، من زۆر نزیکم لێیانەوە بە هاناو پاڕانەوەی دۆعا گۆیانەوە دێم و وەڵامیان ئەدەمەوە هەر کە لێم دەپاڕێنەوە ).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ ۗ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾﴾ النمل) واتە: یاخود کێیە وەڵامی هاوارو نزای لێقەوماوو داماوو ناچار و هەژار دەداتەوە، کاتێ کە داوای بەهانا هاتنی لێ بکا و هانای پێ ببات، ئەو بەڵا و ناخۆشییە لادەبا کە لەسەر شانیانە دەتان کاتە جێنشینی پێشینان لە زەویدا کلیلی ئاوەدان کردنەوەی زەویتان دەداتێ، ئایا لە گەڵ ئەو خوایەدا پەرستراوێکی تر هەیە بتوانێ ئەو کارانە بکا، بەڵام ئێوە کەم پەند وەرئەگرن و بیر ئەکەنەوە).

# حوکمی (ئاشتکردنەوەی) ژن و پیاو بە سیحر

ئەمەش حەرامە و دروست نییە، ئەمەش پێی دەڵێن: (العطف) وە ئەوەی کە بە هۆیەوە لەیەک جیادەبنەوە پێی دەڵێن: (الصرف) هەروەها ئەویش حەرامە و رەنگە هەندێکیان ببێتە کوفر و شیرک، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦ ۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ ۚ وَلَقَدْ عَلِمُوا۟ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ ۚ ﴿١٠٢﴾﴾ البقرة).

# حوکمی پرسیارکردن لە فاڵچی

پرسیار کردن لە فاڵچی دەکرێت بە سێ بەشەوە:

**بەشی یەکەم**: پرسیاری لێ بکات و قسەکەی بە هەند وەربگرێت ئەمە حەرامە و بەڵکو کوفرە چونکە بە راستزانینی بانگەشەی عیلمی غەیبە و بە درۆخستنەوەی قورئانە.

**بەشی دووەم**: پرسیاری لێ بکات بۆ ئەوەی بزانێت راستگۆیە یان درۆزنە، نەک بۆ ئەوەی سوود لە قسەکانی وەرگرێت ئەمە دروستە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) پرسیاری کرد لە (ابن الصیاد) وتی: چیم بۆت شاردوەتەوە؟ وتی: الدخ.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: أخسأ فلن تعدو قدرك )[1] جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لێکرد دەربارەی شتێك لێی شاردبوەوە بۆ ئەوەی تاقیبکاتەوە نەك بۆ ئەوەی باوەری پێ بکات و قسەکانی بە هەند وەربگرێت.

**بەشی سێیەم**: پرسیاری لێ بکات بۆ ئەوەی بێ دەسەلاتی و درۆی ئاشکرا بکات، ئەمەشە کارێکی پێویست و واجبە.

# کاهینەکان و حوکمی چوون بۆ لایان

(الكهانة): لەسەر وەزنی (فعالة)یە لە وشەی (التكهن)ەوە وەرگیراوە، گەڕان بە دوای حەقیقەتدا بە چەند کاروبارێك هیچ بنەمایەکی نییە، لە سەردەمی نەفامیدا کارو پیشەی کۆمەڵێك کەس بوو کە پەیوەندییان بە شەیتانەکانەوە هەبوو، لە ئاسمانەکان گوێیان دەگرت و هەرچییان ببیستایە بۆ ئەوانی دەگێڕایەوە ئەمجار ئەوانیش ئەو وشەیەی کە لە ئاسمانەوە بۆ ئەوان گواسترا بووەوە بە هۆی ئەو شەیتانانەوە و چەندیان بوێت بۆی زیاد دەکەن و بۆ خەڵکی دەگێڕنەوە، جا ئەوەی کە باسیان کرد ئەگەر وەکو خۆی رووی بدایە ئەوا خەڵکی پێ هەڵدەخەڵەتان و خەڵکی ئەوانی وەکو سەرچاوەیەك بۆی دەگەڕانەوە لە حوکمی نێوانیاندا، لەوەی کە لە ئایندەدا رووی دەدا، بۆیە دەڵێین: کاهین ئەو کەسەیە دەربارەی ئایندە هەواڵ دەدات.

ئەو کەسانەی دێن بۆ لای کاهینەکان (فاڵچییەکان) دەکرێن بە سێ بەشەوە:

---

[1] / صحيح: أخرجه البخاري ومسلم.

**بەشی یەکەم**: کەسێك بێت بۆ لای کاهینێك و پرسیاری لێ بکات بە بێ ئەوەی باوەڕی پێ بکات، ئەوە حەرامە، سزای خاوەنەکەی ئەوەیە بۆ ماوەی چل رۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێت، هەروەکو لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا هاتوە و (مسلم) ریوایەتی کردووە کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلاَةٌ أَرْبَعِينَ يوماً أو أربعين لَيْلَةً)[1] واتە: هەرکەسێك بچێت بۆ لای فاڵچییەك و پرسیاری لێ بکات ئەوا چل رۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێت یان چل شەو).

**بەشی دووەم**: کەسێك بێت بۆ لای کاهینێك و پرسیاری لێ بکات و باوەڕی پێ بکات بەوەی کە دەیڵێت، ئەوە کوفرە بە خوای گەورە چونکە باوەڕی پێکرد لە شتێکدا عیلمی غەیبە، باوەڕکردن بە کەسێك بانگەشەی عیلمی غەیب بکات بە درۆخستنەوەی ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ ﴿٦٥﴾﴾ النمل)) واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) پێیان بڵێ: **هیچ کەسێك** لەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان _بێجگە لەخوا_ئاگایان لەغەیب نییە).

بۆیە لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا هاتوە: (من أتى كاهنا فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد (ﷺ))[2] واتە: هەرکەسێك بچێت بۆ لای فاڵچییەك و باوەڕی بە قسەکانی کرد ئەوا کوفری کردووە بەوەی دابەزیوەتە سەر (محمد) (ﷺ) واتە: بە قورئان).

**بەشی سێیەم**: کەسێك دەچێت بۆ لای کاهینێك بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکات و حاڵی ئەو کاهینە بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە کەوا ئەوە کاهینە و خەلکێ هەڵدەخەڵەتێنی و گومڕایە، ئەم جۆرە ئاساییە و بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەوەیە

---

[1] / صحيح: أخرجه مسلم.

[2] / صحيح: أخرجه ابو داود والترمذي وصححه الألباني.

کاتێك (ابن صیاد) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە نەفسی خۆیدا شتێکی لێ شاردەوە و ئەمجار پرسیاری لێ کرد کەچی لێ شاردوەتەوە؟ ئەویش وتی: (الدخ) مەبەستی (الدخان) بوو واتە: دووکەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((أخسأ فلن تعدو قدرك))[1].

ئەمە ئەو سێ حاڵەتەیە دێن بۆ لای کەسێکی کاهین:

یەکەم: دێت بۆ لای و پرسیاری لێ دەکات بە بێ ئەوەی باوەڕی پێ بکات، بە بێ ئەوەی مەبەستی دەرخستنی حاڵی ئەو بێت ئەوە حەرامەو سزای بکەری ئەو کارە ئەوەیە بۆ ماوەی چل رۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێت.

دووەم: پرسیاری لێ بکات و باوەڕی پێ بکات ئەمەش کوفرە بە خوای گەورە، پێویستە هەر کەسێك ئەوەی کرد ئەوا تەوبەی لێ بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوا ئەگەر نا لەسەر کوفر دەمرێت.

سێیەم: دێت بۆ لای و پرسیاری لێ بکات بۆ ئەوەی تاقیبکاتەوەو حاڵی روون بکاتەوە بۆ خەڵکی ئەوە ئاساییە.

---

[1] / صحیح.

# حوکمی خۆشویستنی بێ باوەڕان و دۆستایەتی کردنیان

دۆستایەتی کردنی بێباوەڕان بە خۆشویستن و پشتگیری کردنیان و بکرێنە جێی رازو نیاز ئەوا کارێکی حەرامەو نەهی لێکراوە بە دەقی قورئان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ﴿٢٢﴾ ﴾ المجادلة ﴾ واتە: هیچ کۆمەڵێ نابینیت باوەڕی بە خواو بەڕۆژی دوایی ببێت دۆستایەتی ئەوانە بکەن کەدژایەتی خواو پەیامبەرەکی دەکەن!).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الَّذِينَ اتَّخَذُوا دِينَكُمْ هُزُوًا وَلَعِبًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَالْكُفَّارَ أَوْلِيَاءَ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٥٧﴾ ﴾ المائدة ﴾ واتە: ئەی گەلی خاوەن باوەڕ لەگەڵ ئەوانەی لاقرتێ و گاڵتە بەدینتان دەکەن دۆستایەتی مەکەن چ ئەو کەسانە بن، پێش ئێوە کتێب و نامەیان بۆ هاتووە، چ ئەوانە بن موشریك و بێ باوەڕن و دەبێ پارێز لە خوا بکەن و هەرگیز لاری و نافەرمانی نەکەن، ئەگەر ئێوە بەڕاستی بڕوادارن).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴿٥١﴾ ﴾ المائدة ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە !موسایی و عیسایی مەکەنە دۆست و پشتیوانتان، چونکە ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و یارمەتیدەری هەندێکیانن و هەرکەسێکیشتان دۆستایەتییان لەگەڵ بکات بێ شك ئەو کەسە هەر لەوانەو بەوان دادەنرێ بێ گومان خوا هیدایەت و ڕێنمایی گەلی ناهەق و ستەمکار ناکات ).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ بِطَانَةً مِّن دُونِكُمْ لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا وَدُّواْ مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ ٱلْبَغْضَآءُ مِنْ أَفْوَٰهِهِمْ وَمَا تُخْفِى صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ ۚ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١١٨﴾﴾ آل عمران واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بە دەر لە خۆتان، کەسێك مەگرنە دۆست و مەیکەنە جێی راز و نیازی خۆتان و نهێنییەکانی خۆتانیان لا بدرکێنن، لە کار تێکدان و زیان پێگەیاندنتان درێغ ناکەن و کۆڵ نادەن، پییان خۆشەو ئاواتیانە ئێوە هەر لە دەرد و ئازاردا بن جگە لەوەش کە بە ئاشکرا دژایەتیتان دەکەن، هێمان ئەو رق و قینەیەش لە دڵیاندا دەیشارنەوە فرەتر و گەورەترە لەوەی کە بە زاریاندا دێ، دڵیان پڕە لە پیلان و فڕوفێل بەرامبەرتان، ئێمە نیشانە و بەڵگەی زۆرمان بۆ ڕۆشن کردەوە هەتا بەو ئایەتانە دۆست و دوژمن لێك بکەنەوە، ئەر ئێوە تێ بفکرێن و دەرکی ڕاستییەکان بکەن ).

هەورەها هەواڵی پێ داوین ئەگەر ئیمانداران دۆست و خۆشەویستی یەکتر نەبن و بێ باوەڕان دۆستی یەکتر نەبن و لە یەکتر جیا نەکرێنەوە ئەوا فیتنەیەك و فەسادێکی گەورە لەسەر زەویدا بەرپا دەبێ.

نابێت کەسی ئیماندار سیقە و باوەڕ بە کەسی بێ ئیمان بکات هەرچەندە خۆشەویستی بۆ دەرخست و ئامۆژگاری بۆ نواند چونکە خوای گەورە دەربارەی ئەوان دەفەرموێت: ﴿وَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ فَتَكُونُونَ سَوَآءً ﴿٨٩﴾﴾ النساء واتە: دوو ڕووەکان ئاوات ئەخوازن و ئەیانەوێ – وەك خۆیان خوا نەناسن– ئێوەش بێ باوەڕ بن و لەدین وەرگەڕێن ئەوسا هەموتان وەك یەکتان لێ بێ و یەکسان بن لەگومڕاییدا ).

خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ۗ﴿١٢٠﴾﴾ البقرة﴾ واتە: هەرگیز ئەم جوولەکەو فەلانە لە تۆ خۆشیان نایە (ئەی موحەممەد ﷺ) هەتا پەیڕەوی لە ئایین و بەرنامەیان دەکەیت هەتا نەچیتە سەر دینی ئەوان هەرگیز بە تەمای ڕەزامەندی ئەوان مەبەو باوەڕیش ناهێنن، لە پیلان و ئاژاوەگێڕی و فەساد و خراپەکاری کۆتا ناکەن ).

جا پێویستە لەسەر کەسی ئیماندار پشت بە خوا ببەستێت لە جێ بە جێکردنی شەرعەکەیدا لۆمەی لۆمەکاران هەرگیز کاری لێ نەکات و لە دوژمنانی نەترسێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾﴾ آل عمران﴾ دیارە ئەو هەڕەشەی (نوعەیم)ە، هەڕەشەی شەیتانەو دەیەوێ ئێوە بەهاودۆستانی بترسێنێت جا ئەگەر باوەڕتان بەهێزە لەوان مەترسن لە خۆم بترسن ).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ ۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِىَ بِٱلْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ فَيُصْبِحُوا۟ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ نَٰدِمِينَ ﴿٥٢﴾﴾ المائدة﴾ واتە: دەبینی ئەوانەی لە دڵیاندا بەرامبەر دینی ئیسلام گومان و نەخۆشی هەیە بۆ بە دۆست بوونیان پەلەو تیژڕەوی دەکەن،دەڵێن:دەترسین دووچاری بەڵاو ڕووداوێك ببین، بێ گومان خوا بەم زووانە دەرگای خێرو سەرکەوتن لەپەیامبەرو موسڵمانان دەکاتەوە، یان فەرمانێك لەلایەن خۆیەوە دەربکات ئەوسا ئەو تاقمە دووڕوو ئیمان لاوازانە لەسەر ئەو کارە دزێو و نیاز گڵاوەیان – لەدڵا شاردبوویانەوە– پەشیمان ببنەوە).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَاۚ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ عَيۡلَةٗ فَسَوۡفَ يُغۡنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦٓ إِن شَآءَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٢٨﴾ التوبة

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە چاك بزانن هەرچی هاوبەشدانەرو موشریکە ناپاك و پیسن، دوای ئەمسالّەیان نابێ نزیك (کەعبە) ببنەوە، خۆ ئەگەر لەهەژاری دەترسان دلّنیابن ئەگەر خوا بیەوێ لە ڕۆزی خۆی دەوڵّەمەندتان دەکا، چوون بەڕاستی خوا زانایەو لەکارزان و کار جوانە).

# حوکمی خۆشویستنی بێباوەڕان و پێشخستنیان بەسەر موسڵماناندا

گومانی تێدا نییە ئەگەر کەسێك دۆستایەتی لە گەڵ بێباوەڕاندا بکات زیاتر لە موسڵمان ئەوا حەرامێکی گەورەی ئەنجام داوە، چونکە پێویستە لە سەری موسڵمانانی خۆش بوێت و ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ ئەوانیش پێی خۆش بێت، بەڵام ئەگەر دوژمنانی خوای زیاتر خۆش بوێت لە موسڵمانان ئەوا کارێکی ترسناکی مەزنەو حەرامە، بەڵکو دروست نییە خۆشیانی بوێت، هەرچەندە لە موسڵمانان کەمتر بێت بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾﴾ المجادلة) واتە: هیچ کۆمەڵێ نابینیت کە باوەڕی بەخوا بە ڕۆژی دوایی ببێت دۆستایەتی ئەوانە بکەن کە دژایەتی خوا پەیامبەرەکی دەکەن !هەرچەندە ئەوانە باوکیان یان کوڕو نەوەیان، یا براو عەشرەتیان بن ئەوانە کە_ لەدۆستایەتی دوژمنانی خوا خۆ ئەپارێزن_ کەسانێکن خوا ئیمان و باوەڕی لەنێو دڵیاندا چەسپاندووە، پشتگیری کردوون بەسەرخستن لەلایەن خۆیەوە و لە پاشە ڕۆژیشدا ئەیان باتە نێو چەند باخاتێکی بەهەشتەوە کە جۆگە ئاوی زۆر لەژێر درەختەکانیدا ئەڕوات بەهەتا هەتایش تێیدا دەبن، خوا لێیان ڕازییەو ئەوانیش

لەخوا ڕازین، ئا ئەوانە گرووپەکەی خوان ئاگادارو هۆشیاربن! کەهەر گرووپەکەی خوان بەرەوەکان لەدونیاو لەقیامەتدا).

# بەکار هێنانی وشەی (صدفه)

ڕای ئێمە دەربارەی ئەم وشەیە ئەوەیە کەوا ئاساییە و هیچی تێدا نییە و ئەم کارەش زانراوە، وا دەزانم چەند فەرموودەیەك هەیە بەم دەستەواژەیە: (صادفنا رسول الله) بەڵام ئێستا هیچ فەرموودەیەکی دیاری کراوم لەیاد نییە تایبەت بێت بەم باسە[1].

وە (المصادفة) و (الصدفة) بە نیسبەت کاری مرۆڤەکانەوە کارێکی پووداوە، چونکە مرۆڤ (غەیب) نازانێت، جاری وا هەیە ڕوداوێك دێتە ڕێی بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات و بەبێ ئەوەی هیچ پێشەکییەکی هەبێت و هەرگیز بۆی نەچووە ئەوە ڕووبدات، بەڵام بەنیسبەت کاری خوداوە ئەمە ڕووندات چونکە هەموو شتێك لای خوای گەورە ئاشکراو زانراوە و هەموو شتێك لای ئەو بەتەقدیرە و هەرگیز هیچ شتێك بە نیسبەت ئەوەوە بە (صدفة) ڕوو نادات، بەڵام بەنیسبەت من و تۆوە دەگەین بەیەك بەبێ هیچ دیاری کردنی ئەو یەك بینینەو بەبێ هیچ هەست و هیچ پێشەکییەك، جا ئەمە پێی دەڵێن: (صدفة) وە هیچ کێشە نییە، بەڵام بەنیسبەت کاری خوداوە ئەوە کارێکە ناکرێت و وتنی دروست نییە.

---

[1] / تەماشای (المستدرك على الصحيحين) بکە بە ژمارە (٧٠٩٤) , هەروەها لە صحيح مسلم دا هاتوە بە ژمارە (٧٥٧٣): (فَصَادَفْنَا الْبَحْرَ حِينَ اغْتَلَمَ.....)

# ناونانی هەندێ گوڵ بە (عبّاد الشمس)

## چونکە لەکاتی ڕۆژئاوابووون و ڕۆژهەڵاتندا ڕوو لەڕۆژ دەکات

ئەوە دروست نییە چونکە دارەکان ڕۆژ ناپەرستن، بەڵکو خودا دەپەرستن، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَسْجُدُ لَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ وَٱلْجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ ٱلنَّاسِ ۖ ﴿١٨﴾﴾ الحج) واتە: ئاخۆ نەتزانیوە کە هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدایە سەرجەم هەموو بۆ خوا سوژدە دەبەن؟ خۆر و هەیڤ و ئەستێرەو کێوەکانو درەختو جفۆکو خزۆکیش و زۆرێکیش لە مەردوم ! بە ئارەزووی خۆی و بە پێخۆشبوونی خۆی سوژدە هەر بۆ خوا دەبا).

بەڵکو دەستەواژەیەکی تر بەکار بهێنرێت کە ناوی پەرستنی (عبودیة) تێدا نەبێت وەکو (چاودێری ڕۆژ) و لە نمونەی ئەو دەستەواژانە.

## حوکمی ئەو نوشتانەی ئایەتی قورئانیان تێدایە و دەڵێت: بیکە ژێر سەرینەکەت یان تەڕی بکە و ئاوەکەی بخۆرەوە

شیفاکردن بە قورئان کارێکی دروستە، لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە لە (أبو سعید)ەوە ریوایەت کراوەو دەڵێت: (انطلق نفر من أصحاب النبي (ﷺ) في سفرة سافروها حتى نزلوا على حي من أحياء العرب فاستضافوهم فأبوا أن يضيفوهم فلدغ سيد ذلك الحي فسعوا له بكل شيء لا ينفعه شيء فقال بعضهم: لو أتيتم هؤلاء الرهط الذين نزلوا لعله أن يكون عند بعضهم شيء فأتوهم فقالوا: ﴿ يا أيها الرهط إن سيدنا لدغ فهل فيكم من راق؟ قالوا: نعم ولكن لا نرقي لكم حتى تجعلوا لنا عجلا، فصالحوهم على قطيع من الغنم فانطلق يتفل عليه و يقرأ ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢ ﴾ فكأنما نشط من عقال، فأوفوهم جعلهم، فقال بعضهم: اقسموا فقال الذي رقى: لا تفعلوا حتى نأتي رسول الله (ﷺ) فذكروا له فقال: وما يدريك أنها رقية؟ ثم قال: قد أصبتم اقسموا و اضربوا لي معكم سهما )[1] واتە: کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) چوون بۆ گەشتێك، لە رێگادا لایاندایە لای هۆزێك لە هۆزەکانی عەرەبو داوایان لێکردن بمێننەوەو میوانداریان بکەن، بەڵام ئەوان بە دەمیانەوە نەچوونو میوانداریان لێنەکردن، پاشان گەورەی ئەو هۆزە شتێك پێوەی داو گەستی، هەموو هەوڵێکیان لە گەڵدا کەچی سوودی نەبوو، لەبەر ئەوە هەندێکیان لە نێو خۆیاندا وتیان: با بچین بۆ لای ئەو کۆمەڵە پیاوە بزانین شتێکیان پێ نییە وەکو چارەسەر. پاشان چوون بۆ لایانو پێیان وتن: ئەی کۆمەڵە پیاوەکە، گەورەکەمان گەستراوە ئایە کەسێکتان تێدایە روقیە بکات؟ وتیان: بەڵێ،

---

[1] / صحيح.

بەڵام روقیەتان بۆ ناکەین تاوەکو بەخششمان نەدەنێ . لە بەر ئەوە لە سەر گەلە مەڕێك رێککەوتن، ئینجا رۆیشت ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢﴾ ی بە سەردا ئەخوێندو فووی پیا ئەکرد، تا وەکو دەڵێی چاك بوویەوە، بۆیە ئەوانیش ئەو بەڵێنەی کە پێان دابوو جێبەجێیان کردو گەلە مەڕەکەیان پێدان، هەندێکیان وتیان: بەشی بکەن، بەڵام ئەوەی خۆی روقییەکەی کردبوو وتی: بەشی مەکەن تاوەکو دەچین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمجار رۆیشتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و باسی رووداوەکەیان بۆ کردن، ئەویش فەرمووی: چۆن زانیت ئەو سورەتە روقییەیە؟ ئەمجار فەرمووی: بە راستی پێکاتان، بەشی بکەنو لە گەڵ خۆتاندا پشکێکی منی تێبکەن).

جا بەکارهێنانی قورئان وەکو شیفایەك کارێکی پێویست و داواکراوە و بەرژەوەندی تێدایە، بەڵام بە چی شێوەیەك بە کاری بهێنین وەکو شیفا؟

دەڵێین: بەکاری دەهێنین وەکو شیفا هەروەکو ئەو سیفەتەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) هاتوە، ئەویش بە خوێندنەوە بەسەر نەخۆشەکەدا، بەڵام هەڵواسینی شتێك کە قورئانی تێدا بێت بە گەردنیدا، ئەم کارە هەندێ لە سەلەف رێگایان پێداوە و هەندێکیان رێگرییان لێ کردووە، لەوانەی کە رێگرییان لێکردووە (عبدالله بن مسعود)، هەندێ لە زانایانی پێشین و پاشین رێگایان پێداوە، بەڵام بخرێتە ژێر سەرین یان هەڵواسرێت بە دیواردا یان لەو شێوەیە بەم سیفاتانە لە سەلەفەوە نەهاتوە و ئێمەش نابێت کارێك بکەین هیچ کەسێك لە پێشینی ئەم ئوممەتە پێشمان نەکەوتبێت (نەیانکردبێت) هەروەها دروست نەبونی لە پێشترە لەوەی هەندێ کەس دەیکات، لە ئاوێکدا زەعفەرانی تێدا بێت هەندێك دەخوێنێ ئەمجار کاغەزێك دەهێنێ و هەندێ هێڵی تێدا دەکێشێ تەنها لەو زەعفەرانە، چەند هێڵێك کە هیچی بەسەردا ناخوێنێ، جا ئەمەش بیدعەیە و راست نییە و دروست نییە.

# حوکمی مارگر (الحاوی)

**پرسیار: بزانە مارگر چەند سیفەتێکی هەیە لەو سیفەتانە:**

١/ مارگر کابرایەکە لەمندالێدا لەگەڵ شێری دایکیدا دووپشکی مردارەوەبووی تێکراوەو دەرخوارد دراوە، یان دووپشکی مردارەوە بوو لەسەر مەمکی دایکی دادەنێن،دەڵێن: بەو کارە ئەو منداڵە چیتر مەناعەی دەست دەکەوێت لەدژی دووپشك و مارو کرم.

٢/ کەسی مارگر دووپشك و مارو کرم پێوەی نادەن و کاری لێ ناکەن.

٣/ کەسی مارگر ئەگەر تف بەسەر کەسێکدا بکات کە پێوەی درابێت ئەوا بەتفی ئەو مارگرە چارەسەر دەبێت.

٤/ کەسی مارگر ئەگەر میز بکات، یان تف بەسەر دووپشکدا بکات یان بەسەر ماردا، ئەوا مارەکە یان دووپشکەکە دەمرێت بەبێ دواکەوتن، بەڵام لەپاش ئەوە ئەو تایبەتمەندییە لە مارگرەکە دەسەنرێتەوە و چیتر وەکو خەڵکی تر دەبێت بۆیە کەسی مارگر تف بەسەر دووپشك و ماردا ناکات و هەروەها دووپشك وماریش ناکوژێت.

٥/ کەسی مارگر ئەگەر لەمەجلیسێکدا بێت و دووپشکێك یان مارێکی لێ بێت ئەوا لەزەوییەکەدا وێنەی بازنەیەك بەدەوری دووپشکەکە یان مارەکەدا دەکات ئەوا چیتر ناتوانێت لێی دەرچێت تاوەکو لە ناو بازنەکەدا دەمرێت.

٦/ پیاوێکی گەورە ئەگەر بیەوێت ببێتە مارگر ئەوا پێویستە لەسەری بچێت بۆلای کەسی مارگر بۆ ئەوەی ئەویش بکاتە مارگر.

٧/ هەندێکیان زیکرێك دەڵێن کە دواندنی کرمی تێدایە،هەندێ باوك زیکرەکە دەخوێنێت بۆ کوڕەکەی کاتی دووپشکە مردارەوە بووەکە دەدات بە منداڵەکەی کاتێك منداڵە.

جا من لێرەدا بەتەواوی شێوەی مارگرم بۆ بەڕێزتان باسکرد بەپێی قسەی ئەو کەسانەی دەربارەی مارگر دەزانن، جا تکامان هەیە لەبەڕێزتان وەڵاممان بدەیتەوە بەمەبەستی نەهێشتنی دوو بەرەکی و لادان و نەهێشتنی کێشە_خوای گەورە بتانپارێزی – والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته.

**وەڵام**: شەیخ–رەحمەتی خوای لێ بێت– فەرمووی: وعلیکم السلام ورحمة الله وبرکاته، ئەم قسانە هیچی ڕاست نین و دروست نییە بایەخیشی پێ بدرێت و بڵاوبکرێتەوە بەڵکو پێویستە لەناو بدرێت.

# لە بەرکردنی ئەڵقەو دەزوو و نموونەی ئەوانە بەمەبەستی دوورخستنەوەو نەهێشتنی بەڵا

لە سەرەتادا، شیرك: ناوێکی (جنس)ـە بچووك و گەورە دەگرێتەوە و لەبەرکردنی ئەو شتانە رەنگە بچووك بێت و رەنگە گەورە بێت بەپێی باوەڕی ئەو کەسەی لەبەری دەکات، جا لەبەرکردنی ئەو شتانە لە جۆرەکانی شیرکە، چونکە هەر کەسێك هۆکارێك بسەلمێنێ کە خوای گەورە نەیکردبێتە هۆکارێکی شەرعی یان قەدەری، ئەوە نەفسی خۆی کردووەتە شەریك لە گەڵ خوای گەورەدا [١].

لە بەرکردنی ئەڵقەو لەو جۆرە، ئەگەر ئەوەی لە بەری دەکات باوەڕی وا بوو کە ئەو شتە کاریگەری هەیە لە خودی خۆیدا جگە لەخوا ئەوە (مشرك)ـە تووشی شیرکی گەورە بووە لە یەکتاپەرستی (الربوبية) چونکە باوەڕی وایە کە لە گەڵ خوای گەورەدا دروستکارێکی تر هەیە، بەڵام ئەگەر باوەڕی وابوو ئەوە تەنها هۆکارێکە و بەڵام لە خودی خۆیدا کاریگەری نییە ئەوا تووشی شیرکی بچووك هاتووە، چونکە باوەڕی وایە کە شتێك هۆکارە کەچی لە خودی خۆیشیدا هۆکار نییە، چونکە ئەو بەشداری کردووە لە گەڵ خودادا لە سەر حوکمدان لە سەر ئەو شتەی گوایە ئەو شتە هۆکارە، کەچی خوای گەورە نەیکردووەتە هۆکار.[٢]

مەبەست لە: (لبس الحلقة والخيط) الحلقة: لە ئاسن دروست دەکرێت یان لە ئالتون یان زیو یان لەو شتانە.

و(الخيط): واتە دەزوو کە دیارو ئاشکرایە.

---

[١] /القول المفيد: ١٨١.

[٢] / القول المفيد: ١٨٢.

مەبەست لە: (ونحوهما) وەکو شتە نەخشینراوەکان، یان کەسێك شتێکی دیاریکراو دروست دەکات لە مس یان لە شتێکیتر بە مەبەستی دوور خستنەوەی بەڵا، یان شتێك لە بەشێکی ئاژەڵ هەڵدەواسێتە خۆیدا، خەڵکی هەن شتێك کە پێی دەڵێن: (القرب البالية) هەڵدەواسنە ئوتۆمبیلەکەی خۆیاندا، یان لەو شێوەیە بە مەبەستی دوورخستنەوەی چاو (چاوەزار) تاکو ئەگەر یەکێك ببینێ چیتر چاوی لێنادات.

مەبەست لە: (لرفع البلاء أو دفعه) جیاوازی نێوانیان ئەوەیە:

(الرفع) لادانی بەڵایە لەپاش توشبوونی.

وە(الدفع) لادانی بەڵایە لە پێش تووشبوونی [1].

لە (عمران ی کوڕی حصین)ەوە ریوایەت کراوە کەوا پێغەمەری خوا (ﷺ) کابرایەکی بینی ئەڵقەیەکی لە دەستدا بوو کە لە زەرتك (یان لە مسی زەرد) دروستکرابوو فەرمووی: ئەمە چییە؟ وتی: بەهۆی ژان و باوە (الواهنة: ئازارێکە تووشی باڵ و شان و دەستەکان دەبێت) فەرمووی:( انْزِعْهَا فَإِنَّهَا لاَ تَزِيدُكَ إِلاَّ وَهْنًا، فَإِنَّكَ لَوْ مِتَّ وَهِيَ عَلَيْكَ مَا أَفْلَحْتَ أَبَداً)[2] واتە: فرێیدە، چونکە ئەوە تەنها سست و لاوازیت (ژان و با)ت لە سەر زیاد دەکات، ئەگەر تۆ بمریت و ئەوەت لە دەستدابێت ئەوا هەرگیز رزگارت نابێت).

مەبەست لە قسەکەی عمران: (رأى رجلاً) ناوەکەی دیاری نەکردووە، چونکە گرنگ روونکردنەوە باسەکە و حوکمەکەیەتی، بەڵام هاتووە لە رێگای تردوە ـ کە ئەو کەسە (عمران) خۆی بووە بە نادیاری باسی خۆی کردووە.

---

[1] / القول المفيد: ١٨٣

[2] / أخرجه أحمد (٤/٤٤٥) وابن ماجه (٣٥٣١) بإسناد ضعيف وأنظر السلسلة الضعيفة (١٠٢٩)

مەبەست لە: (حلقة من صفر، فقال: ما هذا؟ قال: من الواهنة) ئەڵقە و زەرتك (یان مسی زەرد) دیار و ئاشكراو ناسراون، بەڵام (الواهنة) ئازارێكە لە باڵدا یان لە قۆڵدا تووشی مرۆڤ دەبێت.

(ما أفلحت) مەبەست لە: (فلاح) رزگار بوونە لەشتێكی ترسناك و بەدەست هێنانی شتێكی داواكراوە.

ئەم فەرموودەیە بە تەواوەتی شیاوە بۆ ئەم بەش و باسە، چونكە ئەم كابرایە ئەڵقەیەكی لە زەرتك لەدەست كردبوو، یان بۆ دوورخستنەوەی بەڵا یان بۆ لادان و نەهێشتنی، رواڵەتی فەرموودەكە وا دیارە كە بۆ لادانی بەڵا بووە بە بەڵگەی ئەوەی (لاتزیدك إلا وهنا) وزیادەش لە سەر بنەماكەی بنیات دەنرێ[1].

لەبەركردنی ئەڵقەو هاوشێوەكەی بە مەبەستی دوورخستنەوەی بەڵا یان لادانی، لە جۆرەكانی شیركە بە بەڵگەی ئەوەی كە دەفەرموێت:(لو مت وهی علیك ما أفلحت آبداً) وە لە دەستدانی رزگاربوون بەڵگەی خەسارەتمەندی و نائومێدییە.[2]

هەروەها لە (عقبەی كوری عامر)ەوە هاتووە كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( مَنْ تَعَلَّقَ تَمِيمَةً فَلاَ أَتَمَّ اللَّهُ لَهُ وَمَنْ تَعَلَّقَ وَدَعَةً فَلاَ وَدَعَ اللَّهُ لَهُ ) وفي رواية: (من تعلق تميمة فقد أشرك)[3].

---

[1] / القول المفيد: ١٨٥

[2] / القول المفيد: ١٨٦

[3] / أخرجه أحمد (١٥٤) باللفظ الأول بإسناد ضعيف كما في الضعيفة (١٢٦٦) وأخرجه أحمد (١٥٦/٤) باللفظ الثاني وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٣٦٩٤)

مەبەست لە: (فلا أتم الله له) ئەم رستەیە رستەیەکی هەواڵییە (جملة خبرية) بەمانای دوعاو پارانەوە دێت و رەنگە تەنها رستەیەکی هەواڵی بێت، هەردوو بۆچوونەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا (التميمة) حەرامە، جا ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتبێتی خوا کارەکەی بۆ تەواو ناکات یان پاراوەتەوە بۆ ئەوەی کارەکەی بۆ تەواو نەکات، جا ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەبەستی هەواڵدان بووە ئەوا ئێمەش ئەو هەواڵە دەدەین کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوییەتی، ئەگەر نا ئەوا ئێمەش ئەو دوعاییە دەکەین کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردوویەتی، هەروەکو ئەو فەرموودەیە کە دەفەرموێت: (وَمَنْ تَعَلَّقَ وَدَعَةً فَلاَ وَدَعَ اللَّهُ لَهُ)[1].

(ابن أبي حاتم) ڕیوایەتی کردووە کە (حذيفة) کابرایەکی بینی دەزوویەک لەدەستدا بوو بەمەبەستی (تا) ئەویش بڕیو ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾﴾ يوسف) واتە: خۆ بەشی زۆری ئەو خەڵکەش کە باوەڕ دێنێت هەر موشریك و بتپەرستە! چاك دەزانن کە خوا دروستکەری بوونەوەرە، کەچی لە گەڵ ئەوەشدا بتەکانیش دەپەرستن!).

وە (الودعة) تاکی (ودع)ـە ئەویش بریتییە لەو بەردانەی کە لەدەریاکان دەردەهێنرێتو هەڵیدەواسن بە مەبەستی دوورخستنەوەی چاو (چاوەزار) وە بڕوایان وایە هەر کەسێك یەکێك لەوانە هەڵواسێت ئەوا چیتر توشی چاو نابێتو توشی جنوکە نابێت.

مەبەست لە: (لا ودع الله له) واتە: خوای گەورە لە ئارامی و پشوودا بەجێی نەهێڵێت، جا دژی پشوو و ئارامی دڵە راوکێ و ئازارە.

---

[1] / القول المفيد: ١٨٧

وە دەڵێن: خوای گەورە هیچ خەیرێکی بۆ جێنەهێڵێت، بۆیە بە دژی مەبەستی هەڵسوکەوتی لە گەڵدا کرا.

مەبەست لە: (فقد اشرك) ئەو شیرکە دەبێتە شیرکی گەورە ئەگەر باوەڕی وابێت ئەو شتە لەخودی خۆیدا بەڵا دوور دەخاتەوە یان لایدەدات بە بێ فەرمانی خوا، ئەگەر نا ئەوا شیرکی بچوکە.

مەبەست لە: (من الحمی) ئەو (من)ـە لێرەدا پێی دەڵێن: (السببیة) واتە هۆکاری، واتە دەزووێەکی لەدەستدا بوو بە هۆی ئەوەی تایەکەی لەسەر لابدات یان شیفایی بدات لەو( تا)یە.

مەبەست لە: (فقطعه) واتا: دەزووەکەی بڕی، ئەم جۆرە کرداڕە لەو جۆرەیە کە بریتییە لە گۆڕانی خراپە بەدەست.[1]

[1] / القول المفید: ١٨٨.

# نوشتە و چاوەزار و جادوو

(الرقی) کۆی (رقیة)یە ئەویش بەمانای خوێندنەوە دێت،(التمائم)کۆی (تمیمة)یە، پێی دەڵێن: (التمیمة) چونکە وا دەزانن کە بەهۆیەوە بە هەموو شێوەیەک چاو لادەدات و نایهێڵێت.

لە(صحیح)دا هاتووە لە (ابو بشیر الأنصاری) یەوە: (أَنَّهُ كَانَ مَعَ النبي (ﷺ) فِي بَعْضِ أَسْفَارِهِ، فَأَرْسَلَ رَسُولاً: لاَ يَبْقَيَنَّ فِي رَقَبَةِ بَعِيرٍ قِلاَدَةٌ مِنْ وَتَرٍ -أَوْ قِلاَدَةٌ- إِلاَّ قُطِعَتْ)[1] واتە: ئەو لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بوو لە هەندێ لە سەفەرەکانیدا، نێردراوێکی نارد: کە بە گەردنی هیچ وشترێکەوە هیچ گەردنبەندێکی (ملوانکەیەکی) دەزوو نەهێڵێیت -یان ملوانکە-ئیللا ببیچڕێت[2].

نابێت و دروست نییە هیچ شتێک هەڵواسرێتە گەردنی وشتردا بە مەبەستی ئەوەی بکرێتە هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی قازانج یان دوورخستنەوەی زیان، ئەوەش نابێت، نە وەکو شەرع و نە وەکو قەدەر چونکە ئەوە شیرکە، مەرجیش نییە ئەو گەردنبەندانە لە گەردندا بێت بەڵکو لە دەستدا بێت یان لە پێدا بێت ئەوا حوکمی گەردنی هەیە، چونکە عیللەتەکە هەڵواسینی ئەو گەردنبەندانەیە نەک جیگاکەی، جیگاکەی کاریگەری لە سەر حوکمەکەی نابێت [3].

لە (ئیبن مەسعود)ەوە ریوایەت کراوەو دەڵێت: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ﴿ إِنَّ الرُّقَى وَالتَّمَائِمَ وَالتِّوَلَةَ شِرْكٌ﴾[4].

---

[1] / قال الشيخ الألباني: ( صحيح ) انظر حديث رقم: ٧٢٠٧ في صحيح الجامع

[2] /القول المفيد: ١٩٤.

[3] / القول المفيد: ١٩٦.

[4] / رواه أحمد وأبو داود.

(التولة) بریتیە لە شتێك دروستی دەكەن وا دەزانن و باوەڕیان وایە كە ژن خۆشەویست دەكات لای مێردەكەی یان پیاو لای ژنەكەی.

مەبەست لە: (التولة) لە فەرموودەكەدا شتێكە هەڵیدەواسن بە قەد پیاودا، وا دەبینن ژن خۆشەویست دەكات لای پیاوەكەی یا خود پیاو لای ژنەكەی، ئەمەشە شیركە چونكە نە هۆكارێكی شەرعییە و نە قەدەرییە بۆ خۆشەویستی، لە نموونەی ئەوە ئنگستیلەیە (الدبلة) .

(الدبلة) ئەموستیلەیەكە لە كاتی هاوسەرگیریدا دەسنرێت و دەكرێتە دەستی پیاو، ئەگەر پیاوەكە فرێی بدات ژنەكە دەڵێت: كە ئەو خۆشی ناوێت، جا ئەوان باوەڕیان وایە قازانج و زیان دەگەیەنێت، دەڵێن: ئەو شتە تاوەكو لە دەستی پیاوەكەدا بێت ئەوە مانای وایە پەیوەندی نێوانیان دامەزراوە، هەروەها بە پێچەوانەوە (ئەگەر كرایە دەستی ژنەكە) جا ئەگەر ئەو نیەتە هەبوو ئەوا شیركی بچووكە، ئەگەر ئەو نیەتە نەبوو (ئەمەش ئەگەرێكی دوورە) ئەوە خۆلێكچوونی گاورەكانی تێدایە، چونكە ئەوە لەوانەوە وەرگیراوە، ئەگەر لە ئاڵتون دروستكرا بوو ئەوە بەنیسبەت پیاوەوە قەدەغەكراوی سێیەمی تێدایە –مەبەستی پاش شیرك و شوبهاندنەكە– كە ئەویش لە بەركردنی ئاڵتونە، جا ئەوە یان شیركە یان خۆچواندنە بە گاورگان یان كەووتوتە ناو حەرامێكەوە ئەگەر پیاو بوو، بەڵام ئەگەر ئەوەی تێدا نەبوو ئەوە دروستە چونكە تەنها ئنگستیلەیەكە لە ئنگستیلەكان [1].

[1] / القول المفید: ١٩٩ , ٢٠٠.

ئیمامی ئەحمەد لە (رویفع) ەوە ریوایەتی کردووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموم: (يَا رُوَيْفِعُ، لَعَلَّ الْحَيَاةَ سَتَطُولُ بِكَ، فَأَخْبِرِ النَّاسَ: أَنَّ مَنْ عَقَدَ لِحْيَتَهُ أَوْ تَقَلَّدَ وَتَرًا أَوِ اسْتَنْجَى بِرَجِيعِ دَابَّةٍ أَوْ عَظْمٍ فَإِنَّ مُحَمَّدًا بَرِيءٌ منه)[1].

مەبەست لە: (أو تقلد وتراً)، ( الوتر) بریتییە لە دەزوویەك یان کشتەکێك لە (عصب) دروستکراوە لە جەستەی مەڕ وەردەگیرێ وە بۆ کەوان دەبەستێت بەکاری دەهێنن بۆ گەردنی وشترو ئەسپەکانیان یان لەملی خۆیان، بڕوایان وایە لە چاو دەیانپارێزێت (چاوەزارە) ئەمەش جۆرێکی شیرکە.

(أو استنجى برجيع دابة) وشەی (الأستنجاء) لە وشەی (النجو)وە وەرگیراوە، ئەویش بریتییە لە لادانی شوێنەواری ئەوەی لە پاش و پێشەوەی مرۆڤ دەردەچێت، چونکە مرۆڤ لە پاش سەرئاو خۆی پاك دەکاتەوە و شوێنەوارەکەی ناهێڵێت.

وە(رجيع الدابة) پاشەڕۆکەیەتی (تەرس).

مەبەست لە: (أو عظم) ئێسك دیار و رووتە، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی بەری کردووە لەوەی بەو دوو شتە خۆی پاك دەکاتەوە، چونکە تەرس خواردنی ئاژەڵی جنۆکەیەوە ئێسکیش خواردنی خۆیانە، لە گۆشت باشترە بۆیان، هەر تاوانێك بەسترا بەبەری بوونی خاوەنەکەی (بکەرەکەی) ئەوا لە تاوانە گەورەکان دەژمێردرێت، هەروەکو لای زانایان ئاشکرا و دیارە.

بەڵگەو مەبەست لەم فەرموودەیە ئەو وتەیەیە کەدەفەرموێت: (من تقلد وتراً)[2].

---

[1] / قال الشيخ الألباني: ( صحيح ) انظر حديث رقم: ٧٩١٠ في صحيح الجامع

[2] / القول المفيد: ٢٠٤ , ٢٠٥.

کەواتە (التمائم): لە یەکێك لەم سێ حاڵەتە بە دەرنییە:

حاڵەتی یەکەم: شیرکو تەلەسمی تێدا بنوسێت، ئەمە حەرامە بە کۆڕای زانایان، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (لا بأس بالرقی ما لم تکن شرکاً)[1] جا چۆنە ئەگەر نوشتە (التمائم) بێت؟ بێ گومان نوشتە توندترە.

حاڵەتی دووەم: ئەگەر نەزانین چی تێدا نوسراوە، ئەمەش حەرامە، چونکە رەنگە شتێکی تێدا نوسرا بێت، شیرك بێت لە دوعای جنۆکە یان شەیتانەکان یان شتی تر بۆیە حەرام دەبێت.

حاڵەتی سێیەم: بزانین ئەوەی تێیدا نوسراوە قورئانە یان لە دوعاکانی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، ئەمە جیاوازی تیدایە لە نێوان پێشین و پاشیندا (سلف و خلف) هەندێکیان بە دروستی دەزانن بە بەڵگەی گشتگیری ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٨٢﴾﴾الاسراء) واتە: ئێمە لەم قورئانەدا بۆ تۆمان ناردووە ئەی موحەممەد گەلێ ئایەت و سوورەت دادەبەزێنین کە مایەی شیفاو چاك بوونەوەیە لەنەخۆشی نەفامیو گومڕاییو سەرلێشێواوی دڵەکان، رەحمەت و بەزەییو میهرەبانیشە بۆ خەڵکانی بڕوادار).

دەڵێت: (ما هو شفاء) کە رەهایە لە پاش ڕوونکردنەوە، جا هەموو شتێك لە قورئاندا مرۆڤ بیکاتە چارەسەر ئەوە حەق و دروستەو بە دروستی دەزانن.

هەندێ لەزانایان بەدروستیان نەزانیوە دەڵێن: مەکروهە. کەراهەتی تەحریم یان کەراهەتی تەنزیە، لەبەر گشتگیری نەهی کردن لەهەڵواسینی(نوشتە) (إن الرقی

[1] / صحیح: شرح العقیدة الطحاویة: (٥٧٠).

والتمائم والتولة شرك) بۆیە دەبێتە شتێکی قەدەغەکراو. وە هەندێکیان دەڵێن: کەراهەتی تەنزیهە و هەندێکیان دەڵێن: کەراهەتی تەحریمە.

بێگومان ئێمە ئەگەر کردمانە بەشێك لەجۆرەکانی شیرك ئەوا دەبێتە حەرام. چونکە شیرك بچووك و گەورەکەی حەرامە. هۆیەکەی ئەوەیە ئەگەر مرۆڤێك هەڵیواسی ئەوا دڵی پەیوەست دەبێتو خوێندنەوە شەرعی و دوعا شەرعیەکانی لە بیردەباتەوە، ڕەنگە دڵی پەیوەست ببێت پەیوەستییەکی تەواو تاکو دروستکارەکەی لە بیردەباتەوە. بۆیە لەشەرعدا نەهی لێکراوە.

بەڵام کەراهەتە لەسەر قسەی (النخعي) کە دەڵێت: ئەوان بە مەکروهیان دەزانی. جا کەراهەت لەعورفو عادەتی پێشوی پێشینی ئەم ئوممەتەدا بۆ حەرام بوونە ئیللا مەگەر بەئاشکرا بڵێن ئەوە کەراهەتی تەنزیهە. بەڵام کەراهەت لای زانا پاشینەکان لەپاش ئەوەی (اصول الفقه)یان نوسییەوە چەند کتێبێکیان نوسی و چەندین لقی لێ بووەوە. ئەوا کەراهەت لایان بۆ تەنزیهەو بۆ حەرامبوون نییە. ئەوەی من دەبینم ئەو نوشتانەی کە لە قورئان دەنوسرێتەوە دوور کەوتنەوە لێی باشترەو لەپێشترە بەڵام حەرام نییە. فەرمودەکە لەسەر یەکێك لەو دوو حاڵەتە یەکەمەکە وەردەگیرێت.

# تەبەڕوککردن بەدارو بەردو هاوشێوەکانیان

هەندێ بە پیرۆز زانینو بە بەرەکەت زانین هەیە کەچی ناڕەوایە، هەروەکو ئەوەی فالچییەکان (دەججالەکان) دەیڵێن: فلان کەسی مردوو کەوا دەزانن خۆشەویستی خوایە بەرەکەتی خۆی یان هاوشێوەی دابەزاندوە بەسەرتاندا، جا ئەو بەرەکەتە ناڕەوایەو هیچ کاریگەری نییە، ڕەنگە شەیتان ڕۆڵی هەبێت لەم کارەدا، بەڵام لەوە دەرناچێت کە کاریگەری هەست پێکراوی هەیە، بەشێوەیەک شەیتان خزمەتی ئەو شەیخە دەکات ئا بەو شێوەیە تووشی فیتنەی دەکات.

بەڵام ئەگەر لەگەڵ قورئان و فەرموودەدا جیاواز بوو یان بانگەواز بۆ ناڕەوایی دەکات، ئەوا بەرەکەتەکەی نادیارە، ڕەنگە شەیتان یارمەتی بدات بۆ ناڕەوایەتییەکەی. وەکو ئەوەی هەندێکیان گوایە لەگەڵ خەڵکیدا لەعەرەفەدا ڕادەوەستێت ئەمجار دێت بۆشارەکەی خۆی و لە گەڵ خەڵکی شارەکەی خۆیدا قوربانی دەکات.

(شیخ الاسلام ابن تیمیة) دەفەرموێت: شەیتانەکان هەڵیاندەگرن بۆ ئەوەی خەڵکی پێ بخاڵفێنن، ئەوانە کەوتونەتە ناوچەندین سەرپێچییەوە، لەوانە: تەواو نەکردنی حەجەکانیان و لەوانە بە (میقات)دا تێدەپەڕن و ئیحرامەکەیان نابەستن.

مەبەست لە: (شجر) ناوێکی (جنس)ـە، بۆیە هەموو دارێك دەگرێتەوە، یەکێك لەچاکەو حەسەناتەکانی ئەمیری ئیمانداران (عومەری کوڕی خەتتاب) ئەوەیە کاتێك بینی خەڵکی دەچن بۆ لای ئەو دارەی بەیعەی (رضوان)ی لەژێردا ئەنجام درا فەرمانی بەبڕینی کرد.

مەبەست لە: (وحجر) ناوێکی (جنس)ـە بۆیە هەموو بەردێك دەگرێتەوە تەنانەت ئەو بەردەی کە لە (بیت المقدس)دایە، بۆیە نابێت تەبەڕوکی پێوە بکرێت، هەروەها

بەردە ڕشەکەش نابێت تەبەڕوکی پێوە بکرێت، بەڵکو دەبێت خوای گەورە بپەرستێت بە دەست لێدان و ماچ کردنی، هەروەکو شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و توشی بەرەکەتی پاداشت دەبیت، بۆیە عومەر فەرمووی: (إني أعلم أنك حَجَرٌ لا تنفع ولا تضرّ، ولولا أني رأيت رسول الله (ﷺ) يقبِّلك؛ ما قبَلتك)[1] واتە: من دەزانم تۆ تەنها بەردێکی هیچ سوودێك ناگیەنیت و هیچ زیان ناگەیەنیت و ئەگەر نەمبینیبایە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ماچی دەکردی ئەوا منیش ماچم نەدەکردی).

جا ماچکردنی پەرستنێکی پوختو بێگەردە بەجیاواز لەگەڵ هەموواندا کەوا دەزانن بەرەکەتێکی هەستپێکراوی هەیە، بۆیە ئەگەر یەکێك لەوان دەستی لێبدات ئەوا هەموو جەستەی پێدا دەسڕێت وەکو تەبەڕوك پێکردنێك.

مەبەست لە: (ونحوهما) واتە: وەك: خانوو، قوبە، بەرد، تەنانەت بەردەکەی سەر قەبری پێغەمبەری خوا (ﷺ)، نابێت دەستی پێدا بسڕیت وەکو تەبەڕوکێك، بەڵام ئەگەر کەسێك دەستی دا لە ئاسنەکە تا بزانێت ئاسنەکە لووسە یان نا ئەوا هیچ تاوانبار نابێت، ئیللا مەگەر بزانێت خەڵکی چاوی لێدەکەن و ئەوانیش دەیکەن ئەوا بادەستی لێ نەدات.

[1] / صحيح: صحيح أبي داود (١٦٣٨).

# حوکمی هەڵواسینی نوشتە

ئەم مەسەلەیە مەبەستم هەڵواسینی (الحجب والتمائم) دەکرێتە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: ئەوەی هەڵواسراوە لە قورئان بێت، ئەم مەسەلەیە زانایانی پێشین و پاشین تێیدا جیاوازن. هەندێکیان بە دروستی دەزانن و دەچێتە ژێر رۆشنایی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴿٨٢﴾﴾ الاسراء) واتە: ئێمە لەم قورئانە دا بۆ تۆمان ناردووە ئەی موحەممەد گەلێ ئایەت و سوورەت دادەبەزێنین کە مایەی شیفاو چاك بوونەوەیە لەنەخۆشی نەفامیو گومڕاییو سەرلێشێواوی دڵەکان، ڕەحمەت و بەزەییو میهرەبانیشە بۆ خەڵکانی بڕوادار لەگەڵ ئەمەیشدا بۆ ستەمکاران و خوانەناسان جگە لەمە کە دەبێتە مایەی زیان بۆیان و پتر یاخیبوونیان شتێ تر زیاد ناکات بۆیان چونکە خۆیان ئامادە نین هیچ سوودێکی لێ وەرگرن!).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٩﴾﴾ ص) واتە: ئەمە کتێبێکە پیرۆز، دامان بەزاند بۆ تۆ ئەی موحەممەد تا ئەوانە لەئایەتەکانی ڕابمێنن و فامیدەو ژیرەکانیش ئامۆژگاری لێ وەرگرن).

جا هەر لە بەرەکەتی قورئانە کە هەڵبواسرێت لەبەر دوورخستنەوەی خراپە.

وە هەندێکیان ڕێگریان لێکردووە و دەڵێن: هەڵواسینی لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) نەهاتوە کە هۆکارێکی شەرعی بێت بو دوورخستنەوە و لادانی خراپە، ئەصل و بنەماش لەمەدا کە لێی ڕاوەستین، ئەم ڕایەش (راجح)ـە پەسەندترە کە

دروست نییە (تمائم) هەڵواسرێت هەرچەندە لە قورئانیش بێت، هەروەها دروست نییە بخرێتە ژێر سەرینی نەخۆشەکە یان هەڵبواسرێت بە دیواردا یان لەو شێوانە، بەڵکو دەبێ دوعا بۆ نەخۆشەکە بکرێت و قورئانی بەسەردا بخوێنیت هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەنجامی دەدا.

**بەشی دووەم:** ئەوەی هەڵواسراوە جگە لە قورئان بێت کە لە ماناکەی تێناگەین ئەوا بە هەموو شێوەیەک دروست نییە، چونکە نەزانراوە چی تێدا نوسراوە، چونکە هەندێ کەس هەن تەلەسم و شتی ئالۆز دەنوسن، هەندێ پیتی تێکەڵ بە یەکتر، یان زۆر ئەستەمە بزانیت چییە یان بتوانیت بیخوێنیتەوە، جا ئەم جۆرە بیدعەیە و حەرامە و بە هەموو شێوەیەک دروست نییە. والله أعلم.

# حوکمی پیرۆزبایی کردن لەگاورەکان لەجەژنەکانیاندا

ئەوەی نوسیومانە لەحوکمی پیرۆزبایی کردن لە گاورەکان لەجەژنەکاندا بڵاوکردنەوەی کارێکی پێویست و داواکراوە، جا داوا لە خوا دەکەین پاداشتی ئەوانە – کە بڵاویان کردووەتەوە– بداتەوە تاکو موسڵمانان چاوپوون بکەنەوە کەوا پیرۆزبایی کردن لەگاورەکان لەجەژنەکانیاندا کارێکی حەرامە، ئەو کارە بەکۆڕای زانایان حەرامە، هەروەکو ابن القیم ئەو کۆڕایەی گواستوەتەوە لەکتێبی (أحکام أهل الذمة) چونکە ئەو کەسەی پیرۆزباییان لێ دەکات پیرۆزباییان لەسەر دروشمەکانی کوفر دەکات هەروەکو ئەوەی پیرۆزباییان لێ دەکات بەپەرستنی خاچەکانیان، یان پیرۆزباییان لێ دەکات بەخواردنی بەراز یان خواردنەوەی مەی یان لەو شێوانە، جا بڵاوکردنەوەی تاوەکو خەڵکی حوکمی شەرعی بزانێت وە تاوەکو لەخۆبایی نەبن و ئەو کارە درێژە بەسەریدا تێنەپەڕێت، بەڵێ ئەوە کارێکی باشەو– واتە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی حوکمی ئەو کارە– پاداشتی لەسەر دەدرێتەوە – إن شاء الله – وەبەشداری کردن لەجەژنەکانیاندا بەپیرۆزبایی ودروست کردنی خواردن و لەو شێوانە ئەوەش حەرامە، هەرچەندە لەپیرۆزبایی کردن کەمترە بەڵام هەر حەرامە، بۆیە رێگەیان لێ دەگیرێت لە ئاشکراکردنی دروشمی جەژنەکانیاندا لەوڵاتی موسڵمانانداو و دروست نییە دروشمەکانی دینەکەیان لەوڵاتی موسڵمانانداو ئاشکرا بکەن.

## حوکمی تێکەڵ بوون لەگەڵ بێ باوەڕاندا لەکاتی کارکردندا، ئایا پێویستە لەسەرمان بانگەوازیان بکەین بۆ ئیسلام؟

پێویستە لەسەر موسڵمان سوود لە هەلەکان وەرگرێت لەهەموو شوێن و لەهەموو کاتێکدا بۆ بانگەواز بۆ دینی خوا بە مەبەستی دەستکەوتنی پاداشتێکی گەورەی، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (والله لئن يهدي الله بك رجلا واحدا خير لك من حمر النعم )[1]. واتە: سوێند بە خوا ئەگەر تەنها یەك كەس خوای گەورە بە هۆی تۆوە هیدایەتی بدات ئەوا باشترە بە دەستهێنانی چەندین حوشتری سوور).

حوشتری سوور باشترین جۆری سامان بوە لەناو عەرەبدا، جا ئەگەر هەر هەلێکی بۆ رەخسا ئەوا با بانگەوازی بکات بۆ ئیسلام تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد کەسێکی کافری بانگهێشت بکات بۆ ماڵەکەی خۆی‌و چەند کاسێت و کتێبێکی پێ بەخشی کە بانگەواز بۆ دینی خوای تێدایە و بانگی کرد بۆ ئیسلام، جا ئەمە خەیرو چاکەیە، بەڵام بە نیسبەت تێکەڵ بوون لەنەخۆشخانەکاندا ئەمە پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە لەسەرەوە، تەنها فەتوای بەس نییە وە دەبێ ئەم کارە چارە بکرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی باڵاوە، ئێمە خۆمان چارەمانکردو جگە لە ئێمە چارەیانکرد، بەڵام هەموو شتێك کۆتاییەکی هەیە، داوا لەخوا دەکەین ئاسانکاری بکات بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەی تایبەت بە ژنان و نەخۆشخانەی تایبەت بە پیاوان، ئەم کارەش گران نییە بەڵام خوای گەورە هەموو شتێك قەدەرێکی بۆ دیاری کردووە، داوا لەخوا دەکەین کار ئاسان بکات تاکو بگەیەنە ئەو حاڵەتە کە دوورکەوتنەوە لەفیتنەی تێدایە و ڕازی بوونی هەموو خەڵکیی تێدایە.

---

[1] / صحيح: اخرجه البخاري ومسلم.

# ناوەڕۆك

کورتەیەك لە ژیاننامەی شەیخ (محمد بن صالح العثیمین): ..... ٥
دەربارەی جیاوازی ئوممەتی پێغەمبەر(ﷺ) لەپاش خۆی ..... ١٠
دیارترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵەی ڕزگاربوو ..... ١٢
ئایە کەمبوونی ئەو تایبەتمەندییانە مرۆڤ لە کۆمەڵە ڕزگاربوەکە دەردەکات؟ ..... ١٤
ناوەندی بوون لە دیندا ..... ١٨
مانای بیدعەو بنەماکانی، ئایا بیدعەی حەسەنە هەیە؟ ..... ٢١
ئایە مانای ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) چییە کە دەفەرموێت:(من سن فی الاسلام سنه حسنه) ..... ٢١
یەکتاپەرستی و بیروباوەڕ فەزڵی یەکتاپەرستی ..... ٢٤
هاوەڵبڕیاردان بۆ خوا ..... ٣٠
سوێند خواردن ..... ٣٦
چوار ئاکار لەم ئوممەتەدا هەن لە کاروباری سەردەمی نەفامین و وازی لێ ناهێنن ..... ٤٢
بەدرۆ خستنەوەی قەدەر ..... ٥٢
لە باسی قەدەردا دوو کۆمەڵ گومڕابوون: ..... ٥٥
حوکمی ئەو کەسەی بانگەشەی زانینی عیلمی غەیب دەکات ..... ٥٨
حوکمی ئەو کەسەی باوەڕی وایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوورێکە لە نووری خواو مرۆڤ نییەو عیلمی غەیب دەزانێت ..... ٦٠
حوکمی کەسێك بڵێت: خوا لە هەموو شوێنێکە ..... ٦٣
حوکمی ئەو کەسەی دەڵێت:خوای گەورە لەسەر عەرشەکەی ئیستوای کردووە بەشێوەیەکی هێمایی (رمزی) ..... ٦٤
ئایا دروستە مرۆڤ داوا لەخوا بکات هیدایەتی شەیتانەکەی بدات؟ ..... ٧٠
حوکمی خزمەتکردنی مرۆڤ لە لایەن جنۆکەوە ..... ٧٠
حوکمی ئەو کەسانەی لە ڕێگای تەلەسمەوە جنۆکە ئامادە دەکەن کە دەیڵێن و وایان لێ دەکەن گەنجینەی شاردراوی ژێر زەوییان بۆ دەربهێنن ..... ٧٢

حوکمی ئەوکەسەی نکۆڵی لە ژیانی دوارۆژ دەکات و باوەڕی وابێت ئەوە لە ئەفسانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە ..... ٧٤
حوکمی ئەو دوودڵییەی هەندێ جار تووشی موسڵمانان دەبێت لە بارەی دینەوەو یان چەند بوارێکی تریەوە. ..... ٨٢
حوکمی رازی بوون بە قەدەر ..... ٨٥
ئایە پاڕانەوە قەزا دەگێڕێتەوە؟ ..... ٨٧
حوکمی ئەو کەسەی کاتێک بانگ دەکرێت بۆ حەق دەڵێت خوای گەورە هیدایەتی بۆ نەنوسیوم ..... ٨٨
ئایە چۆن مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت؟ ..... ٨٨
حوکمی کەسێک لە کاتی ڕووداتی موصیبەتدا پەست دەبێت ..... ٩٠
سەربڕین بۆ جگە لە خوا ..... ٩٣
سەربڕین لە جێگایەکدا کە سەربڕینی بۆ جگە لە خوای تێدا ئەنجام دەدرێت ..... ٩٩
حوکمی سەربڕین بۆ جگە لە خوا ..... ١٠١
حوکمی خواردنی ئەوەی بۆ جگە لەخوا سەربڕاوە ..... ١٠٤
نزرکردن بۆ غەیری خوا ..... ١٠٦
ئایە کەسێ جنێوی بە خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) دابێت تەوبەی وەردەگیرێت؟ ..... ١٠٨
بە کافردانانی خودی کەسێکی دیاری کراو ئەگەر کوفرێکی ئەنجام دا ..... ١١١
مەرجەکانی حوکمی کافربوون بەسەر موسڵمانێکدا_وە حوکمی کەسێک شتێکی کوفری ئەنجامدا بە گاڵتەوە ..... ١١٢
بۆ حوکمدان بە بەکافردانانی موسڵمان دوو مەرجی هەیە: ..... ١١٢
حوکمی کەسێک نەزانێت داواکردن لە جگە لە خوا شیرکە ..... ١١٤
حوکمی عوزر هێنانەوە بۆ ئەو شتانەی پەیوەندیان بە بیروباوەڕەوە هەیە ..... ١١٦
حوکمی کەسێک حوکم بە قورئان ناکات ..... ١٢٤
ئایە هیچ جیاوازییەک هەیە لە مەسەلەیەکی دیاریکراودا کە (قاچی) حوکمی پێ دەکات بە جگە لەوەی خوای گەورە دابەزاندووەو لە نێوان ئەو مەسەلانەی کە بە یاسایەکی گشتی دادەنرێت؟ ..... ١٣٢
حوکمی گوێڕایەڵی ئەو حاکمەی بە قورئان و فەرموودەکان پێغەمبەر (ﷺ) حوکم ناکات.... ١٣٧

دواین فەتوای شەیخ لە بارەی حوکم کردن بە جگە لە قورئان ..... ١٣٩
حوکمی کەسێك جنێو بە دین بدات لە کاتی تۆپە بوونداِ ئایە کەفارەتی لە سەرە؟ .....١٤٢
حوکمی گاڵتەکردن بە خوای گەورە یان پێغەمبەرەکەی(ﷺ)ِیان سوننەتەکەی..... ١٤٧
حوکمی گاڵتەکردن بەو کەسانەی دەستیان بە فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەیەوە (ﷺ)
گرتووە.....١٥٠
حوکمی مانەوە لە نێو کۆمەڵێکدا جنێو بە خوا دەدەن.....١٥٢
حوکمی داواکردن لە دروستکراوەکان (المخلوق) ..... ١٥٣
حوکمی کەسێك پارێزگارێ لە نوێژ و رۆژوو دەکات و رواڵەتی سەقامگیر و بەردەوامە بەڵام ئەو
چەند کۆرپێکی هەیە تیایدا داوا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و عبدالقادر دەکات.....١٥٤
حوکمی داواکردن لە مردوەکان.....١٥٧
پەناگرتن بە غەیری خوا لە شتێکدا توانای نەبێت.....١٦٠
پەناگرتن بە غەیری خوا یا داوا کردن لە جگە لە ئەو لە شتێك لە توانایدا نەبێت.....١٦٢
زیادەڕەوی کردن لەپیاوچاکان و گۆڕەکانیان .....١٧٢
تەوەسول کردن بە دوعای پیاوچاکان.....١٨٥
تەوەسول کردن بەکارە چاکەکانەوە .....١٨٦
حوکمی کەسێك چییە هاوار دەکاتە جگە لە خوا و باوەڕی وایە ئەو کەسە یەکێکە لە
خۆشەویستانی خوا؟.....١٨٧
ئایە نیشانەی خۆشەویستانی خوا چییە؟ .....١٨٧
حوکمی ئەو کەسانەی بە ئاسن و چەك لە خۆیان دەدەن و پێی کاریگەر نابن و دەڵێن ئەوان
ئەولیای خوا .....١٩٠
جادوو (السحر) .....١٩٢
حوکمی فێربوونی سیحر .....٢٠٠
حوکمی پووچەڵکردنەوەی سیحر لەو کەسەی سیحری لێ کراوە (النشرە) .....٢٠٣
حوکمی (ئاشتکردنەوەی) ژن و پیاو بە سیحر.....٢٠٥
حوکمی پرسیارکردن لە فاڵچی .....٢٠٥
کاهینەکان و حوکمی چوون بۆ لایان.....٢٠٦

حوکمی خۆشویستنی بێ باوەڕان و دۆستایەتی کردنیان ..... ٢٠٩
حوکمی خۆشویستنی بێباوەڕان و پێشخستنیان بەسەر موسڵمانانداا ..... ٢١٣
بەکار هێنانی وشەی (صدفه)..... ٢١٥
ناونانی هەندێ گوڵ بە (عبّاد الشمس) چونکە لەکاتی پۆژئاوابوون و پۆژهەڵاتندا پوو لەپۆژ
دەکات ..... ٢١٦
حوکمی ئەو نوشتانەی ئایەتی قورئانیان تێدایە و دەڵێت: بیکە ژێر سەرینەکەت یان تەپی بکە و
ئاوەکەی بخۆرەوە ..... ٢١٧
حوکمی مارگر (الحاوی) ..... ٢١٩
لە بەرکردنی ئەڵقەو دەزوو و نمووندی ئەوانە بەمەبەستی دوورخستنەوەو نەهێشتنی بەڵا ...٢٢١
نوشتە و چاوەزار و جادوو..... ٢٢٦
تەبەڕوککردن بەدارو بەردو هاوشێوەکانیان ..... ٢٣١
حوکمی هەڵواسینی نوشتە..... ٢٣٣
حوکمی پیرۆزبایی کردن لەگاورەکان لەجەژنەکانیاندا ..... ٢٣٥
حوکمی تێکەڵ بوون لەگەڵ بێ باوەڕاندا لەکاتی کارکردندا، ئایا پێویستە لەسەرمان بانگەوازیان
بکەین بۆ ئیسلام؟..... ٢٣٦
ناوەڕۆك..... ٢٣٧

**شەیخ (محمد بن صالح العثیمین) دەڵێت:**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕیوایەتێکدا هەواڵی پێ داوین کە جوولەکەکان بوونەتە حەفتا و یەك کۆمەڵەوە و گاورەکان بوونەتە حەفتا و دوو کۆمەڵەوە و ئەم ئوممەتە دەبێتە حەفتاو سێ کۆمەڵەوە؛ ئەم کۆمەڵانە هەمووی لە ئاگردان تەنها یەکێکیان نەبێت؛ ئەویش ئەو کۆمەڵەیە لەسەر ئەو بەرنامە و ڕێگەیەن کە پێغەمبەری خواو (ﷺ) هاوەڵانی لەسەری بوون، جا ئەم کۆمەڵەیەش کۆمەڵەی ڕزگاربوون، لە دونیادا لە بیدعە ڕزگاریان بووە و لە قیامەتیشدا لە ئاگر ڕزگاریان دەبێت، هەر ئەم کۆمەڵەیەش کۆمەڵەی سەرکەوتون تاکو ڕۆژی قیامەت، کە بەردەوام دیارن و بە بەکار و فەرمانی ئەم دینە هەستاون.


هەولێر - بازاڕی زانست
www.nareenpub.com
nareenpub@gmail.com
+964 750 406 4610
بڵاوکراوەی نارین



9 781773 221977